## شیشی کارگەی ستیل 100دۆلار لە تورکیا هەرزانترە

**ڕووداو-هەولێر**

کارگەی ستیلی هەولێر، کە سەرەتای ئەمساڵ بە 200تۆن ڕۆژانە دەستی بەبەرهەمهێنان کرد، ئێستاش بەرهەمی بووەتە 300تۆن ڕۆژانە، بڕیارە تا سێ مانگی دیکە بەرهەمی ڕۆژانەی بگەیێنێتە 600 تۆن.ئێستا 480 کرێکار و ئەندازیاری نێوخۆیی و دەرەوە کاری تێدادەکەن، دەیەوێ کرێکارەکانی زیاد بکات بۆ 600کەس وزیاتریشیان نێوخۆیی بن.

سەبری ئۆزەل بەڕێوەبەری کارگەکە گوتی ئێمە ڕۆژانە تەماشای نرخی شیش لەبۆرسەی جیهانی دەکەین و 100 دۆلار لە نرخی ناو تورکیا لە هەولێر هەرزانتری دەفرۆشین. ئۆزەل گوتی ئەوان هیچ داوایەکیان لە حکومەتی کوردستان نییە جگە لە ڕێگەگرتن لە چوونی سیکراب بۆ ئێران.

**لاپەڕەی ئابووری**



## "بەغدا بەچکە چکە پارە بۆ کوردستان دەنێرێت"

**ڕووداو-هەولێر**

د.دلێر شاوەیس سەرۆکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"حکومەتی بەغدا نایەوێت بەشی کوردستان لە بودجەی تەواوکاری ڕەوانە بکات و بودجەی مانگانەش بەچکە چکە دەدات و وەک داگیرکەرێک سەیری کوردستان دەکات و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات".هەروەها ڕەشید تاهیر، بریکاری وەزیری داراییش ڕایگەیاند "بۆ دانی زیادەی مووچەی 6 مانگی یەکەمی ئەمساڵی کوردستان پێویستمان بە 790 ملیار دینارەو چاوەڕێی بەغداین".

**بڕوانە لاپەڕە (3)**



## کچان ئامەدیان هێنایە سەما

**ڕووداو-ئامەد**

لە چوارچێوەی یەکەمین فیستیڤاڵی ژنان لە ئامەد، کچانی باکووری کوردستان لە ئامەد بە ستران و هەڵپەڕکێی کوردی ئامەدیان خستە نێو جۆشێکی کوردانە، هەروەها بەجلوبەرگ و ئاوازە کوردییەکانیان پشتیوانیان لە هەڵمەتی مافی پەروەردە و خوێندن بە زمانی کوردی نیشاندا.

ئەمینە عەینا، هاوسەرۆکی DTPلە وتارێکیدا لە فیستیڤاڵەکەدا پەسنی ژنێکی کوردی دا کە لەکۆڵانان و نێو پارکەکان دەژی تەنیا بۆ ئەوەی نانی دوو کوڕە جاشەکەی نەخوات.

**لاپەڕەی هونەری**




ژمارە (22)

دووشەممە 2008/9/1

10ی گەلاوێژی 2708

(750) دینار

www.rudaw.net

Rûdaw

ڕووداو

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت


### "مالیکی رای وایە سوپای عێراق بۆی هەیە بچێتە هەولێر و سلێمانی"

# بابەکر زێباری دووجار داوای دەست لەکارکێشانەوەی کردووە

**ڕووداو- هەولێر**

بابەکر زێباری سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق ڕایگەیاند کە ئۆپەراسیۆنی پارێزگەی دیالە دوور لە پلانی دارێژراو ئەنجامدراو فەرماندەکان ڕاستەوخۆ فەرمانیان لە مالیکی وەردەگرتن، ئەوەشی بە "تەجاوز" بۆسەر دەسەڵاتەکانی خۆی داناو ئاماژەی بەوەشکرد کە ڕێژەی کورد لەنێو سوپای عێراقدا لە7%یش کەمترە و بەردەوامیش کەمدەکرێتەوە، گوتیشی "ئەگەر بارودۆخەکە بەوشێوەیە بڕوات دەست لەکاردەکێشمەوە".

مەحموود عوسمانیش ڕایگەیاند لە بەغدا سیاسەتێکی گشتی هەیە بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی کورد لە بەغداو لە کوردستانیش.

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشرق الاوسگ) ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەو جموجوڵانە لەپشت سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراقەوە کراون و هیچ ڕاوێژێکی پێنەکراوەو گوتی "بوونی ئەو لەو پۆستەدا رووکەشەو هیچ سوودێک لەمانەوەی لە پۆستەکەیدا نەماوە".

بابەکر زێباری لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ڕایگەیاند کە مالیکی "تەجاوز" دەکاتە سەر دەسەڵاتەکانی ئەو و وەزارەتی بەرگریی عێراق بەگشتی. ئەوەشی ئاشکرا کرد کە فەرماندەی عەمەلیاتەکان ڕاستەوخۆ فەرمان لە مالیکی وەردەگرن، ئەگەرچی ئەوان پلانی ئۆپەراسیۆنی دیالەیان دانابوو و سەرۆک وەزیران پەسەندی کردبوو، بەڵام بەهیچ شێوەیەک کار بەو پلانە نەکرا.

بابەکر زێباری ئاماژە بەوەدەکات کە مالیکی و وەزیری بەرگری خەریکی تێکدانی هاوسەنگیی نەتەوەیین لەنێو سوپاداو فەرماندە کوردەکان لادەبەن و عەرەب لە شوێنیان دادەنێن "بەداخەوە هەر ئامر لیوایەکی کورد لادەبەن عەرەبی لە شوێن دادەنێن". لەو ڕووەوە ئاشکرای کرد کە ئەگەر بارودۆخەکە بەوشێوەیە بەردەوام بێت دەست لەکاردەکێشێتەوە، گوتیشی "ئەوە دووجارە ئیستیقالە دەدەمە جەنابی سەرۆک بارزانی، ئەمجارەش کە هاتە بەغدا پێمگوت من ناتوانم لەگەڵ ئەوانە کاربکەم".

زێباری ڕێژەی کوردی لەنێو سوپای عێراقدا بەکەمتر لە 7% دانا و لەگەڵ ئەوەشدا گوتی "بەلای خۆیان لەو 7% یش ناکەنەوەو، ئەگەر بۆیان بکرێ یەک کورد لە هێڵی تەماس ناهێڵن".

قسەکانی زێباری لەکاتێکدایە کە پەیوەندی نێوان بەغداو هەولێر بەرەو ئاڵۆزییەو لەوکاتەی بەرپرسانی کورد نوری مالیکی بە دیکتاتۆرو تۆتالیتارو تاکرەو ناودەبەن، بەرپرسانی عێراق داوای کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ پشت هێڵی 36 دەکەن و تەنانەت سامی عەسکەری ڕاوێژکاری سەربازیی مالیکی باس لەوەش دەکات کە "سوپای عێراق مافی ئەوەی هەیە بچێتە هەولێرو سلێمانیش". هەرچەندە بابەکر زێباری پێیوانییە ئەوە ڕای مالیکی بێت، بەڵام مەحموود عوسمان دڵنیایی خۆی لەوە دەربڕی کە "100% ئەوە ڕای مالیکیشەو سامی عەسکەری لەخۆیەوە هیچ ناڵێت". بەڵام زێباریش گوتی لەبەغدا دەڵێن پێویستە هێزەکانی پێشمەرگە بکشێنەوە دەرەوەی ناوچەکانی مادەی 140.

**دەقی هەڤپەیڤینەکەی لەلاپەڕە (7)دا بخوێنەوە**



بابەکر زێباری سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق

## بارزانی بڕیاری دەستگیرکردنی چەند بەرپرسێکی تۆمەتبارکراو دەدات

**ڕووداو-هەولێر**

بەرپرسی مەکتەبی کۆمەڵایەتی یەکێتی ڕایگەیاند کە مەسعود بارزانی،سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیاری دەستگیرکردنی ئەوبەرپرسە حیزبی وسەربازیانەی داوە کە لەلایەن دادگاوە بڕیاری دەستگیرکردنیان دراوەو مەکتەبی کۆمەڵایەتی یەکێتی و پارتیش سەرقاڵی کۆکردنەوەی ناوی بەرپرسە داواکراوەکانن.

هەردوو مەکتەبی کۆمەڵایەتی یەکێتی و پارتی نووسراوێکیان لە ڕۆژی 2008/7/31دا ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کردو تێیدا داوایان کرد"ئەو کێشانەی لایەنەکانیان پلەی حیزبی یان سەربازییان هەیە و فەرمانی گرتنیان لەلایەن دادگاوە بۆ دەرچووە تائێستا دەستگیرنەکراون، داواکارین لەبەڕێزتان فەرمانی پێویست دەربکەن بۆجێبەجێکردنی بڕیاری دادگا بەمەبەستی دەستگیرکردنیان".

دوای ئاراستەکردنی ئەو نووسراوە، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بڕیاری دەستگیرکردنی ئەو بەرپرسانەی دا.

حامیدی حاجی غالی، بەرپرسی مەکتەبی کۆمەڵایەتی یەکێتی لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەڵامی نووسراوی ئێمەی داوەتەوەو بڕیاری دەستگیرکردنی بەرپرسە داواکراوەکانی داوە، داوای لەئێمەش کردووە ناوەکانیان دیاری بکەین و بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی بنێرین و ئێستا لقەکانی مەکتەبی کۆمەڵایەتی سەرقاڵی ئامادەکردنی ناوەکانن".

### سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران:

## دامەزراندنی فەرمانبەران ئەسڵ و ئەساسی نییە

**ڕووداو-هەولێر**

لەیاسای بودجەی 2008ی کوردستاندا میلاکی دامەزراندن بۆ 29800 فەرمانبەر دیاریکراوەوسکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانیش دەڵێ "دامەزراندنی فەرمانبەران ئەسڵ و ئەساسی نییە، ئەوە تەنیا پێشنیازی وەزارەتی پلاندانانە".

بەپێی یاسای بودجەی کوردستان کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پەسەند کراوە، بەشێک لەبودجەی بەکارهێنان تەرخانکراوە بۆ میلاکی 29800 فەرمانبەری تازە،لەمساڵدا. بەپێی نووسراوی ژمارە 1853ی ئەنجومەنی وەزیران کە لە 7/ 7/ 2008 دەرچووەو واژۆی عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی حکومەتی لەسەرە، ئاماژە بەوە دراوە کە نووسراوی دامەزراندن وگەڕانەوەی فەرمانبەر بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەرز نەکرێتەوە تا مانگی 9ی 2008.

دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی دامەزراندنی فەرمانبەرانی نوێ لەنێو خەڵکدا، لەچەند شوێنێکیش داوا لەخەڵک کراوە ناوی خۆیان بۆ دامەزراندن تۆمار بکەن، بەڵام سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوەو ڕایگەیاند کە "دامەزراندنی فەرمانبەران ئەسڵ و ئەساسی نییە ئەوە تەنیا پێشنیازی وەزارەتی پلاندانانە".

بەپێی دوایین ئاماری وەزارەتی پلاندانان کە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیرانی کردووە، ژمارەی فەرمانبەرانی حکومەتی کوردستان 486 هەزار فەرمانبەرەو ژمارەی مووچەخۆرانیش یەک ملیۆن و 100 هەزار کەسە.

**وردەکاری زیاتر لەلاپەڕە (3)دا بخوێنەوە**

## حکوومەت هاوکاری لاوان دەکات بۆ کڕینی خانوو... لاپەڕە 15



بۆ کڕینی خانوو لە کۆمەڵگەی لاوانی کۆمپانیای هەپی لاند لە هەولێر، کە لە 1150 خانوو پێکهاتووە، حکوومەت 30%ی قەرز دەداتە ئەو هاوسەرە لاوانەی کە بە قیستی 15 ساڵ ئەو خانووانە دەکڕن

## ژنان لەژێر هەڕەشەی مێردەکانیان ژنی دووەم قبوڵ دەکەن

**ڕووداو-هەولێر**

لێژنەیەکی دەروونی لەڕێکخراوی مانگی سووری عێراقی، لەسەر داوای دادگای هەولێر پکشنینی دەروونی بۆ ئەو ژنانە دەکات کە ژنی دووەمیان بەسەر دێت و ئەندامێکی لێژنەکەش ڕایگەیاند"95%ی ئەو ژنانە لەژێر هەڕەشەی مێردەکانیان ڕازی دەبن ژنی دووەمیان بەسەر بێت".

د.توانا عەبدولڕەحمان، ئەندامی ئەو لیژنەیە، کاری لێژنەکەی بە"ڕۆتین" ناوبرد و ڕایگەیاند "ئەو لیژنەیە تەنیا شتێکی ڕۆتینییە، چونکە ئێمە ڕاپۆرتەکە بەهەر شێوەیەک بنووسین ئافرەتەکە زەرەرمەندە".دەریا کە یەکێکە لەو ژنانەی لەدادگا ڕازیبووە ژنی دووەمی بەسەربێت دەڵێ" مێردەکەم هەڕەشەی تەڵاقدانی لێکردم ئەگەر ڕێگر بم لەوەی ژنی دووەم بێنێت".

لەلایەکی دیکەوە پەرلەمانی کوردستان بەیاسا فرەژنی مەرجدارکردووە، ئەویش بەلابردنی بڕگە 5ی مادە 10 لەیاسای باری کەسی عێراقی، کە پێشتر ڕێگەی بە فرەژنی دابوو، هەروەها سزای 6 مانگ تا 3 ساڵ زیندانی بۆ ئەو کەسانە دیاریکردووە کە بەبێ ڕەزامەندی ژنی یەکەم، ژنی دووەم دێنن. بەڵام دادوەر ئیبراهیم خۆشناو، دادوەری یەکەم لەدادگای باری کەسیی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سزاکە ژمارەیەکی زۆر خەڵک دەگرێتەوە، بەڵام (ایقاف تنفیذ) کراوە، ئەگەر هەر کەسێک حوکمەکەی بەسەردا سەپێنرا و لەسەر تاوانێکی دیکە سزادرا، ئەوکات ئەو سێ ساڵەش دەخرێتە سەر سزای تاوانەکەی".

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر، لەماوەی 6 مانگی سەرەتای ئەمساڵدا 62 کەس لەپارێزگای هەولێر ژنی دووەمیان هێناوە، کە 29 کەسیان دانیشتووی ناوشاری هەولێرن.

**وردەکاری زیاتر لەلاپەڕە (13)بخوێنەوە**

## "گەندەڵی لەزانکۆی دهۆک هەیە و سەرۆکایەتییەکەشی بووەتە مەلەکی"

**ڕووداو-دهۆک**

مامۆستایەکی زانکۆی دهۆک ڕایگەیاند هەموو خەڵکی دهۆک شاهیدە گەندەڵی لەزانکۆی دهۆک هەیە،هەروەها گوتیشی ڕاگر و سەرۆک بەش و سەرۆکایەتی زانکۆش بوونەتە "مەلەکی و عەشیرەتگەری"،هەروەها دەڵێ هەندێک هۆڵی کۆلیژی ئاداب بۆ کادین باشن نەک تێدا خوێندن.

د.کامیران بەرواری، کە لەساڵی 1994ەوە مامۆستای کۆلیژی ئادابی زانکۆی دهۆکە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ڕەخنەی لە سیستەمی خوێندنی کوردستان گرت و گوتی "سیستەمی خوێندنی کوردستان فاشیلە" و داوایکرد سیستەمەکە بگۆڕدرێت. هەروەها ڕەخنەی لەوە گرت کە ڕاگری کۆلیژ و سەرۆکی زانکۆکان لە کوردستان پێچەوانەی جیهان بە دانان نەک بە هەڵبژاردن دادەنرێن و لەوبارەشەوە ڕەخنەی لە زانکۆی دهۆک گرت کە ئەوە 16 ساڵە دامەزراوەو سەرۆکەکەی نەگۆڕاوەو گوتی "شتی هەرە مەترسیدار ئەوەیە لە زانکۆی دهۆک سەرۆک بەش، ڕاگری کۆلیژەکان، سەرۆک و یاریدەدەرایەتی سەرۆکی زانکۆ بووەتە مەلەکی و عەشیرەتگەری، کوڕ بۆ باوک، باوک بۆ نەوەی. لە هیچ وەلاتێکی دیموکراسی نییە 16 ساڵان کەسێک سەرۆکی زانکۆیەک بێت یان 10 ساڵان ڕاگری کولیژێک بێت".

هەروەها گوتیشی ئەو نەگۆڕانەش دەبێتە هۆی دروستکردنی گەندەڵی و، گوتیشی گەندەڵی لە زانکۆی دهۆک هەیە

" خەڵکی دهۆک و قوتابی و مامۆستا هەموو شاهیدن کە زانکۆی دهۆک وەکو هەر دەزگایەکی دیکەی دهۆک گەندەڵی تێدا هەیە".

ڕەخنەی لە جۆری دروستکردنی بینایە نوێیەکانی کۆلیژەکانی زانکۆی دهۆک گرت و لەو چوارچێوەیەشدا هۆڵەکانی کۆلیژی ئاداب بە نموونە دەهێنێتەوەو دەڵێ " هەندێک لەهۆڵەکانی وەکو گوڤانن و پێویستە کایان تێبکرێ نەک قوتابی تێیدا وانە بخوێنن". هەروەها گلەیی لەوەش دەکات کە ئیمتیاز و زەوی دەدرێتە مامۆستایانی عەرەب و مامۆستایانی کوردیش پشتگوێخراون.

**دەقی هەڤپەیڤینەکە لەلاپەڕە (9) بخوێنەوە**

لەگەڵ ئەم ژمارەیەدا پۆستەری (یانەی وەرزشی هەولێر) و گۆڵچی یانە (سەرهەنگ موحسین) بە دیاری وەربگرە

## هەواڵ

### عێراق بەرهەمهێنانی کارەبا دەگەیێنێتەوە ئاستی جاران



بەغدا- ئاژانسەکان

◆ ڕاوێژکاری وەزارەتی کارەبای عێراق ڕایگەیاند کە تێکڕای بەرهەمهێنانی کارەبا گەیشتووەتەوە هەمان ئاستی پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام. وەک ئەو ڕایگەیاند کۆی بەرهەمی ئێستا 5302 مێگاواتەو ئەمەش هەمان ئاستی بەرهەمهێنانی پێش 2003یە کە 5305 مێگاوات بوو. بەڵام پێداویستی خەڵک بۆ کارەبا زیادی کردووەو ئێستا عێراق پێویستی بە 9708 مێگاوات هەیە، واتە بڕی کورتهێنان خۆی لە 45 % دەدات.

# لە ڕەمەزاندا تەنیا 5 کاژێر کارەبای حکومی دەبێت

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو-هەولێر**

بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای هەولێر ڕایگەیاند کە بەهۆی کەمبوونەوەی بڕی کارەبای هاتوو بۆ شاری هەولێر، لەمانگی ڕەمەزاندا تەنیا 5 کاژێر کارەبای حکومی دەبێت، جگە لەکارەبای مۆلیدە ئەهلییەکان.

حوسێن حەمەد، بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای هەولێر هۆکاری کەمبوونەوەی کارەبای گەڕاندەوە بۆ ڕاوەستانی یەکێک لەوێستگەکانی کارەبای هەولێر و کەمبوونەوەی ئاوی دەریاچەی دووکان و دەربەندیخان و بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە "بەهۆی نەبوونی گازەوە یەکێک لە وێستگەکانی کارەبای هەولێر لەکار وەستاوە، چونکە وێستگەکە ڕۆژانە پێویستی بە 1 ملیۆن و 700 لیتر گاز هەیە، ئەو کۆمپانیایەی بڕیاربوو گازەکەی بۆ دابین بکات، نەیتوانی دابینی بکات، بۆیە لەمڕۆوە ڕۆژانە 5 کاژێر کارەبا دەدەینە هاووڵاتیان".

هەروەها ڕاشیگەیاند وا بڕیارە لەو مانگەدا 200 مێگاوات کارەبا لەتۆڕی گشتی هێڵەکانی دوبزو قەرەقوش و تاسلوجەوە بگاتە هەردوو شاری هەولێرو سلێمانی گوتیشی "ئەگەر وێستگەی هەولێریش بکەوێتەوە کار پێشبینی دەکەین 8 کاژێر کارەبای حکومی بدەینە هاووڵاتیان".

# 10 ئەفسەری کورد لە مووسڵ دەگوازرێنەوە

**ڕووداو-موسڵ**

بەبڕیارێکی وەزارەتی بەرگری عێراق، چەند ئەفسەرێکی کورد لە لیواکانی عێراق لە موسڵ بۆ فەرماندەی هێزی زەمینی عێراق دەگوازرێنەوە و ئەفسەری عەرەب لەشوێنی ئەوان دانراون.

عەقید ئەحمەد کۆیی، فەرماندەی فەوجی چواری سەر بەلیوای 5ی فرقەی 2ی سوپای عێراق، کە یەکێکە لەئەفسەرە گوازراوەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " 10 ئەفسەری کورد کە 4یان پلەی عەمیدیان هەیەو 5یان عەقیدن و یەکێکیشیان موقەدەمە گوازراونەتەوە بۆ فەرماندەی هێزی زەمینی عێراق، جگە لە لیوای 5 نەبێت کە ئامر لیوایەکی کوردی بۆ دانراوە".

ناوبراو لەدرێژەی لێدوانەکەیدا گوتیشی "لیوای 7 و 8 کە زۆرینەیان کوردن 1200 سەربازی عەرەبیان بۆ ڕەوانە کراوە، چەندین سەربازی کوردیش لەلیوا کوردییەکان بۆ شوێنی دیکە گواستراونەتەوە".

# بەغدا مووچەی خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ کەم دەکاتەوە

**ڕووداو-هەولێر**

بەپێی بڕیارێکی حکومەتی ناوەندی دەرماڵەی مەترسی و خێزانی لەمووچەی خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ دەبڕدرێت و بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی کوردستانیش ڕایگەیاند "ئەگەر مووچەکە بەو شێوەیە کەمبکرێتەوە بەشی ژیانیان ناکات".

عیسمەت ئەرگوشی، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی کوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕایگەیاند "ئەوانەی لەهێزی ناوخۆ خانەنشین دەکران 80%ی تەواوی مووچەکەیان وەردەگرت بەدەرماڵەی مەترسی و خێزانیشەوە، بەڵام لەم مانگەوە بڕیارێک لە بەغداوە هاتووە کە خانەنشینانی هێزەکانی ناوخۆ 80%ی مووچەی بنەڕەتی بەبێ هیچ دەرماڵەیەک وەردەگرن".

فایەق تۆفیق، بریکاری وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو بڕیارە جگە لەهێزەکانی ناوخۆ هیچ دامەزراوەیەکی دیکەی نەگرتووەتەوە"، ناوبراو ڕاشیگەیاند کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکەن.

لەسەرەتای مانگی هەشتەوە، کەریم شەنگاری، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ ڕایگەیاند کە دەرماڵەی مەترسی هێزەکانی ناوخۆی کوردستان وەک بەغدا زیاد دەبێت و هیچ پۆلیسێک نامێنێت کەمتر لە 542 هەزار دینار وەربگرێت.

# ڕێژەی تەڵاق بەرزدەبێتەوەو هاوسەرگیریش کەمدەبێتەوە

**ڕووداو-هەولێر**

بەپێی ئەو ئامارانەی لەدادگاوە دەست (ڕووداو) کەوتوون لەماوەی دوو ساڵ و نیوی ڕابردوودا لە هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆک ڕێژەی تەڵاق بەرزبووەتەوە، لەبەرامبەریشدا ڕێژەی مارەکردن دابەزیوە.

بەپێی ئەو ئامارەی لەدادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر دەست (ڕووداو) کەوتووە، لەساڵی 2006دا لەپارێزگای هەولێرو دهۆک 25072 پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامدراون، لەساڵی 2007 ڕێژەکە بۆ 21964حاڵەت دابەزیوە، لەشەش مانگی سەرەتای 2008یشدا لەهەولێر 6614 کەس لە دادگا ژنیان مارەکردووەو 619 کەسیش لەدەرەوەی دادگا مارەکراون.

هەر بەپێی ئەو ئامارە ڕێژەی تەڵاق لەبەرزبوونەوەدایە بەجۆرێک لەساڵی 2006 لەپارێزگای هەولێر 1580 حاڵەتی تەڵاق هەبووە، لەساڵی 2007 ڕێژەکە بەرز دەبێتەوە بۆ 3879 حاڵەت، لەشەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا 3520 حاڵەتی تەڵاقدان هەبووە، لەپارێزگای دهۆکیش لەساڵی 2006دا 466 جیابوونەوە هەبووە، لەساڵی 2007دا ڕێژەکە بەرزبووەتەوە بۆ 1502 حاڵەت.

هەر بەپێی هەمان ئامار ڕێژەی هێنانی ژنی دووەم جێگیر نییە، بەجۆرێک لەساڵی 2006دا 156 کەس ژنی دووەمیان هێناوە، لەساڵی 2007دا 174 کەس و لە 6 مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا 62 کەس ژنی دووەمیان هێناوە.

# 12 هەزار ئافرەت لەسلێمانی مۆڵەتی شۆفێرییان دەرهێناوە

**ڕووداو-سلێمانی**

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی کە تایبەت دراوەتە (ڕووداو) زیاتر لە 12 هەزار ژن لەشاری سلێمانی مۆڵەتی شۆفێرییان دەرهێناوە، بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانیش ئەو ڕێژە زۆرەی گەڕاندەوە بۆ وشیاربوونەوەی کۆمەڵگە.

بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کەئەمساڵ لێشاوێکی زۆری ئافرەتان ڕووی تێکردوون بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل.

بەپێی ئاماری هاتووچۆی سلێمانی لەدوای ساڵی 1991وە تائێستا لەشاری سلێمانی12216 ژن مۆڵەتی شۆفێرییان وەرگرتووەو ژمارەکە تادێت بەرەو هەڵکشان دەڕوات.

# "توخوا ئەگەر منداڵێکتان بوو ناوی لێ بنێن شانۆ"



بەپێی قسەی کەسوکاری شانۆ شەوێک بەر لە مردنی وەسیەتی بۆ باوکی کردووەو پێیگوتووە "بابە گیان من لەژیان نامێنم، بەڵام توخوا ئەگەر منداڵێکتان بوو ناوی لێ بنێن شانۆ".

**کامەران محەممەد**
**ڕووداو-ڕانیە**

قوتابیەکی پۆلی سێی بنەڕەتی دوای نەخۆشییەکی کوشندەو بێئومێد بوون لەچارەسەری، بەر لەگیان لەدەستدانی داوا لەباوکی دەکات ئەگەر منداڵێکیان بوو ناوی لێ بنێن شانۆ.

شانۆ محەممەد ئیبراهیم، تەمەن 10 ساڵ، دەرچووی پۆلی سێی بنەڕەتییە، ماوەی ساڵێک بوو دووچاری نەخۆشییەکی کوشندە ببوو، بەپێی ڕاپۆرتە پزیشکییەکان چارەسەری لەدەرەوەی وڵات بوو، بەڵام لەبەر خراپی باری ئابووری نەتوانراوە ببردرێتە دەرەوە. دواتر باوکی هانا بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەبات، بەڵام ئەوانیش نەیانتوانی دەردی شانۆ تیمار بکەن، تا دواجار لەشەوی 15لەسەر 2008/8/16 گیانی سپارد.

## ڕوونکردنەوەیەک

لە ژمارە 20ی ڕۆژنامەی (ڕووداو)دا، من وەک ڕێکخەری خۆپیشاندانی خەلیفان نیشاندراوم، بەڵام ڕاستییەکەی من ڕێکخەری ئەو خۆپێشاندانە نەبووم، هەروەها هەندێ قسەش بەناوی من بڵاوکراونەتەوە کە بەڕاستی من ئەو قسانەم بۆ بڵاوکردنەوە نەکردوون، بۆیە ئەو ڕوونکردنەوەیەم بەپێویست زانی.

**فارس ئیبراهیم**
**موختاری گوندی سرێشمە**

# ئامێدی کەرنەڤاڵێک بۆ ئەنفالی بادینان ساز دەکات



دیمەنێک لە نمایشی ئەنفال (فۆتۆ:ڕووداو)

**عەلی عەبدوڵڵا**
**ڕووداو-ئامێدی**

ئێوارەی ڕۆژی 2008/8/27 لەقەزای ئامێدی، بەئامادەبوونی نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزیری شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان، خەڵکێکی زۆری خانەوادەی ئەنفالکراوەکان، نزیکەی 500 پێشمەرگەی دێرین و لەشکری هێزی دهۆک کەرنەڤاڵێکی گەورەیان بۆ یادی هەڵمەتی ئەنفالە بەدناوەکانی ساڵی 1988 سازکرد.

چنار سەعد، وەزیری شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان لەلێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو کەرنەڤاڵە دەربڕی ڕاستەقینەی کلتووری ڕەسەنی کورد بوو، کەکورد هەردەم دڵنەرم و لێبووردەیە بەرامبەر دوژمنەکانی خۆی"

چنار سەعد جەختیشی کردەوە کە لەهەوڵی بەردەوامدان بۆ قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەنفالکراوان و گوتی " کەسوکاری ئەنفالەکان هێندە زۆرن، تەواوی بودجەی حکومەتی کوردستان بەشیان ناکات، بەڵام ئێمە هەوڵدەدەین لەڕێگەی حکومەتی عێراقەوە قەرەبوویان بکەینەوە".

لە 1988/8/25 هێزەکانی حکومەتی عێراق هەڵمەتێکی بەرفراوانی ئەنفالکردنی بەناوی (خاتمە الانفال) بە چەکی قورس و کیمیایی کردە سەر دەڤەری بادینان، لە ئەنجامدا بەهەزاران ئافرەت و منداڵ کوژران و 2 هەزار پیاویش بێسەروشوێن کران، جگە لەتێکدانی چەندین گوندی دەڤەرەکە.

# شیوەن بۆ هاوڕێی دێرین و خۆشەویستم شێخ ئەحمەد نەقیب

ئەحمەد گیان؛

هەواڵی کۆچی دواییت، هەورە برووسکەیەک بوو، لەپڕ کەوت بەسەرمدا.

ئەحمەد گیان؛ هەر بە بیستنی ئەو هەواڵە جەرگبڕە، چیرۆکی هاوڕێیەتی من و تۆ هەر لە سەردەمی منداڵیمانەوە، وەک فیلمێکی سینەما هاتەوە بەرچاوم.

ئەو ڕۆژانەم هاتنەوە بیر کە لە قوتابخانەی دوانێوەندی سلێمانی، باسی مافی قوتابی بەشخوراوی کوردمان دەکرد کە زمانی عەرەبی بە زۆری زۆردارەکی دەسەپێندرا بەسەریدا و، مامۆستا کوردەکانیشمان کە بە پەنجەی دەست دەژمێردران، ناچاربوون بە عەرەبی قسە بکەن لەگەڵمان.

ئەحمەد گیان؛ ئەو ڕۆژانەم هاتەوە بیرکە لەگەڵ هاوڕێکانمان، وەک شەهید شەهابی شێخ نووری و مەلا عەبدوولی مەلا سەعید و عومەری وەستا سەعید و سلێمانی مەجی بەگ و حیلمی عەلی شەریف و گەلێک لە خەباتکارانی ئەو سەردەمە، خەونمان بە سەربەخۆیی کوردستانەوە دەدی، ئەو خەونەی کە هێشتا نەهاتووەتە دی. بەڵام بێگومان، بە ڕەنجی نیشتمانپەروەرانی کوردستان، ڕۆژێک لە ڕۆژان دێتەدی. ئەوا تۆ ئەو ڕۆژەت نەدی و، ڕەنگە ئەز ژی ئەو ڕۆژە نەبینم، لێ دڵنیام نەوەی نوێ دەیبینێ.

ئەحمەد گیان؛ ئەو ڕۆژانەم بیرکەوتەوە کە لە بەغدا، وەک خوێندکارانی کوردی زانستگەی بەغدا، بە خۆپێشاندان و چالاکی نواندن و پێوەندیکردن بە خوێندکارەکانی دیکەوە، هەوڵی ئەوەمان دەدا، جەماوەری بەغدا لە داخوازی و ئامانجەکانی نەتەوەی کورد بگەیێنین. تۆیش یەکێک بوویت لەوانەی منت هاندەدا بۆ نووسینی وتار لە ڕۆژنامە عەرەبییەکاندا بۆ خستنە بەرچاوی مافی خەڵکی کوردستان. کە ئەو ڕۆژە وشەی کوردستان زۆر کەم بەکاردەهات.



شێخ ئەحمەد نەقیب

ئەحمەد گیان؛ ئەو ڕۆژانەم دێتەوە بیر کە مامۆستا بووم لە قوتابخانەی دوانێوەندی موسەڵڵای کەرکووک و تۆیش ئەفسەر بوویت لە فیرقەی کەرکووک و جاروبار دەهاتیت بۆ سەردانم لە قوتابخانە و هەموو جارێکیش کە دەتدی نێوی ئامێرەکانی فیزیام بە کوردی لاتینی نووسیوە، هیوای ئەوەت دەخواست کە جێی ئەستێرەناسی گەورەی کورد شێخ حەسەنی گڵەزەردەی باپیرە گەورەت بگرمەوە.

ئەحمەد گیان؛ لە ئەورووپاش هەر هاودەنگ و هاوڕێی یەک بووین، کە لەگەڵ هاوبیرەکانمان بروسک ئیبراهیم و شەهید لەتیف عەلی، یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا (نوکسە)مان دامەزراند، تۆ یەکێک بوویت لە پشتگیران و یارمەتیدەرانمان. ئەوەش لە ڕۆژێکدابوو کە کەم کەس زاتی ئەوەی دەکرد، ئەو ڕێیە بگرێ و دژی تۆتالیتاریزمی سۆڤێتی بوەستێ و باسی ئازادی و یەکسانی نەتەوەی کورد و گەلانی ئەم جیهانە بکات.

ئەحمەد گیان؛ ئەو ڕۆژەم دێتەوە بیر کە پێکەوە لەگەڵ هاوڕێی کۆچکردوومان مامۆستا عەزیز محەممەد چووینە خزمەت شای کوردستان شێخ مەحموودی نەمر لە داریکەلی و لاپەڕەیەکی مێژووی کوردستانمان لەسەرچاوە ڕاستینەکەیەوە گوێ لێبوو. ئەوەبوو پێمگوتی، با تۆمارکەرێک لەگەڵ خۆمان ببەین و ژیاننامەی شێخی نەمری لەسەر تۆمار بکەین و گوتت باشە، بەڵام شێخ هەر پاش چەند مانگێکی کەم کۆچیی دوایی کرد و ئەو ئاواتەمان نەهاتەدی.

ئەحمەد گیان؛ هەرچەندێک بنووسم لە بارەی لایەنە ڕۆناکەکانی ژیانتەوە هێشتا هەر کەمە. بەڕاستی تۆ مرۆڤێکی دڵ و دەروون پاک، خێرخواز بۆ هەموو لێقەوماوێک، کوردێکی سەربەرز و خۆنەفرۆش و مرۆڤێکی زمان شیرین و قسەخۆش بوویت.

ڕەوانت شادبێ و یادت زیندوو بێ

**براو هاوڕێی دێرینت**

**جەمال نەبەز**
**بەرلین 2008/8/30**

# خوێندن لە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی بە2 ملیۆن دینارە

**ڕووداو-سلێمانی**

سەرۆکی ئەمینداریێتی ئەنجوومەنی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کردنەوەی زانکۆی ناوبراوی ڕاگەیاند و گوتی "خوێندن لەو زانکۆیە بە یەک ملیۆن و 500 هەزار تاوەکو 2 ملیۆن دینارەو پارەکەش بەشێوەی قیستی مانگانە لەقوتابیان وەردەگیرێت".

د.عەلی قەرەداخی سەرۆکی ئەمینداریێتی ئەوزانکۆیە لەکۆنگرە ڕۆژنامەوانیدا ئاشکرای کرد کە "بۆ خوێندنی ساڵی 2008-2009 بەشی کۆمپیوتەر لەکۆلیژی زانست، زمانی ئینگلیزی لەکۆلیژی زمان و کۆلیژی یاسا دەکرێنەوە". هەروەها ئەوەشی ڕوونکردەوە کە بارەگای سەرەکی زانکۆکە لە قەرەداخ دەبێت و لەداتوودا چەند کۆلیژێک لە شارو شارۆچەکەکانی دیکەش دەکەنەوە.

د.عەلی قەرەداخی کە سەرۆکی ڕێکخراوی ڕابیتەی ئیسلامی کورد و کەسایەتییەکی دیاری سەر بە ڕەوتی ئیخوانە لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەدا گوتی" ئەو زانکۆیە زانکۆیەکی ئەهلی سەربەخۆیە و پەیوەندی بەهیچ گرووپ و لایەنێکی سیاسیەوە نابێت".



## ریپۆرتاژ

### حکومەتی عێراق مۆڵەتی 6 مانگ دەداتە موجاهیدینی خەلق

بەغدا- ئاژانسەکان

◆ حکومەتی عێراق مۆڵەتی 6 مانگ دەداتە رێکخراوی موجاهیدینی خەلق بۆئەوەی خاکی عێراق بەجێبهێڵن. لیوا عەبدولکەریم خەڵەف گوتەبێژی وەزارەتی ناوخۆی عێراق لەوبارەوە رایگەیاند کە بەفەرمی رێکخراوی ناوبراویان لەو بڕیارە ئاگادار کردووەتەوە. هەروەها رایگەیاند کە ئەرکی پاراستنی سەربازگەی ئەشرەف لە پارێزگای دیالە بەسوپای عێراق سپێردراوە و ئەو هێزە ئەمریکییەی تائێستا سەربازگەکەیان دەپاراست چەند رۆژێکی دیکە چۆڵی دەکەن.

# بەغدا بە چکە چکە پارەی کوردستان دەدات





عەلی حەمەساڵح
ali@rudaw.net

**رووداو- هەولێر**

تائێستا حکومەتی بەغدا، بودجەی تەواوکاری نەداوەتە هەرێمی کوردستان کە بڕەکەی 3 ترلیۆن دینارەو، سەرۆکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستانیش دەڵێت "حکومەتی بەغدا نایەوێت بودجەی تەواوکاری رەوانەی کوردستان بکات و بودجەی مانگانەش بەچکە چک دەدات و وەک داگیرکەرێک سەیری کوردستان دەکات و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات".

سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستانیش بە (رووداو)ی راگەیاند "تائێستا حکومەتی ناوەندی بودجەی تەواوکاری رەوانەی کوردستان نەکردووەو هیچ نووسراوێکی فەرمیشیان بۆ ئەو مەبەستە نەناردووە تاوەکو ئێمەش لێکۆڵینەوە لەشێوازی خەرجکردنی بودجەکە بکەین و گفتوگۆی لەبارەوە بکەین".

لەکۆتایی مانگی 7ی ئەمساڵدا پەرلەمانی عێراق بودجەی تەواوکاری پەسەندکرد کە بڕەکەی6،20 ترلیۆن دینارە، رێژەی کوردستانیش لەو بودجەیەدا 2 ترلیۆن 917 ملیار دینارە، بەمەش بودجەی گشتی کوردستان بەکۆکردنەوەی لەگەڵ بودجەی بنەڕەتیدا کە بڕەکەی 7ترلیۆن و 628 ملیار دینار بوو، دەگاتە نزیکەی 10 ترلیۆن دینار.

د.دلێر ئیسماعیل، سەرۆکی لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی کوردستان، رەخنەی لەحکومەتی عێراق گرت، کە بودجەی کوردستان بە تەواوی نانێرێت و کەم کەمە دەینێرێت و دوای دەخات "حکومەتی بەغدا بە چکە چکە بودجەی کوردستان دەدات، تائێستا بودجەی تەواوکاریان نەناردووە نایانێرێت و بەگیانێکی داگیرکارانە مامەڵە لەگەڵ حکومەتی کوردستاندا دەکات".

> **بەغدا بودجەی تەواوکاری نەداوەتە کوردستان و وەک داگیرکەر هەڵسوکەوت لەگەڵ کوردستان دەکات**
>
> سەرۆکی لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی کوردستان

سەرۆکی لیژنەی دارایی، دەڵێ کاتی ئەوە هاتووە حکومەتی کوردستان بیرێکی جدی لەو ئاستەنگە داراییانە بکاتەوە کە لەلایەن حکومەتی بەغداوە بۆی دروستدەکرێن"حکومەتی بەغدا وابیردەکاتەوە چۆن بەریتانیا لەرابردوودا هندستانی بەناوچەیەکی خۆی سەیر دەکرد کە داگیری کردبوو، وەک مانگایەک هەر دایدەدۆشی، دەسەڵاتی عێراقیش بەهەمانشێوە بیردەکاتەوەو کوردستان وەک سەرچاوەیەک بۆ بەدەستهێنانی کەرەستەی خاو سەیر دەکات".

د.دلێر، ئاماژە بەوەشدەدات کە بودجەی مانگانەی کوردستان بە"هەزار شەڕ و فەرتەنە دێت"، ئەمەش گەورەترین گرفتە بۆ کوردستان "رێککەوتنێکی سیاسی کرا کە پێشمەرگە بەشێک بێت لەسوپای عێراق و بودجەکەی لەسەر حکومەتی ناوەندی بێت، ئەمەش وایکرد لەیاسای بودجەی کوردستاندا هیچ برە پارەیەک بۆ پێشمەرگە تەرخان نەکرێت،کەچی تاوەکو ئێستاش یەک دینار لەحکومەتی ناوەندییەوە نەدراوە بەپێشمەرگەوهەمووخەرجییەکی پێشمەرگە لەسەر حکومەتی کوردستانە".

د. ئیسماعیل شوکر، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی عێراق، ئەوە رەتدەکاتەوە کە بەغدا پارە لەکوردستان ببڕێت و دەڵێت " بەپێی ئەو رێککەوتنانەی لەنێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی کوردستاندا هەن، 17% بودجەی پەسەند کراو دەگاتە کوردستان، بەمەرجێک کوردستانیش داهاتەکانی خۆی بۆ حکومەتی ناوەندی بنێرێت".

حکومەتی ناوەندی بڕیاری زیادکردنی مووچەی فەرمانبەرانی داوە، بەڵام بەرپرسانی کورد رەخنە لەم بڕیارە دەگرن و پێیانوایە ئەوەش گرفتێکی دیکەیە لەوگرفتە داراییانەی کە بۆ حکومەتی کوردستان دروستبووە.

سەرۆکی لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی کوردستان، دەڵێت"بڕیاری زیادکردنی مووچە درا، پێویستبوو زیادەی مووچەش رەوانەی کوردستان بکرایە، ئەمەش بووەتە کێشە بۆ حکومەتی کوردستان و نەتوانرا وەک پێویستیش خەڵک تێبگەیێندرێت".

رەشید تاهیر بریکاری وەزارەتی دارایی لەحکومەتی کوردستان، گازندەی ئەوە دەکات بەغدا وەک پێویست هاوکاری کوردستان ناکات لە بواری داراییدا "بۆ دانی زیادەی مووچەی 6 مانگی یەکەمی ئەمساڵی کوردستان پێویستمان بە 790 ملیار دینارەو چاوەڕێی بەغداین".

بەهۆی ئەو گرفتانەی لەحکومەتی بەغداوە بۆ کوردستان دروستکراون، وەزارەتی دارایی بڕی یەک ترلیۆن 48 ملیار و 783 ملیۆن دیناری لەبودجەی وەزارەتەکانی کوردستان کەمکردوەتەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگاداربە (رووداو)ی راگەیاند کە"بودجەی وەزارەتەکان لەلایەن داراییەوە کەمکراوەتەوەو بڕی کەمکردنەوەکەش بۆ تێکڕای وەزارەتەکان زیاترە لەترلیۆنێک دینار".

بەپێی بڕیاری ژمارە 10، کە لە 2008/5/20 لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە دەرچووە، بودجەی کوردستان بۆ ساڵی 2008 بریتییە لە 7 ترلیۆن و 628ملیار و783 ملیۆن دینار.

بەڵام رەشید تاهیر، ئەوە رەتدەکاتەوە کە بودجەی وەزارەتەکانیان کەمکردبێتەوەو دەڵێت"رامانگرتووە، چونکە ئەو بڕە پارەیەی کە لەپەرلەمانی کوردستان پەسەند کراوە، وەک خۆی لەبەغداوە نەگەیشتووەتە دەستمان، بەڵکو ئەوەی پێماندەدرێت بریتییە لە 6 ترلیۆن و 580 ملیار دینار، بودجەی ئەو وەزارەتانەش کە راگیراوە لە بودجەی تەواوکاری بۆیان قەرەبوو دەکرێتەوە، چونکە بەشی کوردستان لەبودجەی تەواوکاریدا 2ترلیۆن و917ملیار دینارە".

### پارە لەنێوان بەغدا و کوردستاندا

- پشکی حکومەتی کوردستان لەبودجەی تەواوکاری 2 ترلیۆن و 917 ملیار دینارە.
- تا ئێستا بەغدا بودجەی تەواوکاری بۆ کوردستان رەوانە نەکردووە.
- کۆی گشتی بودجەی کوردستان بۆ ساڵی 2008، 10 تریلیۆن دینارە.
- بۆ دانی زیادەی 6 مانگی رابردووی فەرمانبەران، حکومەت پێویستی 790 ملیار دینارە.

# "بڕیاری دامەزراندنی فەرمانبەران ئەسڵ و ئەساسی نییە"

سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران

**رووداو- هەولێر**

لەبودجەی 2008ی کوردستاندا، جێگا بۆ مووچەی 29800 فەرمانبەر کراوەتەوە کە ئەمساڵ دابمەزرێندرێن، بەڵام سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان دەڵێت"بڕیاری دامەزراندنی فەرمانبەران ئەسڵ و ئەساسی نییەو ئەوە تەنیا پێشنیازی وەزارەتی پلاندانانە".



بەپێی یاسای بودجەی کوردستان کە لەپاش پەسەندکردنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، لە 2008/5/20 لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە پەسەند کرا، بەشێک لە بودجەی بەکارهێنان بۆ دامەزراندنی 29800 هەزار فەرمانبەر تەرخانکراوە.

دوای تێپەڕبوونی45 رۆژ بەسەر دەرچوونی یاسای بودجە لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقائیعی کوردستان)، بەنووسراوی ژمارە 1853ی ئەنجوومەنی وەزیران کە لە 7/ 7 /2008 دەرچووەو واژۆی عومەر فەتاح، جێگری سەرۆکی حکومەتی لەسەرەو رەوانەی وەزارەتەکان کراوە، تێیدا ئاماژە بەوە دراوە کە نووسراوی دامەزراندن و گەڕانەوەی فەرمانبەر بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەرز نەکرێتەوە تا مانگی 9ی 2008.

هەرچەندە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ دامەزراندنی فەرمانبەران نووسراوێکی بەژمارە 2148 لە 2008/8/23 ئاراستەی وەزارەتەکان کردووەو تێیدا هاتووە کە هیچ دامەزراندنێک بەبێ رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران ئەنجام نادرێت و بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە وەزارەتی دارایی کراوە بۆ دامەزراندنی فەرمانبەران پابەندی ئەم رینماییە بێت، بەڵام محەممەد قەرەداخی سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان، دەڵێت" تائێستا هیچ بڕیارێک نییە بۆ دامەزراندنی فەرمانبەران".

بەپێی راپۆرتێکی مونتەدای ئابووری کوردستان،59.15%ی بودجەی بەکارهێنانی ئەمساڵ بۆ مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان دەڕوات، ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوو 20.65% زیادی کردووە. هەر بەپێی هەمان راپۆرت، 38.6%ی بودجەی بەکارهێنانی عێراق بۆ مووچەی فەرمانبەرانی عێراق دەڕوات، ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوو بەرێژەی 16.6 زیادیکردووە.

بەپێی دوایین ئاماری وەزارەتی پلاندانان کە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیرانی کردووە ژمارەی فەرمانبەرانی حکومەتی کوردستان 486 هەزار فەرمانبەرەو ژمارەی مووچەخۆرەکانیش 1 ملیۆن و 100 هەزار کەسە.

رەشید تاهیر، بریکاری وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان، جیاوازی نێوان مووچەخۆرو فەرمانبەران بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە"فەرمانبەران ئەوانەن کە ئێستا لەحکومەتدا کاردەکەن، بەڵام مووچەخۆر خانەنشین و رێزلێنان و موختارو قوتابیش دەگرێتەوە".

لەبارەی ئەوەی ئایا ئەو 29 هەزار فەرمانبەرەی کە دەگوترا دادەمەزرێن لە یاسای بوودجەی کوردستاندا جێگایان بۆ کراوەتەوە، د.دلێر ئیسماعیل، سەرۆکی لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی کوردستان گوتی" ئەوە میلاکاتەو پێشکەشکراوە کە بۆ ساڵی 2008 دابمەزرێن و لەبودجەدا جێگەیان بۆ کراوەتەوە".

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی دامەزراندنی فەرمانبەران،ژمارەیەکی زۆر لە دەرچوانی کۆلێژو پەیمانگاکان لەچاوەڕوانی دامەزراندندان.

زانیار سەلام، دەرچووی کۆلێژی زاستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەددین، ئومێدی بەوە هەیە ئەمساڵ دابمەزرێندرێ، بەڵام دڵنیاش نییە لەدامەزراندنی و دەڵێت"پاش 16 ساڵ لەخوێندن و ماندوو بوون، ئەگەر بەفەرمانبەرێک داتنەمەزرێنن باشە بۆچی خوێندمان، ئەی ئێستا قوتابی بۆچی بخوێنێت؟".

لەهەموو جیهاندا، هەموو دەرچووانی زانکۆ لەلایەن حکومەتەوە دانامەزرێندرێن، بەڵکو زۆربەیان روو لە کەرتی تایبەت دەکەن.بەڵام لە وڵاتانی ئەورووپا حکومەت تاوەکو کاریان دەستدەکەوێ حکومەت پارەی ژیان دەداتە هاووڵاتیانی .

لەعێراق ئەمساڵ 150هەزار دەرچووی زانکۆ چاوەڕێی دامەزراندن دەکەن، لەکاتێکدا رێژەی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان و عێراق زۆر لە ستانداردی جیهانی زیاترە.

سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان ئەوە ناشارێتەوە کە لەیاسای بودجەی کوردستاندا جێگە بۆ دامەزراندنی فەرمانبەران کراوەتەوە، بەڵام ئەوەش دەخاتەڕووکە"ئەوە تەنیا پێشنیازیوەزارەتی پلاندانانە، ئەو هەواڵانەی باس لەدامەزراندنی فەرمانبەران دەکەن ئەسڵ و ئەساسیان نییە".

سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران هەروەها گوتیشی "لەدانانی بودجەی ئەمساڵ باس لەدامەزراندنی فەرمانبەران کراوەو زۆرترین فەرمانبەریش بۆ وەزارەتی تەندروستی و پەروەردە دەبێ".

## لەسنووری خانەقین

# پێشمەرگەو سوپا بەرامبەر یەکدی وەستاون و چاوەڕێی ئەنجامی گفتوگۆکانی بەغدان

**رووداو- خانەقین**

سەرچاوەیەکی سەربازی لەخانەقین رایگەیاند کە ئێوارەی رۆژی 2008/8/30 لەناوچەی (بان میل)ی نزیک خانەقین هێزی پێشمەرگەو سوپای عێراق بەتەواوەتی لەیەکتر نزیک بوونەتەوەو هەردوولا لەئینزاردا بوون بەرامبەر بەیەکدی.

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەدا کە هەرهەمان رۆژ هێزێکی گەورەی سوپا هاتوونەتە پردی حەلوانی نزیک جەلەولاو بەئاراستەی خانەقیندا هاتوون و گوتی "هێزی پێشمەرگە زوو بەجموجوڵەکانی سوپایان زانی و هێزێکی زۆریان لەخانەقینەوە بردە ناوچەکە، بەڵام سوپا بەبینینی هێزی پێشمەرگە هێزەکانیان کێشایەوە".

سەبارەت بەژمارەی هێزی پێشمەرگە، ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بهێنرێت رایگەیاند کە تەواوی لیوای 34ی گەرمیان هێنراونەتە دەوروبەری خانەقین و ئێستا لەئامادەباشیدان، گوتیشی "پارتیش هێزێکی زۆری هێناوەتە خانەقین و جێگیری کردوون".

سەرچاوەکە باسی لەوەشکرد کەفەرمانیان پێکراوە بەهیچ شێوەیەک رێگە بەهاتنە ناوەوەی سوپا بۆ ناو خانەقین نەدەن. هەر هاوکات لەگەڵ ئەو جموجوڵە سەربازیانەدا، دەزگا حیزبیەکانی خانەقین بەهەزاران ئاڵای کوردستانیان بەنێو دانیشتوانی ئەو شارەدا دابەش کردووە. لەگەڵ رۆیشتنە ژوورەوەدا لەدەروازەی خانەقین، بەهەزاران ئاڵای کوردستان لەسەر ماڵەکان هەڵکراوەو دیمەنی بڵاوبوونەوەی پێشمەرگەش لەدەوروبەری خانەقیندا تەواو سەرنجی هاتوچۆکەران رادەکێشێ.

خراپی بارودۆخی ناوچەکەو ئەگەری بەرپابوونی شەڕ لەنێوان سوپاو هێزی پێشمەرگە وای کردووە کەچەندین بەرپرسی باڵای یەکێتی و پارتی لەخانەقین بمێننەوە، ئەو بەرپرسانە بەردەوام لەکۆبوونەوەدان لەگەڵ عەرەبی ناوچەکەو هێزە فرەرەگەزەکان و واش بڕیاربوو ئێوارەی رۆژی 8/30 نوێنەری سوپای عێراق بەمەبەستی دانیشتن لەگەڵ بەرپرسە کوردەکاندا سەردانی خانەقین بکات، بەڵام نەهاتن بۆ کۆبوونەوەکەو هەرهەمان رۆژ مەلا بەختیار نوێنەری سەرۆکایەتی هەرێم و کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەدەروازەی مونزەریە لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان‌دا کۆبووەوە.

سەبارەت بەهەڵوێستی عەرەبی ناوچەکە بەرامبەر بەهاتنی سوپا، سەرچاوەیەکی حیزبی لەخانەقین بە (رووداو)ی گوت "عەرەبەکان دابەش بوون بەسەر سێ کۆمەڵدا، بەشێکیان هەڵوێستیان لەگەڵ کورددایە و هەندێکیان دژی کوردن و بەشەکەی دیکەش بێلایەنن".

ئەو سەرچاوەیە باسی لەوەکرد کە عەشیرەتی کروی لەناوچەی جەلەولا بەهەموو شێوەیەک دژی کورد کاردەکەن و هاوکاری سوپا دەکەن، لەبەرامبەریشدا چەندین عەشیرەتی دیکە هەڵوێستیان لەگەڵ کورددایە.

دەربارەی دوا گۆڕانکاری بارودۆخی ئەمنی ناوچەکەو کێشەی نێوان سوپا و پێشمەرگە سەرچاوە حیزبیەکە ئاماژەی بەوەدا کە هێشتا دۆخەکە وەکو خۆی نائارامەو چاوەڕێی ئەو وەفدە دەکەن کەدەچێتە بەغدا بۆ قسەکردن لەسەر کێشەکە.

عامر رەفعەت ئەندامی لیژنەی ئەمنی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو) ئاماژەی بەوەدا کە ئەگەری ئەوە هەیە سوپا هەڵمەتە سەربازیەکانیان لەناوچە کوردنیشینەکانی دیالە دەست پێبکەنەوە و گوتی"رەنگە هەڵمەتەکەی ئەمجارە ناو خانەقینیش بگرێتەوە".

لەلایەکی دیکەوە مستەفا وادی لێپرسراوی ناوچەی قەرەتەپەی پارتی لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی"لەدوای خۆپێشاندانەکەی چەند رۆژی رابردووی دانیشتوانی ناحیەی جەبارە دژ بەهاتنی سوپای عێراق، سوپا هێزێکی زیاتریان هێناوەتە ناو قەرەتەپە".

مستەفا وادی باسی لەوەش کرد کە شەوێک دوای خۆپێشاندانەکە، سوپا لەناوچەکەدا کەوتووەتە جموجوڵ و هەر هەمان شەو فڕۆکە تا بەیانی بەسەر ئاسمانی قەرەتەپەدا سوڕاوەتەوە، هەروەها رایگەیاند کە حیزبە کوردییەکان هێشتا بارەگاکانیان لەناو قەرەتەپەدا چۆڵ نەکردووە و لەشوێنەکانی خۆیان ماونەتەوە.

هاوکات سەرچاوەیەکی بەرپرس لەقەرەتەپە لەبارەی جموجوڵی سوپاوە ئاماژەی بەوەدا کە هێزەکانی سوپای عێراق بەگوندەکانی سەرووی قەرەتەپەدا بڵاوبوونەتەوەو گوتی "دوو رۆژ لەمەوبەر لیوایەک سەربازیان لەروومادیەوە هێناوەتە ناوچەکانی جەلەولا و سەعدیە".

ڕیپۆرتاژ

## هێرشدەکرێتە سەر خێزانی ڕۆژنامەنووسێکی کورد



ڕووداو- بەغدا

◆ ئێوارەی ڕۆژی 2008/8/24، شەش چەکداری دەمامکدار لەبەغدا هێرشیان کردە سەر خێزانی ڕۆژنامەنووسی کوردی فەیلی، سادق جەعفەر مەولایی، سکرتێری نووسینی گۆڤاری (اراء)ی دەزگای شەفەق لە بەغدا، لەئەنجامدا خوشکێکی گیانی لە دەستدا و خۆی و کچێکی و دایکیشی بریندار بوو. مەولایی، کە ماڵی لە گەڕەکی جەمیلەی بەغدایە بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو چەکدارانە دوای پشکنینی ماڵەکەم لەکاتی دەرچوونیان دەستدرێژیان لێکردین".

# خەڵکی کەرکووک دوودڵن

سەماح جاف
ڕووداو–کەرکووک

لە کاتێکدا پارت و گرووپە سیاسییەکان هیچ هەڵسوکەوتێکیان سەبارەت بە هەڵبژاردنی داهاتوو نەنواندووە،بەڵام کەسانێک هەن لە کەرکووک سەرگەرمانە لە چاوەڕوانیی بەشداریکردنن لەو هەڵبژاردنەدا بەوەی کە پرسێکی نەتەوەییە، هەندێکی دیکەش ئامادە نین بچنە دەنگدان چونکە گلەییان لە خراپیی خزمەتگوزاریی نێو شار هەیە.

شاری کەرکووک لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامەوە سێ هەڵبژاردنی بە خۆوە بینی کە بە لای هەندێک کەسەوە بە تەزویر و ساختەکاری لە قەڵەمدرا،دواتریش حیزبەکان لە پێناو بەدەستهێنانی بەرپرسیارێتی ئیداری لە شارەکەدا کەوتنە کێبڕکێ.

لە پاش ئەو بەڵێنانەی پارتە سیاسییەکان بە هاووڵاتییانیان دا سەبارەت بەو دەنگەی بە ئەوانیدەدەن، بەوەی کە باشترین خزمەتگوزارییان پێشکەش دەکەن و مافی ئەوان لەو شارە فرە نەتەوە و فرە ڕەنگ و دەوڵەمەند بە نەوتەدا دەستەبەر دەکەن، بەدینەهاتنی ئەو بەڵێنانە وایکرد ئەو خەڵکە متمانەی بەو پارت و گرووپە سیاسییانە نەمێنێ.

ڕۆنی ئەنوەر، کریستیانێکی تەمەن 32 ساڵە، کەسێکی کاسبکارە و لە ڕەوشی ژیانی خۆی نارازییە، بۆ ئەوەش ئەو بەرپرس و سەرکردە سیاسییانە تۆمەتبار دەکات کە حوکمی شارەکە دەکەن، دەڵێ "لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ناچمە هەڵبژاردن تا دەنگ بە خەڵکانێکی درۆزن بدەم کە هەر لە خەمی پۆستەکانی خۆیاندان و بەڵێنی درۆ دەدەن، ئیدی ئەوەی دیتمان بەسە و، با بۆ ژیان و گوزەران پشت بە خۆمان ببەستین".

ئەنوەر ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەو بەڵێنانەی پارتەکان لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا بە لایەنگرانی خۆیان دان، هەر تەنیا ئاکامی نەرێنییان لێکەوتەوە، بووە مایەی تێکدانی ئاسایشی شارەکە و هەڵایسانی گرژیی نەتەوەیی لە نێوان پێکهاتەکانیدا. ڕۆنی گوتی "ئەگەر بچمە دەنگدانیش هیچ سوودێکی نابێت، چونکە ئەنجامەکەی دەزانم و لە بەرژەوەندیی تاکە لایەنێکدا دەبێت، وەک جارانی پێشوو".

بێ متمانەیی خەڵک بەرامبەر پارتەکان و سیاسەتمەدارانیان، جۆرێک لە گرژی و نارەحەتیی سەبارەت بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی داهاتوو دروستکردووە، بە پێچەوانەی جارانی پێشووکە سەرگەرمییەکیان هەبوو، چونکە لەو بڕوایەدا بوون کە هەڵبژاردن باشترین چارەسەرە بۆ گرفتی کەرکووک و پێشکەشکردنی چاکترین خزمەت بە شارەکە، کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام حوسێندا چەندین شێوازی سەرکوتکردن دژ بە خەڵکەکەی پیادە دەکرا.

سوهام عەلی، بێوەژنێکی تەمەن 50 ساڵی کوردە، ئەو دایکی حەوت منداڵە و خێزانەکەشی یەکێکە لەو خێزانە ئاوارانەی لە دوای ڕووخانی سەدام حوسێنەوە گەڕاونەتەوە کەرکووک، ئێستا لەگەڵ چەندان خێزانی ئاوارەی گەڕاوەی کورددا لە گەڕەکی فەیلەقدا نیشتەجێن. ئەو دەڵێ "من سێ جار بەشداریی هەڵبژاردنم کردووە، کەچی تا ئێستا کۆڵانەکانمان قیرتاو نەکراون و بە حاڵ ئاوی خواردنەوەمان دەست دەکەوێت، جا بۆچی لەم هەڵبژاردنەشدا بچم دەنگبدەم".

هەروەها گوتی "هەموو خەڵک، کورد بەوە تۆمەتبار دەکەن کە دەستیان بەسەر کەرکووکدا گرتووە و لە ناز و نیعمەتدا دەژین، ئەوە دەشبینی ئێمەی ئاوارە چ سوودێکمان لە بەڵێنی بەرپرسانمان وەرگرتووە، ئەوان لە شەڕی پۆست و کورسیدان و ئێمەش بە درێژایی ڕۆژ بە دوای لەتێ نان و قومێ ئاو و هەندێ سووتەمەنیدا وێڵین".

نەگەیشتن بە ڕێککەوتن سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و بڕیار نەدانی کاتێکی دیاریکراو بۆ هەڵبژاردن، خەڵکی لەوە سارد کردووەتەوە کە بە دوای هەبوونی ناوی خۆیاندا بچن و ناوی خۆیان لە نێو لیستی دەنگدەراندا بنووسن بە مەبەستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، هەرچەندە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، پاش ئەوەی دیتی پرۆسەی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران سستە، دوو جار (تا 8/21 و پاشان تا 2008/8/28) وادەی ناونووسینی درێژ کردەوە. سەرچاوەیەکی ئاگاداریش لای وایە ئەم وادەیە جارێکتریش درێژدەکرێتەوە.

فەرهاد تاڵەبانی بەڕێوەبەری نووسینگەی کەرکووکی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن دەڵێ "هەرچەندە ماوەی ناو نووسینیشمان درێژ کردەوە، بەڵام ژمارەی ئەوانەی ناوی خۆیان نووسیوە لە ئاستی پێویستدا نییە".

ئاماژەشی بەوە دا کە حکوومەت و پارتە سیاسییەکان و میدیا ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە هاتنی خەڵک بۆ هەڵبژاردن، لەبەرئەوەی پرۆسەی سیاسی لە ڕوانگەی خەڵکەوە لە ئاستی پێویستدا نەبوو، ئەمەش بە شێوەیەکی نەرێنی کاری لە بەشداریکردنی ئەوان کردووە لە هەر پرۆسەیەکی سیاسیدا "ئەو بێ متمانەییەی خەڵک بەرامبەر بە حکوومەت و پارتەکان هەیانە، هەروەها بێ بڕواییان بەرامبەر بە پرۆسەی سیاسی، وای لێکردوون پەرۆشی بەشداریکردنی هەڵبژاردنی داهاتوو نەبن".



لەو شتە باشانەی کۆمیسیۆنی باڵا لەپێناو هاندانی هاووڵاتیان بە ئاراستەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی داهاتوو کردبووی، کردنەوەی بنکەی پەیوەندییە بە ناوی (مۆبایل سەنتەر)، لەم ڕووەوە گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای ناوخۆدا وەک کۆمپانیای (ئاسیا سێڵ و عیراقونا و کۆرەک تیلیکۆم) مۆر کراوە، بۆ دەستەبەرکردنی ژمارە مۆبایلی خۆڕایی بۆ هاووڵاتیان تا بتوانن لە ناوەکانیان دڵنیا بن و ناویان بۆ هەڵبژاردن تۆمار بکەن، بە تایبەتی لەو ناوچانەی بنکەی خۆراکیان لێ نییە، وەک شارۆچکەکانی (ڕەشاد و قەرەهەنجیر و شوان و مولتەقا)ی سەر بە کەرکووک.

نووسینگەی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن لە کەرکووک ڕایگەیاند کە 23 بنکەی سەرەکیی هەڵبژاردن و 4 بنکەی لاوەکی هەن، لە نێویاندا 14 بنکە لە نێو شاردان و 9 بنکەش لە دەرەوەی شاردان، کە بوار هەیە دەنگدەران بە ئاسانی لەو بنکانەدا دەنگبدەن کە لە نزیکی شوێنی نیشتەجێ بوونیانن، هەروەها تێچووی ئەو ڕیکلام و ئاگادارییانەی بۆ هەڵبژاردن کراون گەیشتووەتە 6 ملیۆن دینار بۆ ئەو پۆستەرانەی لە ڕێوبان و شەقامەکانی شاردا هەڵواسراون.

فەرهاد تاڵەبانی ئاماژەی بەوەدا کە 70 هەزار دەنگدەر سەردانی بنکەکانی ناونووسینی سەر بە کۆمیسیۆنیان کردووە لە کەرکووک بە مەبەستی دڵنیا بوون و تۆمار کردنی ناویان، ئەو ژمارەیەش لە کۆی 412،688 دەنگدەرە کە لە نووسینگەی کۆمیسیۆندا ناویان هەیە.



ئێستا ژمارەی دانیشتووانی پارێزگای کەرکووک بەپێی دوایین ئاماری بەڕێوەبەرایەتیی خۆراک لە شارەکەدا، پتر لە 1.250.000 کەس دەبێت. ژمارەی دانیشتووانی شارەکە بە ڕێژەی 35% زیادی کردووە، بەوەی لە پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسەوە، 450 هەزار دەرکراو لە هەولێر و سلێمانی و شارەکانی دیکەی عێراقەوە گەڕاونەتەوە کەرکووک.

ئەحمەد عەزیز،تەمەن 29 ساڵ، جل فرۆشێکی گەڕۆکە لە یەکێ لە گەڕەکەکانی کەرکووک، دەڵێ "تا ئێستا نازانین کێ هەڵبژێرین یان کەی هەڵبژاردن دەکەین، هەروەها چارەنووسی کەرکووک چیدەبێت و ئاخۆ سنوورێکیش بۆ ئەو گرفت و ململانێی نەتەوەییە دادەندرێت، هەموو ئەم شتانە هانم نادەن بە دوای ناوی خۆم وخێزانەکەمدا بچم بۆ هەڵبژاردن"، هەروەها دەڵێ"من دەنگبدەم یان نەیدەم چ جیاوازییەکی هەیە، لەم وڵاتەدا هەموو شتێک لە ڕووی سیاسییەوە یەکلایی کراوەتەوە".

"من و خێزانەکەم ئەم هەڵبژاردنە بایکۆت دەکەین" ئەمە قسەی جەودەت کازمی تەمەن 41 ساڵی بوو کە عەرەبێکی سوننەی دانیشتووی کەرکووکە، هەستی گاڵتەجاڕی بە سەر و سیمایەوە دیاربوو، قسەکەشی بەم جۆرە ڕوونکردەوە "وێڕای ئەو مەترسییانەی لە هەڵبژاردنەکانی دیکەدا هەبوون، بەڵام هەر چووین و دەنگمان دا، کەچی بە تەزویر و پێشێلکردنی یاسا ئەنجامەکەیان هەرتێپەڕاند و ئێمەش لەم شارەدا مافخوراو بووین و تا ئێستاش هەر باجی گێلایەتیی خۆمان لەو هەڵبژاردنەدا دەدەین".

لە نێو تێکڕای ئەو تۆمەتانەی دەربارەی ناپاکیی هەڵبژاردنەکانی پێشوو دەگوترێن و ئەگەری ڕوودانی هەمان شت لە هەڵبژاردنی ئەمجارەشدا، بەڕێوەبەری نووسینگەی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن لە کەرکووک دووپاتیکردەوە کە ئەم هەڵبژاردنە بواری ساختەکاریی تێدا نییە، چونکە کار بە پێی میکانیزمێکی نوێ دەکرێت لە ڕووی کارتی دەنگدانەوە کە بواری تەزویرکردنی تێدا نییە، هەروەها ژمارەی چاودێرانی سەر بە قەوارە سیاسییەکان و میدیاکاران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە جارانی دی زیاترن، کە کار بۆ شەفافی و پاکیی ئەو پرۆسەیە دەکەن.

ڕایدە حەسیب، تەمەن 30 ساڵ، فەرمانبەرێکی تورکمانە، ئاماژەی بەوە دا کە هەڵبژاردن لە کەرکووکدا هەر تەنیا کێبڕکێی حیزبایەتییە، دەڵێ"من دڵنیام ئەم هەڵبژاردنەش وەک ئەوانی پێشتر هیچ خزمەتێکی خەڵکی شارەکە ناکات، بە داخەوە هەڵبژاردن لە کەرکووکدا تەنیا بووەتە ئەرکێکی نەتەوەیی".واتە نەتەوەکان لەپێناو مافی نەتەوەکەیاندا دەچن دەنگدەدەن، نەک بە ئارەزووی کەسیی خۆیان.

هەروەها گوتی"لە ڕووی پاکی و ڕاستگۆییەوە هیچ گەشبین نیم بەم هەڵبژاردنە، بێگومان پێشێلکاری و تەزویری تێدا دەکرێت".

حاجی عەبدوڵڵا کە تەمەنی لە شەستەکاندایە، لە بن کوشکێکی بچووکدا خەریکی پینەدۆزی بوو، هەر لە ئێستاوە بڕیاریداوە بەشداری لە هەڵبژاردندا نەکات"من بۆ هیچ حیزبێ بەشداری لە هەڵبژاردندا ناکەم، چونکە هیچ سوودێکم لێیان نەبینیوە و هیچ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریشیان لە ناوچەکەی ئێمەدا جێبەجێنەکردووە، هەڵبژاردنیش هەر تەنیا هەڵواسینی هەندێ لافیتە و دروشمی حیزبەکانە لە سەر دیوارەکان".

بەڵام خەڵکانی دیکەش هەن کە پشتگیری لە بیرۆکەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی داهاتوو دەکەن، هەروەها بە ئەرکێکی نەتەوەیی و چارەنووسسازی دەزانن بۆ کەرکووک.

کاروان ئیسماعیلی تەمەن 39 ساڵ، خاوەن نووسینگەی خانووبەرەیە، ئاماژەیدا کە هەندێ لەو بەڵێنانەی لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا دران جێبەجێکران و هەندێکیان هەر قسە بوون. ئەو کە بیرۆکەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی داهاتووی لە مێشکی خۆی دەرهێنا بوو دەڵێت "لە پاش ئەو ڕووداوانەی لە 7/28دا لە کەرکووک ڕوویاندا و ئەو تەقینەوە تیرۆرستییەی لە کاتی خۆپیشاندانەکە لە نێو خەڵکی بێ گوناحدا قەوما، بڕیارمدا بە خاوخێزانەوە بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا بکەم و لەگەڵ گزنگدا دەچمە بەردەم بنکەی دەنگدان، بۆ ئەوەی دەنگی ئەو شەهیدانەی لەو خۆپیشاندانەدا بوونە قوربانی بە فیڕۆ نەچێت، کە داوای مافی ڕەوای خۆیان دەکرد".

گوتیشی "هەرچەندە سەرکردە وبەرپرسانی ئێستا هەموو توانای خۆیان ناخەنە گەڕ بۆ دەستەبەر کردنی خزمەتگوزاری و شتی دیکەی لەو جۆرە، لەگەڵ ئەوەشدا کار بە ئاراستەی بەدیهێنانی ئامانجی خۆیان و ڕازیکردنی لایەنگرانیان لە خەڵکی ئەم شارە دەکەن، هەرچەندە کارەکەیان هێواشیش بێت".

جەبار قاسمی تەمەن 50 ساڵ، عەریزەنووسێکی عەرەبی شیعەیە، کە لەبەر گەرمای تاقەت پڕووکێنی ئەم هاوینەدا لە بەردەمی یەکێ لە فەرمانگەکانی حکوومەت دانیشتووە گوتی"ئومێد دەکەم ئەم هەڵبژاردنە لەوانی پێشوو پاکتر و دیموکراسییانەتر بێت، بڕیارمداوە بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەم و دەنگ بەو کەسە بدەم کە خزمەتی شاری کەرکووک دەکات بەدەر لەوەی سەر بە چ نەتەوە و ئاینێکە".

### سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک: بارتۆ نەیگووت ریفراندۆم لە کەرکووک ناکرێت

# بەرەی تورکمانی پێشنیاز دەکات خانەقین، کەلار و چەمچەماڵ، دوزخورماتوو و تەلەعفەر بکرێنە پارێزگا

ڕووداو– کەرکووک

لەسەردانی هەفتەی ڕابردووی شاندی UNدا بۆ کەرکووک، بەرەی تورکمانی پێشنیازی کرد کە قەزاکانی : خانەقین، کەلارو چەمچەماڵ کە سەنتەرەکەی کەلاربێ، دوزخورماتوو، تەلەعفەر هەر یەکیان بکرێنە پارێزگای جیا و ئیدارەی کەرکووک و موسڵیش بکرێنە ئیدارەی هاوبەش.

شاندی نەتەوەیەکگرتووەکان ناوەڕاستی هەفتەی ڕابردوو بۆ گوێگرتن لە ڕاوبۆچوونی لایەنە سیاسییەکان و نوێنەری پێکهاتەکانی ئەو شارە سەردانی کەرکووکیان کرد و چەند کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ئەنجوومەنی قەزاو ناحیەکانی سەر بەو پارێزگایە سازکرد.

جەمال شان، سەرۆکی حیزبی نیشتیمانی تورکمانی، کە لایەنی سەرەکی نێو بەرەی تورکمانییە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەو پێشنیازە شتێکی نوێ نییەو پێشتریش داواکراوە. جەمال شان لەوبارەوە گوتی"پێشنیازمان کردووە ئەو شوێنانەی کێشەیان لەسەرە بکرێنە پارێزگا وەک دووزخورماتوو، خانەقین، کەلار و چەمچەماڵ و تەلەعفەر، ئەمەش ببێتە نموونەیەک بۆ ناوچەکانی دیکە کە لەنێوەڕاست و باشووری عێراق کێشەیان لەسەرە". ڕاشیگەیاند کە ئەوان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئیداریی ئەو ناوچانە ئەو پێشنیازەیان کردووە.

سەرۆکی حیزبی نیشتیمانی تورکمانی هەروەها گوتی "چەمچەماڵ و کەلار کە کرانە پارێزگا با سەر بەهەرێمی کوردی بن، دوزخورماتووش سەر بەناوەند بێ و ئەمەش نابێتە ڕێگر لەبەردەم گەڕانەوەی دەرکراوەکان". هەروەها ڕاشیگەیاند کە ئەوان پێشنیازی ئیدارەیەکی هاوبەشیان بۆ کەرکووک و موسڵ کردووە، بەجۆرێک کە وەک ئەوگوتی "هەموو پێکهاتە سیاسییەکان تێیدا بەشداربن".

جەمال شان ئەوەی ڕەتکردەوە کە لەسەر خوا ستی تورکیا ئەم پێشنیازانەیان گەڵاڵە کردبێت و گوتی "جگە لەحیزب و کەسایەتییە تورکمانییەکان کە بەتەلەفۆن پشتیوانی خۆیان بۆ ئەو پێشنیازانە پێڕاگەیاندووم، هیچ بڕیارێکم لەهیچ لایەنێکەوە وەرنەگرتووە"، لەهەمانکاتدا گوتیشی تائێستا هیچ کاردانەوەیەکی عەرەبی و کوردیم لەوبارەوە پێنەگەیشتووە.

ئەمسەردانەی شاندی نەتەوەیەکگرتووەکان لەکاتێکدایە کە واچاوەڕواندەکرێت ستیفان دیمستۆرای نێردراوی تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ عێراق لەم مانگەدا قۆناخی دووەم و سێیەمی ڕاپۆرتی چارەسەرییەکەی خۆی بۆ ناوچە کێشەلەسەرەکانی وەک کەرکووک و ناوچەکانی دیکە بخاتەڕوو، دوای ئەوەی قۆناخی یەکەمی سەبارەت بەمەخمور و مەندەلی لەلایەن نەتەوەکانی عێراقەوە ڕەتکرایەوە.

ئەحمەد عەسکەری ئەندامی لیستی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"وەفدی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ گوێگرتن لە ڕاوبۆچوونی هەموو لایەک هاتنە کەرکووک و پاشان زانیارییەکانیان بدەنە دیمستۆرا".

هەر پاش سەردانی شاندەکە ئەحمەد ئەلعوبێدی سەرۆکی گردبوونەوەی کۆماریی عەرەبی لە کەرکووک ڕایگەیاند کە پێشنیازەکانی دیمستۆرا جێگای مەترسین بۆ سەر شاری کەرکووک و داوای لەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە کرد کە کەسێکی دیکە لە شوێنی دیمستۆرا دابنێ.

ئەلعوبێدی لەوبارەوە بە ئاژانسی دەنگوباسی ئەڵمانی DPAی ڕاگەیاند "ئێمە لەگەڵ برایانی تورکمان هاوڕاین کە پێویستە ستیفان دیمیستۆرا لە نوێنەرایەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لاببرێ و یەکێکی دیکە لە شوێنی ئەو دابنرێ، چونکە هەست دەکەین پێشنیازەکانی مایەی مەترسین بۆ سەر واقیعی شاری کەرکووک".

عوبێدی هەروەها داوای جێبەجێکردنی بەندەکانی ئەو ڕێککەوتنەی کرد کە لەگەڵ لایەنی کوردی دەربارەی ئیدارەی هاوبەشی شاری کەرکووک ئیمزا کراوە.

قسەکانی عوبێدی لەکاتێکدان کە شاندی نەتەوەیەکگرتووەکان لەو سەردانەدا تەنیا لەگەڵ هەردوو لایەنی کوردو تورکمان کۆبوونەوەو چاویان بەهیچ کەسێکی عەرەب نەکەوت، ئەوەش عەرەبەکانی کەرکووکی تووڕەکرد. هەرچی لایەنی تورکمانیشە ڕایانگەیاند کە بۆچوونەکانی دیمستۆرا مایەی دڵخۆشی نین و بە لایەنگری کردنی کورد تۆمەتباریان کرد.

بەرپرسانی بەرەی تورکمانی ڕایانگەیاند کە پێویستە نوێنەرایەتی نەتەوەیەکگرتووەکان "بەشێوەیەکی شەفاف کاربکات و بەڵگەنامەو ڕاستییە مێژووییەکان دەربارەی کەرکووک لەبەرچاو بگرێت".

پیتەر بارتۆ سەرۆکی لیژنە نێودەوڵەتییەکان بۆ ناوچەکانی ململانێ لەسەرەکان لەڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە تورکمانەکانی ڕاگەیاندبوو کە هەرکاتێک پێشنیازەکانی دیمستۆرا ڕاگەیێندران، ئەوان دەتوانن ڕەخنەی لێبگرن، یاخود بیدەنە دادگای فیدراڵی.

بەپێی ئاژانسی DPA پیتەر بارتۆ ڕایگەیاندبووکە هیچ ریفراندۆمێک لەکەرکووکدا ناکرێ و ئەوە ڕای نەتەوەیەکگرتووەکانیشە، بەڵام ڕزگار عەلی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕەتیکردەوە کە بارتۆ لێدوانێکی لەوجۆرەی دابێت و گوتی "ئەوان لەگەڵ ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان دانیشتن بەئامادەبوونی من و پارێزگار، دواتر پیتەر بارتۆ لێدوانێکی گشتی دا، بەڵام ئەو قسەیەی نەکردووە".



دیمەنێک لە شاری کەرکووک

## کوردستانی



### تورکیا سەرۆک شارەوانییەکی گوێبڕ ئازاد دەکات

ڕووداو-شرناخ

◆ مەتحی ئۆلکا، سەرۆکی شارەوانی فیندیکلی سەر بە ویلایەتی شرناخی باکووری کوردستان، بە گەزە گوێی خوشکەکەی لێکردووە و، دوای ئەوەی لەلایەن دادگاوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا، ئازاد کرا. ئەو سەرۆک شارداریە کە لەهەمانکاتدا جاشیشە، دوای ئازادکردنی داواکاری گشتی سکاڵایەکی لە دژ تۆمار کردووە، هەروەها پارێزەر ئەرگوڵ، کە پارێزەری خوشکی ئۆلکایە، داوای پێداچوونەوەی بە بڕیارەکەی دادگادا کرد.

# یەشار کەمال قەت دەوڵەتی تورک نابەخشێت



دلبخوین دارا
Info@avestakurd.net

ڕووداو- ئەڵمانیا

ڕۆماننووسی نێوداری بەرگەز کوردی تورکینووس، یەشار کەمال کە ماوەیەکی درێژە تورەببوو و نەیدەویست لەگەڵ هیچ ڕۆژنامە، گۆڤار، تەلەڤزیۆن و ئاژانسێکی دیکە قسەبکات، بەمدواییە بێدەنگی خۆی شکاند و گوتی ئەو لە دەوڵەتی تورکیا نابوورێت.

نووسەری ڕۆمانی نێودار ئینجە مەمەد (مەمەدێ زراڤ- حەمەدۆک)، کە بۆ زۆر زمان هاتووەتە وەرگێڕان، لەسەر کێشەی کورد و ڕەوشی ئێستای تورکیا ئاخڤی. یەشار کەمال گوتی "ئەز قەت لە دەوڵەت نابوورم". باشە یەشار کەمال بۆچی دەوڵەتی تورک عەفووناکات؟

یەشارکەمال لە مامەڵەکردنی لەگەڵ کێشەی کورد رازی نییە " دەوڵەت ناحەقی بەرامبەر کورد کردووە، ئێستاش هەروا بەردەوامە". هەروەها دەڵێ کە ئەو ڕۆژی خۆشی لە تورکیا نەبینیون، جگە لە ڕۆژانی "شوفێرایەتیکردنی تراکتۆر". یەشار کەمال دووساڵ و نیو لە پارێزگای ئەدەنە شوفێری تراکتۆر بووە و دەڵێ" ڕۆژانی هەرەخۆشم ئەوکاتبوون".

کەمال ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو دوو زمانی هەیە، هەردووکیشیان بەباشی دەزانێ: تورکی و کوردی.

لەسەر مافی خوێندن و پەروەردە بە زمانی کوردی کە ئێستا بووەتە یەکێک لە ئامانجەکانی خەباتە جەماوەرییەکانی کورد لە تورکیا و باکووری کوردستان، یەشار کەمال هەموو کاتێک ئەو زمانەی پاراستووە و هەموو کاتێک جەختی لەسەر بەدەستهێنانی ئەو مافە کردووەتەوە دەڵێ " دەبێ تورکیا مافی پەروەردە بداتە کوردان، پەروەردە بە زمانی کوردی مافی کوردانە".

یەشار کەمال، کە زۆرجار بووەتە پاڵێوراوی خەڵاتی نۆبڵ لە بواری وێژەدا، دەڵێ " کاتێک ئەز لە ساڵی 1920 دا هاتمە دنیا، کێشەی کورد هەبوو، تا ئێستاش هەیە".

نهێنییەکی دیکەی یەشار کەمال، ناوەکەیەتی.ئایا کێ ناوی لە یەشار کەمال ناوە؟ ئەو بەخۆی وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە"دۆستێکی ئەتاتورک، کە ناویم بە بیر نایێتەوە، برادەری باوکی من بوو، ئەو ناوی لە من نا کەمال، بەڵام ناوەکەی دیکەم لە ئەنقەرە عەبدین دینۆیە".

هەموو لێدوان و قسەکانی یەشار کەمال لەلایەن داواکاری گشتی کۆماری تورکیاوە لێیدەکرێنە تۆمەت و تاوەکو ئێستا دەیان جار لە سەر قسەکانی چووەتە بەردەم دادوەر.

هەندێک کەس هۆی نەدانی خەڵاتی نۆبڵ بە یەشار کەمال دەگەڕێننەوە بۆ " ناسەقامگیری" و"بێ جەسارەتی" ئەو. هەندێک دەڵێن لەبەر ئەوەی کوردە خەڵاتی نۆبڵی پێنادەن. بەڵام ئەو نۆبڵ وەربگرێ یان نا، تا ئێستا پایەبەرزییەکەی خۆی لە نێو وێژەدا لە دەست نەداوە.زۆرجار بە خۆیشی دەڵێ " من هەتا هەتایە هەر پاڵێوراوی خەڵاتی نۆبڵ دەبم".

یەشار کەمال، لەو هەڤپەیڤینە درێژەیدا لەگەڵ نووسەری تورک نازم ئەڵپمان دەڵێ" لەبەر ئەوەی تورکیا هێندە ناحەقی بەرامبەر من کرد، ئەز قەت لە دەوڵەت خۆشنابم".



یەشار کەمال لەگەڵ نازم ئەڵپمان

## ئەندامێکی پێشووی ژیتەم:

# ژیتەم لەپشت کوشتنی موسا عەنتەرەوە بوو



هێمن خۆشناو
ڕووداو-ئامەد

ئەندامێکی پێشووی دەزگای هەواڵگریی سەربازیی تورکیا – ژیتەم jitem، بۆ یەکەمجار ئاشکرایکرد کە ژیتەم لەپشت تیرۆرکردنی موسا عەنتەر بووە. سەرۆکی پارتی داخراوی HEP یش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەوەی موسا عەنتەری تیرۆرکرد ئەندامی ئەرگەنەکۆن بوو".

موسا عەنتەر، نووسەر و ڕۆژنامەڤانی نێوداری باکووری کوردستان، لەساڵی 1920 لەگوندی زڤینگی سەر بەناوچەی نسێبینی باکووری کوردستان لەدایکبووە. لە ساڵی 1944 ژنی هێناوەو بووەتە باوکی دوو کوڕو کچێک، بەناوەکانی عەنتەر، دیجلە و ڕەوشەن.

موسا عەنتەر، کەکاتی خۆی بۆ خوێندنی فەلسەفە دەچێتە ئیستەنبول، لەسەر داوای فایق بوجاق، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا، یاسا دەخوێنێت. هەر لە ئیستەنبول تێکەڵی ڕۆشنبیرانی کورد دەبێ، موسا عەنتەر کاریگەرییەکی زۆری لە ڕۆشنبیرانی کورد دەکرد، ساڵی 1959 لەگەڵ 48 ڕۆشنبیری دیکەدا گیرا، کە گرووپەکەیان بە گرووپی 49 کەسی ناسرا. دواتر هەر لەزینداندا فەرهەنگێکی 6 هەزار وشەیی بەزمانی کوردی دەنووسێت، کە لەوکاتدا نووسین و قسەکردن بە زمانی کوردی قەدەخە بوو، هەر خودی موسا عەنتەریش لەبەر ئەوەی ئاوازی کوردی گوتبوو بە ئەنجامدانی کاری گران لە زیندان دا سزا درا.

موسا عەنتەر بەهۆی چالاکییە سیاسی و ڕۆژنامەڤانیەکانی چەندین جار زیندانیکراوەو بەردەوام لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە چاودێری و دژایەتی دەکرا تاوەکو دواجار لەساڵی 1992 لەشاری ئامەد، موسا عەنتەریش وەک دەیان کەسایەتی کوردی باکووری کوردستان دەبێتە ئامانجی ڕووداوێکی بکەر نادیار و دەکوژرێت. ئێستاش ئاشکرابووە ئەو ڕووداوانە کە لەلایەن دەوڵەتەوە بە ڕووداوەکانی "بکەر نادیار" تۆمارکراون، دەوڵەتی قوڵی تورکیا ( سوپا، دادگای باڵا، دەزگای هەواڵگریی سەربازیی-ژیتەم و دەزگای سیخوڕی –میت ) ئەنجامیداون.

دوای تێپەڕبوونی پتر لە 13 ساڵ بەسەر تیرۆرکردنی ئاپێ موسادا، بۆ یەکەمجار ئەندامێکی کۆنی ژیتەم، دانی بەوەدانا کە موسا عەنتەر لەلایەن ژیتەمەوە تیرۆر کراوە.

عەبدولکەریم ئایگان، کە پێشتر بۆ ژیتەم کاریکردووە، بۆ یەکەمجار قسەی لەبارەی تیرۆرکردنی موسا عەنتەر کرد و ڕایگەیاند کە ژیتەم لەپشت تیرۆر کردنی موسا عەنتەربوو، بەو لێدوانەش ناوەندەکانی تورکیای هەژاند. هەروەها ناوبراو ئاشکراشیکرد کە "موسا عەنتەر بە فەرمانی ڕاستەوخۆی وەلی کوچوک تیرۆر کراوە". وەلی کوچوک، لەسەردەمی تیرۆرکردنی موسا عەنتەردا سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی سەربازیی تورکیا بوو.

ئایگان، لەساڵی 1978 چووەتە ناو ڕیزەکانی PKK، لەساڵی 1985 دەستگیرکراوە،بەڵام بەپێی دەنگۆکان کاتی خۆی خۆی داوەتە دەست دەوڵەت و، لەنێو زینداندا بووەتە ئیعترافکارو دواتر دەوڵەت ئازادی کردووەو لەزۆر کردەوەدا بەکاری هێناوە، ئێستاش لەوڵاتی سوید دادەنیشێ.

عەبدلکەریم ئایگان ڕایگەیاند کە "ژیتەم ئەندامێکی کۆنی دابڕاوی PKKی بەکار هێناوە بۆ کوشتنی موسا عەنتەر". بەپێی قسەکانی ئایگان "هۆگر ناوێک کە لە PKK دابڕابوو کاری بۆ ژیتەم دەکرد، ئاشنایەتی لەگەڵ ڕووناکبیر موسا عەنتەر هەبوو، موسا عەنتەر داوای لەو کادیرە کۆنەی PKK کردبوو بگەڕێتەوە ناو PKK و چەند جارێکیش بۆ ئەم مەبەستە قسەی لەگەڵ کردبوو".

بەپێی دانپێدانانی عەبدولکەریم، لەتیرۆرکردنی موسا عەنتەردا ژیتەم ئۆتۆمبێلێکی سەوزی سەربازی بەکارهێناوە، ئایگان دەڵێت "هۆگر داوای لەحەمید ناوێک کردبوو، کە موسا عەنتەر بانگهێشتی ڕێستورانتێک بکات، لەکۆتایی ڕێگای ڕێستورانتەکە ئۆتۆمبێلێکی سەوزی جۆری لاندرۆڤەری سەر بەژیتەم ڕاوەستابوو چاوەڕێی دەکرد موسا عەنتەر دەربکەوێت و بیکوژن".

ئۆرهان میر ئۆغلۆ، کە هاوڕێیەکی نزیکی موسا عەنتەر بووەو لەڕۆژی ڕووداوەکەدا لەگەڵیدا بووە، بەیەکەوە لەگەڵ موسا عەنتەرو حامید لەڕێستورانتەکە نانیان خواردووە و دواتر ڕێستوڕانتەکەیان جێهێشتووەو چوونەتە لای هۆگر.

ئۆرهان میرئۆغلۆ، ڕۆژگارێک دوای ڕووداوەکە گوتی"ڕووداوەکە لە ڕۆژی یەکشەممە بوو، چووینە ئەو ڕێستۆرانتەی کە پێشتر لەگەڵ ئاپێ موسا دەستنیشانمان کردبوو، ئاپێ موسا میوانی هەبوون، دوای ڕۆیشتنی میوانەکان من و موساو حامید ماینەوە، موسا پێی ڕاگەیاندم کە هەندێک کاری هەیە، بەڵام باسی نەکرد کە کۆبوونەوەی لەگەڵ هۆگر هەیە، ئەگەر پێشتر باسی ئەو کۆبوونەوەی بکردایە پەشیمانم دەکردەوە، چونکە ئەوکات ئەم جۆرە کۆبوونەوانە لەئامەد زۆر مەترسیدار بوون".

میرئۆغلۆ درێژە بەگێڕانەوەی ڕووداوەکە دەدات و دەڵێت "ئەوان پێشتر بەتەلەفۆن قسەیان لەگەڵ موسای برام کردبوو، ڕازیان کردبوو بۆ ئەو سەردانە، ئاپێ موسا وایدەزانی دەتوانێت ئەو کەسە لەکارە خراپەکانی پاشگەز بکاتەوە، بەو جۆرە ڕەفتاری کرد، وەک ئەوەی ئەرکێکی نەتەوەیی بەجێ بگەیێنێت".

ئەو لەبەردەوامی گێڕانەوەکەیدا دەڵێت "پاش ئەوەی سواری تەکسییەکە بووین حامید بەشڵەژاوی دەجوڵایەوە"، لەم ساتانەدا بەگوێرەی قسەکانی میر ئۆغلۆ ئاپێ موسا هەستی بەشتێکی نادیار کرد، ئۆغلۆ دەڵێت "ئەو ئۆتۆمبێلەی سەر بەدەزگای ژیتەم بوو، لەکاتی خۆیدا نەگەیشتبووە شوێنی دیاریکراو، حامیدیش هەستی بەوە کردبوو، کاتێک گەیشتینە شوێنی مەبەست، لەتەکسییەکە دابەزین و لەبەر تاریکی فانۆسێکمان پێبوو، دوایی ماوەیەک ڕۆیشتن ئاپێ موسایان دایە بەر دەستڕێژی گوللە".

فەرەیدون یازار، سیاسەتمەدارو سەرۆکی پارتی گەل HEP، پشتڕاستیکردەوە کە موسا عەنتەر لەلایەن ئەندامێکی پێشووی PKK وەوە تیرۆرکراوە، بەڵام یازار گوتی "ئەو کەسەی موسا عەنتەری کوشت ئەندامی ئەرگەنەکۆن بوو".

موسا عەنتەر یەکێکبوو لە کەسایەتییە نزیکەکانی دەرکردنی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە تورکیا بەنێوی (ڕۆژنامە) لە ئیستەنبول لە ساڵی 1991 و، هەر لەو کاتیشدا نزیکی چالاکی و کاری یەکەم پارتی تازە دامەزراوی یاسایی کوردیش بوو بەنێوی پارتی گەل HEP، کە بە هاوبەشی لەگەڵ پارتی سۆسیالیست بەسەرۆکایەتی ئەردال ئینۆنۆ توانی 15 ئەندام بگەیێنێتە پەرلەمان، بەڵام دواتر ئەندامەکانی کە بریتیبوون لە لەیلا زانا و هاوڕێکانی بە 15 ساڵ زیندان حوکمدران بەهۆی سوێندخواردنیان لە پەرلەمان بە کوردی.

فەرەیدون یازار ڕەخنەی لەوە گرت کە لە دۆسیەی ئەرگەنەکۆن باس لە تاوانی تیرۆرکردنی موسا عەنتەر و چەندین کەسایەتی دیکەی کورد نەکراوەو لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی " تاوەکو ئێستا پرۆسەی دادگاییکردنی ئەرگەنەکۆن دەستی پێنەکردووە، دادگاییکردن لەمانگی تشرینی یەکەم دەستپێدەکات، لەوانەیە ئەوکات لاپەڕەی تیرۆرکردنی موسا عەنتەرو ئەو تاوانانەی لەکوردستانیش ئەنجامدراون هەڵبدرێتەوە".

یازار ئەوەشیگووت کە " ئەگەر ئەرگەنەکۆن لە هەموو ڕووەکانیەوە ئاشکرا ببێت، بێگومان هەموو تاوانە بکەر نادیارەکانیش لەکوردستان لەگەڵ خۆیدا ئاشکرا دەکات ".

# ورمێ لە مردندایە

ڕووداو- ورمێ

جێگری سەرۆکی بەشی ژینگەی سروشتی لەڕێکخراوی بەرگری لەژینگە، ڕایگەیاند کە 150 دۆنم لەزەوییەکانی لێواری دەریاچەی ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وشکبوونەو خوێیان تێدا کۆبووەتەوە.

د.دلاوەر نەجەفی، جێگری سەرۆکی بەشی ژینگەی سروشتیی ڕێکخراوی بەرگری لەژینگە ڕایگەیاند کە دەریاچەی ورمێ هەندێ لەتایبەتمەندییەکانی خۆی لەدەستداوە "زیادبوونی ڕێژەی سوێری ئاوی دەریاچەکە کە گەیشتووەتە 340 گرام لەلیترێک، بووەتە هۆی مردنی باڵندەکانی ئەو ناوچەیە، بەهۆی زۆربوونی بۆن و تەڕایی خوێ لەسەر پەڕو باڵی باڵندەکان".

هەروەها ناوبراو ئاماژەی بەکەمبوونی ئاوی دەریاچەکە کردو گوتی "150 دۆنم لەزەوییەکانی دەریاچەکە و لێواری دوورگەی جەزایر وشکبوونە و خوێیان تێدا کۆبووەتەوە، ئەوەش کاریگەریەکی خراپی هەیە، بەتایبەتیش بۆ پرۆژەکانی نزیک دەریاچەکە وەک پرۆژەی ڕشکان و گلمانخانەو دوورگەی ئەشک و کەبودان".

دەریاچەی ورمێ کە درێژییەکەی نزیکەی 146 کیلۆمەترە، دەکەوێتە نێوان چیای زەنبیل و دوورگەی ئیسلامی . بە دووەمین دەریاچەی ئێران دادەنرێ لەڕووی گەورەییەوە. دەریاچەکە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەنێوان پارێزگاکانی تەورێزو ورمێدایە، ڕووبەرەکەی زیاتر لە 5 هەزارو 822 کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و بەرزی ئاوەکەی 1277 مەترە، لەدوای دەریای مردوو (بحرالمیت) بیستەمین دەریاچەیە لەڕووی پانی ڕووبەرو سوێری ئاوەکەی. دەریای مردوو (بحرالمیت) کە دەکەوێتە نێوان سنووری ئوردن و فەلەستین و ئیسرائیل، بەهەمان شێوەی دەریاچەی ورمێ بەرەو وشکبوونە و ئێستا 1لەسەر 3ی دەریاچەکە وشکبووە، ئەویش بەهۆی ئەوەی سوریاو ئوردن و ئیسرائیل بەبێ هەماهەنگی ئاوی ڕووبارەکانی دەوروبەری بەکار دێنن، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە لەچەند ساڵی داهاتوو دوو ئەوەندەی دیکە وشک بێ، هەر بۆیە حکومەتی ئوردن و ئیسرائیل ئێستا لەگفتوگۆدان بۆ ئەوەی لەدەریای سوور کەناڵێکی ئاو بۆ دەریاچەکە بکێشن بەدرێژی 112 میل.

بەپێی قسەی ئەو شارەزایەی بواری ژینگە، کەمبوونەوەی ئاوی دەریاچەی ورمێ کاریگەری کردووەتە سەر کەمبوونەوەی باڵندە کێوییەکانی ناوچەکەش، بەتایبەتی لەدایکنەبوونی بێچووی تازە لەباڵندەکانی وەک فلامینگۆ و لەقلەقی سپی دەریایی، وەکو نەجەفی باسیشیکرد وشکبوونی دەریاچەی ورمێ بەرەو زیادبوونەو، بەمەش کۆچی باڵندەکان بۆ پارکی میللی دەریاچەی ورمێ کەمتر بووەتەوە.

بەپێی لێکۆڵینەوەکانی ڕێکخراوی بەرگری لەژینگە لەسەر وشکبوونی دەریاچەی ورمێ، لەماوەی 13 ساڵی ڕابردوودا ئاستی ئاوی دەریاچەی ورمێ 6 مەتر دابەزیوە. بەشێکی لێواری دەریاچەی ورمێ کە خەڵکی زۆر بۆ گەشت و سەیران ڕووی تێدەکەن، ئێستا وشکبووە، هەر بەو هۆیەوە ئێستا خەڵک زۆر بەکەمی دەچنە ئەو شوێنە.

عەلی مەردانی، 25 ساڵ، خەڵکی شاری ورمێ، دەڵێ چیتر حەزناکات لەگەڵ خێزانەکەیبچێتە لێوارەکانی دەریاچەکە "ئەو شوێنە خۆشەی جاران نەماوە". مەردانی بۆ (ڕووداو) دوواو گوتی "دەریای ورمێ شوێنی سەیران و مەلەکردنی خەڵکی ناوچەکەیە، بۆیە داوا لەلایەنە پەیوەندداەکان دەکەم هەر کارێکیان لەدەستدێت بیکەن بۆ ئەوەی لەدەست نەچێت".

جێگری بەشی ژینگەی سروشتی بۆ چارەسەری ئەو قەیرانە پێشنیاریکرد کە "پێویستە ئاو لەسەرچاوەکانی دیکەی ئاوی بگوازرێتەوە بۆ دەریاچەی ورمێ، بەتایبەت لەڕووباری زاب و ئاراس، گەیاندنی ئاو لەهەر سێ پارێزگای ورمێ، تەورێز، سنە بۆ دەریاچەکە".

بەپێی یاسای پەسەندکراوی ساڵی 1974ی زەوییەکانی لێواری دەریا و دەریاچەکانی ئێران، دەکرێ دەریاچەی ورمێ تا 60 مەتر لەچوار دەوری خۆی زیادببێ، لەساڵی 1996-1997 ئاستی بەرزی دەریاچەکە گەیشتە بەرزترین ئاست، کە 1278 مەتر بوو، بەڵام لەدوای 1998 ئاستی ئاوەکەی دابەزی، بەجۆرێک لەماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا 6 مەتر دابەزیوە.

د.نەجەفی ئاماژەی بەبارودۆخی ئێستای ناوچەکە و دەریاچەی ورمێ داو گوتی"کەمبوونەوەی بەفرو باران، کەمی ئاو بۆ زەوییە کشتوکاڵییەکانی دەوروبەری دەریاچەی ورمێ، نەبوونی ئاوی پێویست بۆ ژینگەی ناوچەکە، کەمی ئاوی ژێرزەوی دەوروبەر و کەمبوونەوەی هەڵمی ئاوی دەریاچەکە، گرنگترین ئەو کاریگەرە خراپانەن کە بەهۆی ئەو وشکەساڵییەوە ڕووی لەناوچەکە کردووە".

ڕێکخراوی بەرگری لەژینگەی ئێران، چەند پێشنیارێکی لەبارەی دەریاچەی ورمێ داوەتە ڕێکخراوی UNDPی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان . نەجەفی گوتی " 200 هەزار دۆلار بۆ جێبەجێکردنی هەندێ پرۆژە بۆ پارکی میللیی دەریاچەی ورمێ و زۆرترکردنی ئاوەدانی زەوییە کشتوکاڵییەکانی ناوچەکە تەرخانکراوە".

بیوک ڕەئیسی، بەڕێوەبەری گشتیی ژینگەی ئۆستانی تەورێز لەبارەی وشکبوونی دەریاچەی ورمێ، ڕایگەیاند کە ئەوە زەنگێکی مەترسیدارە بۆ بەبیابانبوون و سوێربوونی خاک و وشکبوونی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیناوچەکە.

سەرچاوە ئاوییەکانی دەریاچەی ورمێ بریتین لە بارانی ڕاستەوخۆ، 14 ڕووباری بەردەوام، 7 ڕووباری وەرزی، 39 حاڵەتی سێلاو.بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کراون، تەنیا قەبارەی 5 مەترو 40 سانتیمەتری قوڵایی ئاوی دەریاچەی ورمێ 31 ملیار مەتر سێجا ئاوی تێدایە.

کامەران کەریموەند، 32 ساڵ، کە بەشی ژینگەی زانکۆی ورمێی تەواوکردووە، بۆ (ڕووداو) گوتی "کێشەی زۆرمان لەگەڵ سەرچاوەو کۆگاکانی ئاو هەیە، جگە لەدەریاچەی ورمێ، دەریاچەی بەختگان و گاوخونی کە یەکێک لەبەنێوبانگترین دەریاچەکانی ئێرانن هەڕەشەی لەناوچوونیان لەسەرە و خەریکە وشک دەبن".

کەریموەند کە چەندین جار سەردانی دەریاچەی ورمێی کردووەو لەنزیکەوە وشکبوونەکەی بینیوە، دەڵێ "لەوڵاتانی دیکە گرنگی زۆر بەو مەسەلانە دەدرێ، بۆ نموونە لەئەمریکا دەریاچەیەکی هاوشێوەی دەریاچەی ورمێ هەیە کە تووشی ئەو قەیرانە هاتبوو، بەرنامەیەکی باشیان بۆ دارِشت و دەریاچەکە گەڕایەوە دۆخی جارانی".

کەریموەند کە خوێندنەوەیەکی زۆری لەو بارەیەوە کردووەو بۆ (ڕووداو) گوتی "پێویستە بەزووترین کات لەناوچە بەرزەکان ئاو بۆ ئەو ناوچەیە بهێنرێت". وەکو باسیشیکرد یەکێک لەکێشە گەورەکانی ئەو دەریاچەیە جێبەجێکردنی پرۆژەی جادەی ئاوی نێوان تەورێزو ورمێ یە کە "فشار دەخاتەسەر چوونی ئاو لەباکووری دەریاچەکە بۆ باشووری دەریاچەکە و بەپێچەوانەوە، چونکە بەشێکی گەورەی ئەو جادە ئاوییە وەکو بەنداوێک وایە، باشتروابوو ئەو جادەیە وەکو پردەکانی دیکەی وڵاتانی پێشکەوتوو جێبەجێبکرابایە".

**وردەکاری زیاتر لە ماڵپەڕی ڕووداونێت www.rudaw.net دا بخوێنەوە.**



ئاوی دەریاچەی ورمێ ڕۆژ بە ڕۆژ لە کەمبوونەوە دایە و پسپۆران داوای چارەسەرێکی بە پەلە دەکەن

## تاراوگە

### 5825 پەناخوازی عێراقی لە سوید خۆیان دزیوەتەوە



ستۆکهۆڵم- فرانس پرێس

◆ لە سوید ژمارەی ئەو پەناخوازە عێراقییانەی داواکانیان ڕەتکراوەتەوە و شوێنبزر بوونە بەشێوەیەکی بەردەوام ڕوو لەزیادبوون دەکات. بەپێی ئامارێکی فەرمانگەی کۆچی سویدی، لەکۆی ئەوانەی لەمساڵدا داوای وەرگرتنی مافی پەنابەرێتییان لەلایەن حکومەتەوە ڕەتکراوەتەوە 5825 کەس دیارنەماون و خۆیان دزیوەتەوە. ئەو پەناخوازانە پاش ئەوەی داواکانیان ڕەتدەکرێتەوە، کامپەکانی پەناخوازان جێدەهێڵن و ڕوو لە وڵاتانی دیکە دەکەن.

# کوردێکی کەرکووکی لە نیوزیلەند دەبێتە فڕۆکەوان



کۆچەر بەجلی فڕۆکەوانی لەگەڵ لاوەزی برای

**ڕووداو–نیوزیلەند**

کۆچەر عەبدوڵـــلا گەنجێکی کوردی نیشـــتەجێی نیوزیلەندە، مانگی ڕابردوو خوێندنی فڕۆکەوانی لەو وڵاتە تەواو کرد و وەک خـــۆی دەڵێ" ئەو وڵاتەدەپارێزێ کە بووە بە نیشـــتمانی " کە مەبەستی نیوزیلەندە.

بنەماڵەی کۆچەر خەڵکی کەرکوکی باشووری کوردستانن و لەساڵی 1983 لە ترسی ڕژێمی بەعس ئاوارەی ئێران دەبن و کۆچەریش لە ئێران لەدایکدەبێ، ساڵی 1989 بنەماڵەکەیان ڕوو لە پاکســـتان دەکەن ولەوێ داوای پەنابەری دەکەن. لە پاکستان ژیان وگوزەرانی خێزانی کۆچەر زۆر ســـەخت دەبێ و دووچاری چەندین گرفتیـــش دەبن،تەنانەت لانـــەوازی برا گەورەشی دووجار دەستگیر دەکرێ .

کۆچەر لە دیدارێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی The Marlborough Express، باس لە ژیانی ســـەختی خۆیان دەکات لە پاکســـتان وچـــۆن بەشـــێوەیەکی ڕەگەزپەرستانە مامەڵەیان لەگەڵ کراوەو لە قوتابخانە چەندین جار لێیدراوە . دوای دەســـاڵ مانەوە لە پاکســـتان لەڕێگەی نەتـــەوە یەکگرتووەکانەوە وەک پەنابەر وەردەگیرێن ولە ســـاڵی 1998 دەگەنە نیوزیلەند.

کۆچەر ئێستا تەمەنی 22 ساڵە، کە گەیشتوونەتە نیوزیلەند تەمەنی تەنیا 12 ســـاڵ بووەو ئیدی دەستی بە خوێندن کردووەو دواتر چووەتە بەشی فڕۆکەوانی، کۆچەر دەڵێ " ئێمە زۆر بەختەوەرین کە هاتووینەتە وڵاتێکی ئـــارام کە ئێمە لە دەست ڕەگەزپەرســـتی دەپارێزێ، بۆیە بڕیارمدا بچمـــە هێزی فڕۆکەوانی تا ئەم وڵاتە بپارێزم" .

کۆچەر دوو هەفتە لەمەوبەر خولێکی ڕاهێنانی فڕۆکەوانی بۆ ماوەی 13 هەفتە تەواو کرد، لە ســـاڵی داهاتووشدا چەند خولێکی دیکە دەبینێ.

# کوردستان لەناو دڵی سەرمایەدارێکی ئیسرائیلیدیە

## "لەبەرئەوەی هەموو عەرەب دژی ئیسرائیلن، ئیسرائیلییەکان یەکتریان خۆشدەوێ"

**ڕووداو–هۆڵەندا**

داڤیـــد شـــەماش، ســـەرمایەدارێکی ئیسرائیلییە و هەرچەندە خۆی لە کوردستان لە دایکنەبـــووەو بنەماڵەکەیان 60 ســـاڵی تەواوە لـــە کوردســـتان دوورکەوتووەتەوە، بەڵام بەهۆی یادگارییە خۆشـــەکانی دایک و باوکی لە کوردستان هێشتا خۆی بە کوردێکی هەولێـــری دادەنێ"حەزناکەم پارەی خۆم لە میسر دابنێم بۆ پڕۆژەی وەبەرهێنان، بەڵام لە دڵەوە حەزدەکەم سەردانی کوردستان بکەم و پڕۆژەی وەبەرهێنانی تێدا بکەمەوە" .

داڤید شـــەماش، لەساڵی 1954 لە شاری تەبەرییەی ئیســـرائیل لەدایکبـــووە، بەڵام دایـــک و باوک و باپیرانی لە شـــاری هەولێر لەدایکبـــوون و ژیاون، شەماشـــی باوکی کە شـــەش برای دیکـــەی هەبـــووە هەموویان کاتـــی خۆی لـــە هەولێـــر دووکانداربوونە، وەک داڤیـــد دەگێڕێتـــەوە. هەروەها دەڵێ بنیامینی باپیریشـــی کاتی خۆی لە هەولێر دووکانداربووە.

داڤیـــد کـــە لە ڕێســـتۆرانتێکی شـــاری ئەمســـتردامی هۆڵەندا، لەنزیـــک گەڕەکی جولەکان قسەی بۆ (ڕووداو) دەکرد، زۆرجار بەپشت بەستن بەقسەی باوک و دایک و برا گەورەکەی باســـی قەڵای هەولێری دەکرد، سەبارەت بە ڕۆیشتنیان لە کوردستان دەڵێ " ماڵی ئێمە لە ســـاڵی 1948 لە هەولێر دەرکەوتن، دوایین ماڵەکانی جولەکان لە ســـاڵی 1951 لە عێراق دەرکەوتن، چونکە زۆرلە هەڕەشەکانی ڕەشید عالی گەیلانی ترسابوون"، داڤید دەڵێ خەڵکی موســـڵمان و جولەکـــە زۆر تێکـــەڵاوی یەکتربوون، بەڵام حکومەت ئەوانی ناچاری ڕۆیشـــتن کـــرد، هەروەهـــا دەڵێ " هەندێکجـــار حکومەتـــی عێراق هەنـــدێ خەڵکی لەدژی ماڵە جولەکەکان هانـــدەدا، ئەوانیـــش بەردیـــان تێدەگرتـــن و هاواریان دەکرد جولەکە جولەکە" .

داڤید، جگە لە زمانی عیبری، زمانی هۆڵەندی و تاڕادەیەکی باش عەرەبیش دەزانێ، بەڵام بەپێچەوانەی دایک و باوکـــی کـــوردی نازانێ" باپیـــرم و باوکم هەموویان کوردییان دەزانی،بەڵام لە خوشک و براکانم تەنیا مۆشێی براگەورەکەم کوردی دەزانێ، لەبەر ئـــەوەی دایک و باوکم لەماڵ بە عیبری قســـەیان دەکـــرد و لەدەرەوەش عەرەبـــی فێربوویـــن". ئـــەو پێیوایە کاتی خۆیشی جولەکەکانی هەولێر کوردییەکەیان لە جولەکانی ئاکرێ و کۆیە و شـــوێنەکانی دیکە لاوازتربووە.

داڤید ئێســـتاش بەهۆی چاکەی خەڵکی کوردســـتان بەرامبەر دایک و باوکی دەڵێ" کوردستان لەنێو دڵی مندایە" .

دایکی داڤید هەمیشـــە باســـی باشـــی دراوسێیە کوردەکان و ئەو ماسییە خۆشانەی کردووە کەلەلایەن ئەوانەوە بۆیان هێندراون "دایکم و باوکم زۆریادگاری خۆشیان لەبارەی کوردستانەوە هەبوون، لای جولەکان ڕۆژانی شەممە نابێ کار بکرێ و نابێ ئاگر بکرێتەوە بـــۆ دروســـتکردنی خواردن، شـــاگردەکەی دوکانی باپیرم دوکانـــی باوکمی دەکردەوەو دراوســـێیەکانمان خواردنیان بۆ دەهێنایەن و بەزستانان ئاگریان بۆکردووینەتەوە" .

بەپێی هەندێ ئاماری مەزەندەکراو لەلایەن کـــوردە جولەکەکانی ئیســـرائیل، ژمارەی کوردانـــی جولەکە لە ئیســـرائیل 200هەزار کەس دەبێ و بەســـەر 22 گوند کە زۆریان کوردن و شـــوێنەکانی دیکەی ئیســـرائیلدا دابەشبوون.

داڤید دەڵێ دایک و باوکی ئەوخۆیان بە کورد دادەنا، بەڵام ئەو ئیسرائیلیبوون لەسەرووی نەتەوەبوونەوە دەبینێ، ئەویش باس لە زۆری ژمارەی کوردان لە ئیسرائیل دەکات و باسی ئاهەنگی نەورۆز دەکات کە ســـاڵانە ئەو کوردانە لەو ڕۆژەدا دە چنـــە سەیران و ئا هە نگ دەگێڕن، بەڵام ئەو ناچێـــت"لای ئێمـــەش نـــەورۆز هەیە، من نەچووم" .

داڤیـــد لەبەرئـــەوەی پێشـــتر نەیزانیوە جیاوازی لەنێـــوان کوردبوون و عێراقیبووندا هەیە هەمیشە گوتوویەتی من جولەکەیەکی عێراقیم " پێشـــتر نەمدەزانـــی ئەگەر بڵێم عێراقیم جیاوازە لەوەی بڵێم کوردی عێراقم، بەڵام ئێستا کە لەو جیاوازییە تێگەیشتووم کـــە خەڵک لێم دەپرســـێ خەڵکـــی کوێی دەڵێم کـــوردی هەولێـــرم و باوکم خەڵکی کوردستانە" .

جولەکـــە بەنێوبانگتریـــن پێکهاتـــەی مرۆیین لە پـــارە پەیداکردن و قازانجکردندا، هەربۆیەش ئێستا خاوەن زۆرترین کاریگەرین بەسەر ئابووری و ڕاگەیاندنی وڵاتە گەورەکانی جیهاندا. داڤید کە ســـاڵی 1981 هاتووەتە هۆڵەندا، ئێستا کەسێکی زۆر پارەدارە، بەڵام ئـــەو پارەیەی لە هۆڵەنـــدا قازانجی دەکات لە ئیســـرائیل خەرجیدەکات" من لەهۆڵەندا کاردەکەم و پارە قازانج دەکەم، بەڵام هاوسەر و چوار منداڵەکەم لە ئیســـرائیلن و مانگانە 3000تا 4000 دۆلاریان بۆ دەنێرم، ئەوان ئەو پارەیە لەوێ خەرج دەکەن، بەوشێوەیە ئەو پارەیە دەچێتەوە ئیسرائیل" .داڤید دەڵێ "من زۆر کار بۆ ئیســـرائیل دەکەم، لە ئیسرائیل خەڵکی هەژار هەن پێویســـتیان بە خواردنە و پێویســـتیان بەوەیە منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە ئێمە یارمەتیان دەدەین" .

ئیسرائیلییەکان هەرچەند دەستگرەوەبن لە ئاست خەڵکیدا، هێندەش دەست کراوەن بۆ یەکتر. داڤید کـــە قاوەیەکیش بەخۆڕایی بۆ کەســـێکی نائیسرائیلی ناکڕێت، زۆر جار کە ئیسرائیلییەک لە هۆڵەندا پێویستی بەیارمەتی دەبێت یارمەتیـــدەدات، ئەو لەوبارەوە دەڵێ "خوا جولەکـــەی بـــۆ هاوکاریکردنی یەکتر دروســـتکردوون، ئەگەر هاوکاریکردنی یەکتر نەبێ ناتوانی هیچ بەدەستبێنی، بە یەکگرتن هەموو شتێک بە دەستدێنێ" .

داڤید کە لـــە هۆڵەندا تێکەڵاوی کوردبووەو هەمیشـــە بەجۆرێک لە خۆشەویســـتییەوە کورد بە کرێکار لە پـــڕۆژە و کارەکانیدا وەردەگرێت،بۆیەش جگەلە چاودێرییەکی کەم لـــە ڕێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، لەڕێگەی ئەو کرێکارانەشیەوە تاڕادەیەک ئاگاداری ڕەوشی خەڵکی کوردستانە.

ئـــەو هەســـت بـــە نایەکگرتوویی کـــورد دەکات و دەڵـــێ " کـــورد ئێستا یەکگرتوو نین، بەڵام ئەگەر ســـەدام جارێکیتر بێتەوەو ئێران و تورکیاش لە دژی کورد بوەستنەوە، هیچ ڕێگەیەکـــی دیکەیان نامێنێ جگە لە یەکگرتـــن"، داڤید ئەو تێڕوانینـــە لـــە کەتوار(واقع)ی ئیســـرائیلەوە هەڵدەهێنجـــێ و دەڵـــێ " لەبەرئەوەی هەمـــوو عەرەب دژی ئیسرائیلن، ئێمەی ئیسرائیلییەکان هەموومان یەکین و یەکترمان خۆشـــدەوێ، ئەگەر شەڕ نەمێنێ بەرامبەری ئیسرائیل کەس ئەویتری خۆشـــناوێ"، ئەو بە پێکەنینـــەوە دەڵێ " دەبینی شەڕ چەند باشە" .

ئیسرائیل دەوڵەتێکە هاووڵاتیانی لە گەلی جیاواز و وڵاتی جیاوازەوە هاتوون و ســـاڵی 1948 بە پشـــتیوانی بەریتانیـــا دامەزراو، ئێســـتاش ئەمریکا گەورەترین پشتیوانیەتی . داڤیـــد دەڵێ ئـــەو گەلانە لە ئیســـرائیل هەریەکەیـــان تایبەتمەندییەکی دراوەتە پاڵ " لە ئیســـرائیل بەکـــورد دەڵێن کەللە ڕەق، بەعێراقی دەڵێن خـــاوەن بیجامە، بە ئێرانی دەڵێن بەهێز" .

ئەو زیاتر لە بارەی تێڕوانینی ئیسرائیلیان بەرامبەر کورد دەدوێ ودەڵێ لە ئیســـرائیل دەڵێن کورد کاریان باشـــە، بـــەڵام درەنگ فێردەبن" .

هەروەها دەڵێ " هەموو خەڵکی ئیسرائیل لەدڵەوە کوردیان خۆشدەوێت، چونکە دەزانن کورد مرۆڤی باشن، لە هەرکەسێکی ئیسرائیلی بپرسی دەڵێ کورد زۆر باشن، چونکە کورد بە سروشتی خۆیان مرۆڤی باشن" .

داڤیـــد کـــە ئێســـتاش بەخراپە باســـی کرێکارێکی خۆی دەکات کەبایی 8000 یۆرۆ زیانی پێگەیاندووە،بـــەڵام بڕوای بەوەیە ئەو نەوەیەی ئێستا لە ئەورووپایە دوای 15ساڵی دیکە دەبنە هێزێکی گەورە" کوردستان ئێستا کاردەکات، نـــەوەی نوێی کورد کاردەکات لە ئەورووپا . لەو بڕوایەدام دوای 15 ساڵی دیکە کـــورد دەبنە هێزێکی گـــەورە لە ئەورووپا بۆ کوردســـتان. بارودۆخی کوردستان سەختە، چونکە ئێران و ســـوریا و عێراق و تورکیای لە تەنیشـــتە، بەتایبەتـــی تورکیا. تورک لە گەڵ ناتۆن، باش یارییەکەیان لەگەڵ ڕۆژئاواو ئیســـرائیل بەڕێوەدەبەن، هەروەهاش لەگەڵ عەرەب. کارەکەشـــی هەمووی دژی کوردە، ئەمریـــکاش نایـــەوێ بە پشـــتیوانیکردنی دەوڵەتی ســـەربەخۆی کوردستان تورکیا لە خـــۆی توڕەبکات". بـــەڵام لەهەمانکاتدا ئەو بڕوای بەقەدەری خوایە و دەڵێ "لەو بڕوایەدام خوا چی بۆ کوردستان نووسیوە هەروادەبێ، هـــەرواش بۆ ئیســـرائیل و وڵاتانی دیکەش، هیوادارم هیوای نێو دڵی کوردیش بێتەدی " .

داڤید دەڵێ ئیســـرائیلی لە کوردســـتان و هەموو شـــوێنێکی دنیا هەن" سوپاس بۆ خوا هیچ شوێنێک نییە ئیسرائیلی لێ نەبن"، هەروەها دەڵێ شـــتوومەکی ئیسرائیلیش لە هەموو شـــوێنێک هەیە" ئیسرائیل هەمیشە لە ژێرەوە پەیوەنـــدی لەگەڵ کورد هەبووە، بەنهێنی و ئاشـــکرا، هـــەروەک چۆن هەموو عەرەبیش پێوەندییان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە با بەئاشـــکراش بڵێن بایکـــۆت هەیە، بەڵام شتومەکی ئیسرائیلی لە سعودیەش هەیە" .

ئیسرائیل کەبەپێی زۆر سەرچاوە دەستی هەبـــووە لە ڕفاندنـــی عەبدوڵـــڵا ئۆجەلان ســـەرۆکی پارتـــی کرێکارانی کوردســـتان لەکینیا و ڕادەســـتکردنی بـــۆ تورکیا، کورد زۆر لە پێوەندی و هاوکاریی سەربازیی نێوان ئیسرائیل و تورکیا نیگەرانە. داڤید شەماش لەو کاتەشـــدا هەر بەدوای بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتەکەیەوەیـــە و هیچ گلەییەکی کوردانە لە ئیســـرائیل ناکات "ئیسرائیل لە شوێنێکە دەیەوێ خۆی بپارێـــزێ، هەروەها دەیەوێت تورکیا بەرامبەر وڵاتانی عەرەبی بەهێز بکات، بۆ گۆڕینی هاوکێشەکان. کورد لە نێو یاریدا نین، بـــەڵام ئێران و تورکیـــا دوو دەوڵەتی گـــەورەن . ئێران ئەگەر ئەمســـاڵیش نەبێ، ســـاڵێکی دیکە هەر لێیدەدرێ، ئیسرائیلیش لێینادات بەڵکو ڕۆژئاوا لێیدەدات" .

داڤید شـــەماش، کەهیـــچ جارێک وڵات و شاری دایک و باوکی خۆی نەبینیوە دەڵێ " هەرچەندە ریسکیشە، بەڵام دەمەوێ جارێک بێم شاری باوک و دایکم ببینم، ئەوە هیوایەکی دڵی منە" .



## لە ئیسرائیل دەڵێن کورد کاریان باشە، بەڵام زوو فێرنابن

داڤید شەماش

# مارکی ڤیللە ئاڤاکرن و یورۆ تێرا خوارنێ ناکەت

**سلێمانێ ئالیخان**

**ڕووداو- ئەڵمانیا**

ل دەسپێکا ساڵا 2002ێ پتریا دەوڵەتێن یەکێتیا ئەورۆپا دراڤێ خوە یێ نیشتیمانی لادا و دراڤـــی نوی یێ یەکێتیـــێ (یورۆ) بکارئینا. هندەک دەوڵەتژی ژ بەر ئەگەرێن جـــودا جودا، رازینەبوون دەســـت ژ دراڤێ خوە یێ نیشتیمانی بەردەن. وەک بەریتانیا کو تا نها ژی کار ب (پاوند)ی دکەت . لێ وەلاتێ ئەڵمانیا ژ وان دەوڵەتان بوو کو ل دەســـپێکێ خوداحافیزی ل دراڤێ خوە یێ نیشتیمانی (مارک)ی کری و یۆرۆ خستییە گەڕێ.

هەڵبەت گەلـــەک مالباتێن کـــوردان ل ئەڵمانیا هەنە، پتریا وان ژی ل سەردەمێن مارک و یورۆی ژیاینە. ح.ع پیاوەکێ کوردێ شێست سالییە و بابێ چار زارۆکانە. دوازدە ســـالن ئەو ل ئەڵمانیا دژیت. ئانکو شەس ســـالان مارک ب کارئانییە و ئەڤە شـــەس سالن ژی یورۆ بکارتینیت، هیچ دەمەکێ ژی کار نەکرییە. ئانکو هەر ل سەر هاریکارییێن دائیرەیا سۆســـیالێ دژیت . ئەو ژی وەکە زۆربەیا کوردان یـــورۆی ب "بێخێر" بناڤ دکـــەت . هەرچەندە یۆرۆ ئێکە ژ بهێزترین دراڤێن دنیایێ "من ب مارکی، ڤیللەیەک و عیمارەیەک بۆ خوە ل کوردستانێ ئاڤاکرن، هەروەسا من ترۆمبێلەک ژی بۆ خوە ل ڤێرە کـــڕی، لێ ژ ڕۆژا کو مـــارک هاتییە لادان، پارەیـــێ مە ب کوتەک تێرا مە و و زارۆکێن مە دکەت" .

دیارە نـــە تەنـــێ کـــورد گازندەیان ژ یورۆی دکەن، بەلکـــو ئەڵمان ب خوە ژی وێ گازندەیـــێ دکـــەن و د ڕاوەرگرتنەکێدا کو ســـازییەکا ئەڵمانی بەریا چەند مەهان ئەنجامدابوو، پتریا ئەڵمانان داخواز کربوو کـــو وەلاتـــێ وان دووبـــارە کار ب مارکی بکەتەڤە. ئینا ژنەکا ئەڵمانی یا سی سالییە و دایکا زارۆکەکێ یە. ئەو بەحســـا بازارێن کەلوپەلێن خوارنێ دکەت ل ســـەر دەمێن مارک و یـــورۆی ل ئەڵمانیا "مە ب پێنجی مارکان عەرەبانەییـــێن مارکێتان پڕدکرن ژ کەلوپەلێن خوارنێ، وان کەلوپەلان تێرا مە هەفتییەکێ دکرن، ئانکو مەهێ دوو ســـەد مارک بـــۆ خوارنێ بەســـبوون، لێ نها ب پێنجی یورۆیان عەرەبانە پڕ نابیت و ب زۆر تێرا هەفتیێ دکەت، ئەڤجا ئەگەر ئەم دگەل مارکـــی هەڤبەر بکەین، دێ زانین کو نۆکە بازاڕ دوو قات یێ گران بووی ل بەرامبەر ژی پارە و مووچە یێن کێم بووین" .

ب درێژاهیا دیرۆکێ و دگەل دەربازبوونا دەمێ، بەردەوام بهایێ تشتان ژی ل جیهانێ بلند دبیت. ل ئەڵمانیا ژی هەروەسایە. لێ پشـــتی یورۆ هاتییـــە دگۆرەپانێدا، ئەڤ بڵندبوونە بلەز کەتییـــە و ڕەنگڤەدانا ڤێ چەنـــدێ ل بـــازاڕان دیـــارە و مرۆڤ باش تێبینـــی دکەت هەر 2 تـــا 3 مەهان بهایێ تکێتێـــن هاتن و چۆنـــێ بەرزدبن، بهایێن کەلوپەلان ژی گران دبن. ژبلی کو ئەڤە دوو سالن، ئانکو پشتی ئاڤابوونا حکومەتا نوو یا ئەڵمانی ب سەرۆکاتییا شیرەتکار ئەنگێلا مێرکل، باجا گشتی ژی ژ شازدە پرۆسەنتان بوویە نۆزدە. ئەڤێ ژی کاریگەری ل بازاڕی کریـــە. ژ بەر ڤـــێ یەکێ گەلـــەک کەس ئابووریێ د خەرجیێ خوە دا دکەن و خوە ژ کڕینـــا کەلوپەلێن کەمالی دووردخن و ب گۆرەی بیرۆیا سەرژمێریا فیدرالیا ئەڵمانی، ئەڤ تشـــتە بوویە ئەگـــەرێ وێ یەکێ کو دچارێـــکا دووێ ژ ڤێ ســـالێ، بەرهەمێ ناڤخوەیێ ئەڵمانی کێم بوویە. ژبلی نزمبوونا ڕێژەیا بەرهەمهێنانێ ل ئەڵمانیا. هەروەسا بهایـــێ یورۆی کو بەریا دەمەکێ پتر بوو ژ دۆلار و نیڤێن ئەمریکی، نها هاتییە خوارێ. هەرچەندە کـــو نها ئابووریـــا ئەڵمانیا ب یـــەک ژ ئابوورییێن بهێزێـــن جیهانێ دهێت حسابکردن.

دەما کو یورۆ کەتییە بازاڕی، حکومەتا ئەڵمانـــی هـــەر یورۆیـــەک ب دوو مارکان هەژمارت و ل سەر ڤی بنگەهی ڕەفتار دگەل هاووڵاتی و دانیشتوویێن وەڵاتی کر. ئانکو ئەو کارمەند و فەرمانبەرێن کو 2000 مارک وەردگرتن، پارەیێ وان بنیڤی کرن بۆ کرن 1000 یورۆیان. هـــەر دگەل وێ چەندێژی بهایێ کەلوپەلانیش بلندبوو. ل ڤێرە پێویستە ئـــەم ژ خواندەڤانێن خوە را دیاربکەین کو بلندبوونا بهایێ کەلوپەلان ب شـــێوەیەکێ بەرەلایـــی ناهێتەکرن. بەلکو پێشـــوەخت لێکۆلین دهێنکرن و ب شێوەیەکێ ڕێکوپێک بلنددبـــن و دگەل هندێ ژی کو ل ســـەر دەما یورۆی، بهایێ زۆربەی تشتان گەلەک بلندبوویە. لێ دیسان ژی هندەک کەلوپەلێن خوارنێ هەنە کو گران نەبوونە یان پیچەک گران بوونە. هەروەســـا هندەک تشتێن دی یێن گرێدای ژیانـــا ڕۆژانەیا ئەڵمانان. مینا تکێتا سینەمایێ گەلەک بلند نەبوویە. ئەڤە ژی نیشانا گرنگیدانا دەوڵەتێ یە ب بوارێ کولتور، هونەر و زەوقێ خەلکێ.



## بابەکر زێباری، سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق:

# ڕێژەی کورد لەنێو سوپای عێراقدا 7%یش نییە

**فەریقی یەکەم بابەکر زێباری، کە ساڵانێکی زۆر دژی سوپای عێراقی سەردەمی سەدام وەک پێشمەرگە شەڕی کردووە، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامەوە بووەتە سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق. دوای هاتنی سوپای عێراق بۆ قەرەتەپە و خانەقین، زۆر باسی بێدەنگی ئەو دەکرا. لەو هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) دا وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە:**



بابەکر زێباری تەوقە لەگەڵ سەربازێک دەکات

**ڕووداو: چۆن دەڕواننە جموجۆڵەکانی سوپای عێراق بەرەو ناوچەکانی کوردستان؟**

**بابەکر زێباری:** سوپای عێراق لە هەموو شوێنێک هەیە، بەڵام کشاندنەوەی لیوای 34ی پێشمەرگە لە دیالە هەندێ کێشەی دروستکرد، کە کاتی خۆی لەسەر داوای ئەمریکییەکان چوویووە پارێزگای دیالە و زۆر چالاکی سەربازی گرنگیان بۆ لە نێوبردنی گرووپە تیرۆریستییەکان ئەنجامدان و ناوچەکەیان تەئمین کرد و زۆر شەهیدیان دان. ئێستا کە حکومەتی عێراق داوای کرد بکشێنەوە و لیوای 1 ی فیرقەی 4 چووە شوێنیان. دوای ئەو ناوچەکە کەوتووەتەوە نێو نائارامی و ڕفاندن و تیرۆرکردنی خەڵک لەو شوێنانە دەستی پێکردووەتەوە. ئەوە هەڵسوکەوتە زۆر خراپ بوو، ئەوە چوار ساڵ بوو باری ئەمنی خانەقین وەک سلێمانی ڕاگیرابوو، کەچی هێزیان ناردە ناو خانەقین، ئەوە شتێکی خراپ بوو.

**ڕووداو: کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) دا دەڵێ شتەکان لەو ماوەیەدا بەبێ ئاگاداری تۆ کراون و هیچ سوودێک لەمانەوەت لەو پۆستەدا نەماوە، ئایا ئەمە تەجاوز نییە لەلایەن سەرۆکایەتی حکومەتی عێراقی بۆ سەر دەسەڵاتەکانی تۆ؟**

**بابەکر زێباری:** چۆن تەجاوز نییە، ئەسڵەن ئەو عەمەلیات و جموجۆڵانە بەبێ ئێمە کراون. ئێمە پلانی ئۆپەراسیۆنی دیالەمان لە سەر فەرمانی وەزیری بەرگری دا بە جێگری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی دیالە و بەڕێوەبەری حەرەکات و هۆبەکان، پلانەکەمان لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و پارێزگا و لیژنە میللییەکانی دیالە دانان، بەیەک مانگ و نیو گفتوگۆ لەسەر کردن دارێژرا، دوای ئەوە سەرۆک وەزیران پەسەندی کرد، ئەسڵەن کار بەو پلانە نەکرا. دواتر فەرماندەکانی عەمەلیاتەکان ڕاستەوخۆ فەرمانیان لە سەرۆک وەزیران مالیکی وەردەگرن، ئەوەش پەراوێزخستنی ڕۆڵی هەموو ئەوانی دیکە بوو.

**ڕووداو: واتە مالیکی تەجاوزی کردە سەر دەسەڵات و سەلاحیاتەکانی تۆ؟**

**بابەکر زێباری:** تەجاوزی کردووەتە سەر دەسەڵاتەکانی هەموو وەزارەت، مالیکی فەرماندەی هەموو عەمەلیاتەکانی عێراقی بەخۆیەوە گرێداون.

**ڕووداو: دوابڕیار چییە لەبارەی سوپای عێراق لە خانەقین، کە دەگوترێ هێشتا فەوجێکی ماوە لە خانەقین؟**

**بابەکر زێباری:** هێزەکان لە خانەقین نەماون و کشاونەتەوە،دوای ئەوەی جەنابی سەرۆک بارزانی تەدەخولی کرد ئەو هێزانە کشانەوە.

**ڕووداو: ئێستا کە هەوڵدانێکی زۆر هەیە بۆ گۆڕینی فەرماندە و ئەفسەرانی کورد لە موسڵ بەعەرەب، دەگوترێ ئێوە ئەو گۆڕانانەتان ئیمزا نەکردوون، ئەوە چۆنە؟**

**بابەکر زێباری:** خۆی لە پارێزگای موسڵ،بەتایبەت فیرقەی 2ی سوپای عێراق پێکهاتووە لە لیوایەک لە دهۆک و لیوایەک لە هەولێر و دوو لیوا لە موسڵ. ئەگەر تەماشای پێکهاتەی ئەو لیوایانە بکەی، لیوای هەولێرو دهۆک هەموویان کوردن، دوو لیواکەی موسڵیش نیوەیان کوردن بەهۆی ئەوەی قەزاکانی دەوروبەری موسڵ هەموویان کوردن.ئەگەر هەردوو لیواکەی هەمووشیان عەرەب بن کێشە نییە، بەڵام دەبێ هاوسەنگی بۆ کوردانیش هەبێت لە نێو سوپادا. بەڵام بەداخەوە هەر ئامر لیوایەکی کورد لادەبەن و عەرەبی لە شوێن دادەنێن، وەزیری بەرگری و مالیکیش هەردووکیان پلەیان لەمن بەرزترە. من دەتوانم ئیعتیراز بگرم، بەڵام ئەوان لە من بەرزترن بۆیە دەبێ ئەوە بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێن.هەروەها بە ئاشکرا تەجاوزێکی زۆر ئاشکرایان دەستپێکردووە لە موسڵ و شوێنەکانی دیکە و ئەسڵەن هیچ هاوسەنگی و تەوازنێک لەنێو سوپای عێراقدا نەماوە بۆ کورد.کورد بە تەواوی پشتگوێخراوە لە سوپای تازەی عێراقدا: لە 7فەرماندەی عەمەلیات لە عێراق هیچیان کورد نین،فەرماندەی هێزی زەمینی هیچ کوردی تێدانییە، هیچ قائید فەیلەقێک کورد نییە، لە 14قائید فیرقە تەنها 2 یان کوردن. یەک معاون قائید فیرقە کوردە و هیچ ڕەئیس ئەرکانی فیرقە کوردنییە. لە وەزارەتیش هەر هەفتەیەک بە فەرمانی دیوان کوردێک دەردەکرێ. هیچ تەوازنێک لە دابەشکردنی فەرماندەکاندا نییە بۆکورد.بۆیە پێویستە سەرکردایەتی کورد هەوڵێکی جیدی بدات و پێداگیری بکات لە سەر گێڕانەوەی هاوسەنگی و تەوازن بۆ نێو سوپای عێراق.

**ڕووداو: کاک مەسعود دەڵێ هیچ مانایەک بۆ مانەوەی ئێوە وەک سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق نەماوە، ئایا تۆ ئامادەی دەست لە کاریکێشییەوە یاخود چیتکردووە بۆ ڕاگرتنی ئەو تەجاوزاتانە بۆ سەر دەسەڵاتەکانت؟**

**بابەکر زێباری:** من دژی فەرمانەکانیان دەوەستمەوەو جێبەجێیان ناکەم، بەڵام بێ سوودە بەهۆی نەبوونی هاوسەنگی، ئەنجام هەر بەدەستی ئەوانەوە دەچێ.من بێدەنگ نەوەستاوم،بەڵام وەزیر و سەرۆک وەزیران هەردووکیان دەسەڵاتیان لەمن بەرزترە.

**ڕووداو:ئەگەر دۆخەکە هەروا بەردەوامبێ دەست لەکار دەکێشییەوە؟**

**بابەکر زێباری:** بەڵێ، ئەوە دووجارە ئیستقالە دەدەمە جەنابی سەرۆک بارزانی. ئەمجارەش کە هاتە بەغدا پێمگوت من ناتوانم لەگەڵ ئەوانە کاربکەم، چونکە بەهیچ شێوەیەک ڕەچاوی دەسەڵاتەکان ناکەن، منیش لەوانە نیم بێم دانیشم قاوە بخۆمەوە، ئەوە کاری من نییە. هەموویان لەگەڵ یەکن .هەموویان کۆنە بەعسی، کۆنە ئەندام فەرع و ئەندام شوعبەی بەعسن، هەموویان ئەوانە کە خوێنی گەلی عێراقیان دەمژی.

**بەغدا حەزناکات 1 سەربازی کورد لە ناوچەکانی هێلی تەماس بێت**

**ڕووداو: چ کاردانەوەیەکتان هەیە لە سەر هێنانی لیوایەکی عەرەبی باشوور بۆ کەرکووک؟**

**بابەکر زێباری:** هیچ کێشەیەک نییە لە بردنی لیوایەک بۆ شوێنێک بۆ ئۆپەراسیۆن،هەروەک چۆن کێشە نەبوو ئەگەر فیرقەیەکیش بۆ ئۆپەراسیۆن ببرابایە دیالە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کورد لابدەی و عەرەب بخەیە شوێنیان. ئێستا باوەڕناکەم ڕێژەی کورد 7%بێت لە نێو سوپای عێراقدا، بەڵای خۆیان لەو 7%یەش ناکەنەوە و لە کۆڵی نابنەوە، بەتایبەتی ئەگەر بۆیان بکرێ یەک کورد لە هێلی تەماس ناهێڵن. لە ناوچەی چیای حەمرین ڕێگری لەخەڵکی دەکرا، کەچی لێنەدەگەڕان کورد ئەوە نەهێڵێ، تەنیا بۆئەوەی هەر لەدەستی عەرەباندابێ، کەچی داوایان لەکورد کرد بێن بەغدایان بۆ کۆنترۆڵ بکەن، ئەو فەرق و جیاوازییە هەیە.

**ڕووداو: ئەنوەری حاجی عوسمان جێگری وەزیری پێشمەرگە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو)داگوتی سوپای عێراق نەخشەیەکی نهێنی هەیە بۆ گەڕانەوەی سوپای عێراق بۆ هەموو ئەو شوێنانەی کە کاتی خۆی سوپای سەدامی تێدابوو، ئایا ئێوە ئاگاداری ئەو نەخشەیەن؟**

**بابەکر زێباری:** ئەوە نەخشە نییە، بەڵام دەڵێن کاتی ئەوە هاتووە هێزەکانی هەرێمی کوردستان بچنەوە هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی مادەی 140 بکەونە ژێردەستی ئێمە . دەڵێن ئەوناوچانە هی ئێمەن و تاوەکو ماددەی 140جێبە جێنەکرێت و ناوچەکان دیاری نەکرێن کامەیان سەر بە هەرێمی کوردستانن ئەوکات دیاردەبێ دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان یان نا . تاوەکو مادەی 140 جێبەجێنەکەن ئەو کێشانە هەر بەردەوام دەبن.

**ڕووداو: سامی عەسکەری ڕاوێژکاری سەربازیی مالیکی لە لێدوانێکدا، دەڵێ سوپای عێراق بۆی هەیە بچێتە سلێمانیش،مەستەدەکەی ئەوە ڕای مالیکیش بێت؟**

**بابەکر زێباری:** باوەڕناکەم ئەوە ڕای مالیکی بێت، لەبەر ئەوەی بە گوێرەی دەستوور هیچ هێزێکی عێراقی نابێ بچێتە ناو هەرێمی کوردستان، بەبێ ڕەزامەندی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لە سەر داوای سەرۆک وەزیرانی عێراق. هەتا ئەگەر هێزێک بۆ فەرەزیات و مەشقکردن و کاری مرۆڤیش بنێرێ دەبێ ڕەزامەندی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وەربگرن. بەڵام سامی عەسکەری خاوەن تێڕوانینێکی شۆڤێنییە و ئاگاداری دەستوور نییە و بەکەیفی خۆی دەداتە ناو ماشان.ئەگەر شتێکی لەیاسا بزانیبا وای نەدەگوت .

**ڕووداو: مالیکی ئێستا بانگەوازی گەڕانەوە بۆ ئەفسەرانی سوپای سەدام دەکات و پێشمەرگەش لە ڕیزی سوپادا قبوڵ ناکەن، ئایا ئەوە بەمەبەستی بڵاوەپێکردنی پێشمەرگە نییە؟**

**بابەکر زێباری:** ئەوە دانوستانە، کەئێمە هەوڵ بۆ خۆمان دەدەین، ئەوانیش بۆخۆیان هەوڵدەدەن، هێندەی پێیانبکرێ، هەوڵی کەمکردنەوەی ڕۆڵی کورد دەدەن. هەقی خۆیانە هەوڵی خۆیان بدەن، بەڵام ئێمەش پێویستە پێداگیربین و هەمیشە لە هەوڵدابین. بەڵام یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس ماوە بەناوی یاسای موسائەلە و عەدالە، بەپێی ئەو یاسایە چەند مەرجێک هەیە نابێ بە عسی بێ و پلەی لە ڕائید خوارەترەوەبێت.

**ڕووداو: بڕیار دەرچووبو 2 فیرقەی سەربازی لە پێشمەرگە دروستبکرێن ئەمە گەیشتە کوێ؟**

**بابەکر زێباری:** ئەو بڕیارە 2007دەرچووەو تائێستا هیچی بۆ نەکراوە.

**ڕووداو: هێزی فرەرەگەزەکان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا هەڵوێستیان چۆنە؟**

**بابەکر زێباری:** هێزی فرەرەگەز حەزدەکەن هیچ کێشەیەک دروستنەبێت و زۆر کەیفیان بە کوردان دێت، بەڵام حەزدەکەن کورد کێشە دروست نەکات، چونکە کورد دوژمن و ناحەزیان زۆرن .

**ڕووداو: فەریق جەمال بەڕێوەبەری ئاسایش و هەواڵگری وەزارەتی بەرگری کە کوردە تەجمید کراوە، هۆیەکە چییە؟**

**بابەکر زێباری:** تەجمید نەکراوە، بەڵام دراوەتە لێکۆڵینەوە ئایا هیچ مخالەفەیەکی کردووە یان نا.

# بەغدا داوا دەکات هێزی پێشمەرگە بکشێتەوە پشت هێڵی 36

**ڕووداو- هەولێر**

مەحموود عوسمان ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق ڕایگەیاند کە لە بەغدا سیاسەتێکی گشتی هەیە بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی کورد لە بەغداو لەهەرێمی کوردستانیش، هەڵوێستی ئەمریکاشی بە "زۆر خراپ" وەسف کردو ڕایگەیاند کە ئەو بێدەنگییەی ئەوان بەقازانجی حکومەتی عێراقە، هاوکات ولایەتە یەکگرتووەکانیشی بەوە تۆمەتبار کرد کە "بەشدارە لەو هەوڵانەی بۆ کەمکردنەوەی نفوز و دەسەڵاتی کورد لە کوردستان و بەغدا دەدرێت".

قسەکانی مەحموود عوسمان لەکاتێکدایە کە پەیوەندییەکانی نێوان بەغداو هەولێر لەوپەڕی گرژیدایەو دوێنێ یەکشەممە شاندێک بەنوێنەرایەتی حکومەت و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوولا بەرەو بەغدا بەڕێکەوتن.

ئەم قەیرانە کاتێک تەقییەوە کە هێزەکانی سوپای عێراق بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەو بەرپرسانی ئیداریی قەزای خانەقین، هەڵیانکوتایە سەر شارەکەو لەچەند شوێنێکی ئەو شارەدا بازگەیان دامەزراند. لەکاتێکدا ئەو ناوچانە بەپێی دەستووری عێراق ناوچەی ململانێن وهێشتا چارەنووسیان لەنێوان بەغداو هەولێردا یەکلایی نەبووەتەوە، ژمارەیەک لە بەرپرسانی عێراق ڕاوەدوونانی هێزی پێشمەرگە لەناوچەکانی دەرەوەی هێڵی شین و مامەڵەکردنیان وەک میلیشیای چەکدار بەمافی ڕەوای حکومەتی عێراق دەزانن.

هومام حەموودی سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە پەرلەمانی عێراق لەوبارەوە ڕایگەیاند کە نوری مالیکی سەرۆک وەزیران سەرکردایەتی کوردی لەوە ئاگادار کردووەتەوە کە هەر پێشمەرگەیەک لەدەرەوەی هێڵی شین ببینرێت بەرەوڕووی ڕاوەدوونانی یاسایی دەبێتەوە، هەر دوابەدوای ئەو، سامی عەسکەری ئەندامی ئیئتیلافی عێراقی هەمان ئەو قسانەی دووبارە کردەوەو هۆشداریشی دا کە بەردەوامبوونی سەرکردایەتی کورد لەسەر تەماشاکردنی ناوچەکانی جێی ململانێ وەک بەشێک لەهەرێمی کوردستان، عێراق بەرەو قەیرانێکی مەترسیدار دەبات. عەسکەری لەوبارەوە گوتی "دەبێت سەرکردایەتی کورد چاو بەهەڵوێستی خۆیدا بخشێنێتەوەو ڕێز لە ئیرادەی دەوڵەت و حکومەتی فیدراڵ بگرێت، سوپای عێراق وەک سەرۆک وەزیران خۆیشی گوتی مافی ئەوەی هەیە بچێتە ناو هەولێرو سلێمانیش".

هێڵی شین واتە هێڵی پانی 36 کە تا نیسانی 2003 وەک ناوچەی ئارام و دژەفڕین دەناسراو پاش ڕاپەڕینی 1991 لەلایەن ئەمریکاو بەریتانیاوە بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان دامەزرا.

ئەنوەر حاجی عوسمان بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە هەفتەیەک لەمەوبەر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە سوپای عێراق بەنیازە دەست بەسەر هەموو ئەو ناوچانەدا بگرێتەوە کە تا نیسانی 2003 لەژێر کۆنترۆڵی ڕژێمی بەعسدا بووە.

سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەم لێدوانە توندانەی بەرپرسانی بەغدا وەک هەڵمەتێکی عەرەبی دژی کورد تەماشا دەکەن. مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەڤدیتنێکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (شەرق ئەلئەوسەت) ڕەخنەی توندی لە حکومەتی بەغدا گرت و بە حکومەتێکی بێ بەڵێن و تۆتالیتارو تاکڕەو ناوی برد. بارزانی هۆشداریشی دا کە ئەگەر حکومەتی عێراق سووربێت لەسەر دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤ بۆ ماددەی 140ی دەستوور، ئەوا دەمودەست وەڵامی داواکاری ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەدەنەوەو پارێزگاکە دەگەڕێننەوە سەر هەرێمی کوردستان.

بارزانی کە یەکەمین جارە بەو ئاستە توندە ڕەخنە لە سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق دەگرێت، گومانی خۆی لەوە دەربڕی کە کورد لەو حکومەتەدا بەشدارێکی ڕاستەقینە بێت و بابەکر زێباری سوپاسالاری عێراقی بەنموونە هێنایەوە کە جموجوڵەکانی سوپا هەمووی لە پشت سەری ئەوەوە ئەنجامدراون و هیچ ڕاوێژێکی پێنەکراوەو گوتی "بوونی ئەو لەو پۆستەدا تەنها ڕووکەشەو هیچ سوودێک لەمانەوەی لە پۆستەکەیدا نەماوە".

بابەکر زێباری لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ئاشکرای دەکات کە هاوسەنگیی ڕێژەی کوردو عەرەب لەنێو سوپای عێراقدا بەتەواوی تێکچووەو بەشێوەیەکی بەردەوام ئەفسەرە کوردەکان دەردەکرێن و عەرەبیان لەشوێن دادەنرێن، ڕاشیگەیاند کە ئەو وەک نارەزاییەک بەرامبەر ئەو کردەوانە تائێستا دووجار داوای دەست لەکارکێشانەوەی داوەتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

ئەگەرچی بابەکرزێباری پێیوانییە قسەکانی سامی عەسکەری ڕاوێژکاری سەربازیی مالیکی لەبارەی ئەوەی کە سوپای عێراق مافی ئەوەی هەبێت بچێتە سلێمانی ڕای مالیکیش بێت و هۆکاری لێدوانەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە سامی عەسکەری ئاگاداری دەستوور نییە، بەڵام د.مەحموود عوسمان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە سامی عەسەکەری نزیکترین کەسە لەمالیکیەوەو گوتی "قسەی ئەو قسەی مالیکیە، 100% ئەوە بۆچوونی مالیکیەو سامی عەسکەری لەخۆیەوە هیچ شتێک ناڵێت".

لەکاتێکداسەعدی بەرزنجی جێگری سەرۆکی کوتلەی هاوپەیمانیی کوردستان هەڕەشەی ئەوە دەکات کە کورد بۆ بەرەوڕووبوونەوەی مالیکی کارتی گوشاری زۆرەو ئاماژەی بە ئەگەری کشانەوەی کورد کرد لە پرۆسەی سیاسی، د.مەحموود عوسمان ڕایگەیاند کە ئەو ساڵ و نیوێک لەمەوبەر هەمان پێشنیاری کردووەو گوتی "ئەوکاتە هەموو هێزەکانی عێراق جگە لە کورد لە حکومەتەکەی مالیکی کشابوونەوە، کورد بکشایەتەوە حکومەت شکستی دەهێنا، بەڵام ئەوکات بەجۆرێکی دیکە ئەم بۆچوونەی منیان لێکدایەوە" هەروەها گوتی " ئێستا کورد دەتوانێ لەپرۆسەی سیاسی و حکومەت بکشێتەوە، کورد دەبێت بڕیار لەمە بدات و بڕیارەکەش پاش گفتوگۆیەکی چڕ لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بدات، دەبێت دەسەڵاتی کوردی بەوردی گفتوگۆ بکات و بزانێت ئەو کێشانە چارەسەر دەبێت یان نابێت، ئایا چارەسەرەکان دەستوورین، ئەگەر چارەسەر نابێت و ئەوان دەستوور جێبەجێ ناکەن، ئەوکات سەرکردایەتی سیاسی کورد بڕیارێکی لێبدات".

مەحموود عوسمان لەوەڵامی بەرپرسانی بەغدادا کە داوا دەکەن هێزی پێشمەرگە بۆ پشت هێڵی 36 بکشێتەوە، گوتی "ئەو ناوچانە ناکۆکییان لەسەرەو دەبێت بەپێی مادەی 140 یەکلایی بکرێنەوە، تا ئەو کاتەش دەبێت هێزەکانی هەردوولا لەو ناوچانە هاوکاری یەکتر بکەن". هاوکات ڕەخنەی توندیشی لە ئەمریکا گرت کە لەم قەیرانەدا بێدەنگەو ڕۆڵی تەماشاوان دەبینێ. مەحموود عوسمان گوتی "سیاسەتێکی گشتی هەیە لەبەغدا کە دەیەوێت ڕۆڵی کورد لە هەرێمی کوردستان و بەغداش کەمبکاتەوە، ئەمریکاش لەم سیاسەتە بێدەنگەو ئەم بێدەنگییەش لەبەرژەوەندی حکومەتی عێراقە" هەروەها گوتی "ئەمریکا بەشدارە لەم هەوڵانەی بۆ کەمکردنەوەی نفوز و دەسەڵاتی کورد دەدرێت".

مەحموود عوسمان لەگەڵ ئەوەی دان بەوەدا دەنێت کە هاوپەیمانێتی نێوان کوردو شیعە زۆر لاواز بووەو پێویستە چاوی پێدا بخشێنرێتەوە، بەڵام بەدووریشی زانی ئەم قەیرانەی ئێستا ببێتە هۆی لێکهەڵوەشاندنەوەی ئەوهاوپەیمانێتییە.






## لەفرۆکەخانەی هەولێر فڕین و نیشتنەوە زیاتر بوو

ڕووداو-هەولێر

◆ بەهۆی وەرزی هاوین کە وەرزی پشوودانە، هاتن و چوونی کوردان لەنێوخۆ و دەرەوەی کوردستان بەڕێگەی فڕۆکەخانەی هەولێر لە دوو مانگی ڕابردوودا زیادبوونێکی زۆری بەخۆیەوە بینی. تاهیر هەورامی، بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی وێڕای ئاماژەدان بەم حاڵەتە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" هاتووچۆ لەوەرزین هاویندا بەبۆنەی وەرزی هاوینەوە هەموو ساڵ لە فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتیدا زیاد دەبێ".

# لە ئەنبار نەخوێندەوار بودجەی ئاوەدانکردنەوە دەدزن

**ڕووداو-نیوزماتیک**

سەرۆک هۆزەکانی دلێم و ئەندامی ئەنجوومەنی ڕزگارکردنی ئەنبار، ئەنجوومەنی پارێزگای ئەنباری بە دزینی ئەو بودجەیە تۆمەتبار کرد، کە بۆ ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاکە تەرخانکراوە، دووپاتیشی کردەوە کە هەندێ لە ئەندامانی ئەنجوومەنەکە تەنانەت بڕوانامەی سەرەتاییشیان نییە، داواشی لە حکوومەت کرد ڕۆڵی خۆی کارا بکات، کە ئەو لەم کاتەدا بە "سست"ی لە قەڵەم دا.

عەلی حاتەم سلێمان لە لێدوانێکدا بە نیوزماتیکی ڕاگەیاند، کە "بودجەی ئەنبار و ئەو مینحانەی بۆی تەرخاندەکرێن لە لایەن ئەنجوومەنی پارێزگاوە کە حیزبی ئیسلامی تێیدا باڵادەستە، دەدزرێ"، ئەوە بە گوێرەی قسەی ئەو.

سلێمان ڕوونیکردەوە کە "ئەو بودجەیەی لە 2006 و 2007دا بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەنبار تەرخانکرا، کەس هیچی لەبارەوە نازانێ، زۆربەی ئەو پلان و پرۆژانەی ئەندامانی ئەنجوومەنیش ڕایدەگەیێنن، یان دەڵێن جێبەجێمان کردوون، هیچ بنەمایەکیان نییە"، ئەوەش دەخاتە بەر سەرنج کە "ئەگەر ئاوەدانکردنەوەیەک هەبێت، ئەوە لایەنی ئەمریکی کردوویەتی یان هەندێ وەزارەتی عێراق کە ڕاستەوخۆ پرۆژەکانیان جێبەجێدەکەن، نەک بەو بودجەیە کە بۆ پارێزگاکە تەرخاندەکرێت".



سەرۆک هۆزەکانی دلێم پێیوایە "زۆربەی ئەو خۆراکەی دەگاتە خەڵکی ئەنبار ئێکسپایەرە"، لەمەشدا ئەنجوومەنی پارێزگا تۆمەتبار دەکات کە "ئەو خۆراکەی دێت بە خۆراکی کات بەسەرچووی دەگۆڕنەوە".

سەلمان داوای کرد حکوومەت ڕۆڵی خۆی لە پارێزگاکەدا چالاک بکات "چونکە ئەنبار هەرێمێکی جوودا نییە، بەڵکوو بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق و نابێ بدرێتە دەستی ئەنجوومەنێک کە لە لایەن خەڵکی ئەنبارەوە هەڵنەبژێردراوە"، بە پێی گوتەی ئەو، ڕۆڵی حکوومەت و وەزارەتەکان لە پاش نەمانی قاعیدە "لاواز"ە.

**ئەنجوومەنی پارێزگای ئەنبار کە حیزبی ئیسلامی تێدا باڵادەستە بودجە دەدزن**

سەرۆک هۆزەکانی دلێم

سەرۆک هۆزەکانی دلێم دووپاتیکردەوە کە "هۆزەکانی ئەنبار سوورن لەسەر لادانی حیزبە هاوردەکان، لە ڕێی پێکهێنانی بەرەیەکی سیاسی لەلایەن ئەو هۆزانەی لە ئەنبارەدان، چونکە ڕۆڵەکانی ئەنبار شایستەترن بۆ بەڕێوەبردنی پارێزگاکە". دووپاتیشی کردەوە "هەندێ لە ئەندامانی ئەنجوومەنی ئەنبار تەنانەت بڕوانامەی سەرەتاییشیان نییە"، بە گوێرەی قسەی ئەو. کە ئەوەش پێچەوانەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانە.

هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە "هۆزەکانی ئەنبار زۆر بە هێزەوە بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا دەکەن"، چونکە دەنگدەرانی ئەنبار لە هەموو پارێزگاکانی عێراق زیاتر ناوی خۆیان تۆمار دەکەن و ژمارەیان گەیشتووەتە پتر لە 250 هەزار کەس و، ژمارەیان بەردەوام لە زیاد بووندایە".

ئەنجوومەنی ڕزگار کردنی پارێزگای ئەنبار، ناوەندەکەی شاری ڕومادییە، 110کم لە ڕۆژاوای بەغدا، کە لەلایەن هۆزەکانی ئەنبارەوە بۆ ڕاونانی قاعیدە لە پارێزگاکەدا پێکهێندرا، پێشتریش حیزبی ئیسلامیی، کە بە 36 کورسی لە کۆی 41 کورسیدا، دەسەڵاتی ئەنجوومەنی پارێزگای ئەنباری لە ژێر دەستدایە، بەوە تۆمەتبار کرد کە دەستی لەگەڵ ڕێکخراوی قاعیدەدا تێکەڵە، سەربارى تۆمەتبارکردنی ئەو حیزبە بە گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی، لە کاتێکدا ئەو حیزبە ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە.

# کارگەی ئەربیل ستیل
# شیشی ئاسن بە 100 دۆلار هەرزانتری تورکیا دەفرۆشێت

**ڕووداو-هەولێر**

کارگەی ئەربیل ستیل، لە سەرەتای 2008 وەک یەکەمین کارگەی شیش لە کوردستان و عێراق دەستی بەبەرهەمهێنانی شیشی ئاسن کرد بۆ بیناسازی. سەبری ئوزەل بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیاکە دەڵێت هەمیشە شیشی کارگەکەیان 100 دۆلار هەرزانتری نرخی نێو تورکیا لە هەرێمی کوردستان دەفرۆشن و گوتیشی " کارگەکەمان ڕۆژانە 200تۆن شیشی بەرهەمدەهێنا، ئێستا کردوومانەتە 300 تۆن و سێ مانگی دیکە دەیکەینە 600تۆن".



**ئەگەر ڕێ لە چوونی سیکرابی هەرێمی کوردستان بۆ ئێران نەگیرێ زیانمان پێدەگات**

خاوەنی کارگەکە

ئەو کارگە ستراتیژییەی هەرێمی کوردستان، دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای هەولێر لە سەر ڕێگەی گوێڕ (ئەربیل ستیل کۆمپەنی-کۆمپانیای ستیلی هەولێر)ە. لە ساڵی 2005 دەستکراوە بەدامەزراندنی، لە مانگی تەمموزی 2007 یەکەمین وەجبەی بەرهەمی خۆی ناردووەتە بازاڕ. جۆری ئەو شیشەی لەو کارگەیە بەرهەمدێت لە 12ملیمەوە دەستپێدەکات تا 36.

سەبری ئوزەل، سەرمایەدارێکی کوردی تورکیایە و خاوەن چەندین کارگە و کۆمپانیایە لە تورکیا. ئەو کە لە نووسینگەکەی خۆی بۆ (ڕووداو) دەدوا، دەیگوت هاتنی ئەوان بۆ کارکردن لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2004 و ساڵێک دوای ئەوە بڕیاری دامەزراندنی ئەو کارگەیەیان دا، پاش ئەوەی لە بڕی سیکرابی هەرێمی کوردستانیان کۆڵیەوە.

**خەڵکی ئێرە ئیشکەر نییە**

وەک سەبری ئوزەل دەڵێ ئەوان سەرەتا دەیانویست ئەو کارگەیە دەرفەتێکی کار بێت بۆ کرێکار و ئەندازیارانی کوردستان " بەڵام کاتێک کارگەکەمان تەواو بوو و دەستمان بەکارکردن کرد، بۆمان دەرکەوت ئەوە زەحمەتە و خەڵکی ئێرە کارناکات، بۆیە ناچار بووین کرێکارمان لەتورکیاو هیندستان هێنان" .ئەو کارگەیە کە ئێستا 480 کرێکار و ئەندازیار کاری تێدا دەکەن، ڕێژەی کرێکارەکانی بەمشێویە: 150کرێکار و ئەندازیاری هەرێمی کوردستان، 250کرێکاری هندی، 80 کرێکارو ئەندازیاری تورکیا.

ئەو کارگەیە بۆ زیاتر فراوانبوون و زیاترکردنی بەرهەمی ڕۆژانە لە 300 تەنەوە بۆ 600 تەن، بەنیازە تاوەکو دوو مانگی دیکە ژمارەی کرێکارەکانی زیادبکات بۆ 600 کرێکار. بەڵام دوای ئەو ماوەیەی مامەڵەکردنیان لە گەڵ کرێکارانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بۆی دەرکەوتووە "خەڵکی ئێرە تەمبەڵن و کارناکەن"، ئەو بەپشت بەستن بەو ماوەیەی لێرە کارگەیان داناوەو کاری دیکەی کردووە دەڵێ" ئێمە کرێکاری خۆماڵی دێنین فێریدەکەین تا دەگاتە ئەو ئاستەی کە بەکەڵکی ئێمەو خۆیشی بێت، کەچی دەڵێت نەخۆشم هەیە، تازیە یان شاییم هەیە، دەچێت و ناگەڕێتەوە، شایی دەبێت یان ژن دێنێ دەچێ 20 ڕۆژ نایێتەوە، تازیەی دەبێت 5 ڕۆژ نایێتەوە، نەک هەر کرێکارەکانی خۆمان بەڵکو ئەندازیارەکانیشمان وان و کارناکەن، هەموو کەس حەزدەکات بچێتە شایی و خۆشی، بەڵام هەموو شتێکیش سنووری خۆی هەیە، تازەیەت هەیە دوو ڕۆژ بەسن، پێویست ناکات پێنج ڕۆژ لەوێبی".

ئەو کارگەیە شەو ڕۆژ بەردەوام کاردەکات، بۆیەش بە سیستەمێکی کاری پێشکەووتوو کەوتووەتە کار، خاوەنەکەیشی دەڵێ بەهۆی ئەو خەرجییە زۆرەی لە کرێکار و ئەندازیارانی هیندی خەرجی دەکەن و بەهۆی ئەوەش کە حەزدەکات خەڵکی ئێرە سوود لەو کارگەیە ببینن، دەیەوێت کرێکاری خۆماڵی بخاتە کارەوە " ئەو کارەی هیندییەکان دەیکەن ئەگەر کرێکارەکانی خۆمان لێرە 30%ی ئەوکارەش بکەن ئێمە هەر کرێکاری خۆمان دەگرین ". گوتیشی مەبەستی سەرەکیمان دروستکردنی هەلی کارە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان.

لە بەراوردێکدا لەنێوان کرێکارانی کوردی باشوور و باکووری کوردستاندا، سەبری ئوزەل دەڵێ " کوردی لای ئێمە زۆر لە کوردی ئێرە ئیشکەرترن". هەروەها دەڵێ " ئێستا دەڵێن لەو سەردەمەدا کەس لەبرسان نامرێ، بەڵام لەتورکیا ئەگەر کار نەکەی دەمری، بۆیە ناچاری دەبێ بەیانی زوو لەخەو هەستی و بچییە کار".

نرخی ئێمە هەمیشە 100 دۆلار لە تورکیا هەرزانترە. یەکەم وەجبەی بەرهەمی ئەو کارگەیە لە ساڵی ڕابردوو تۆنی بە 760 دۆلار خرایە بازاڕەوە، دواتر هەڵکشا بۆ 1200دۆلار و ئێستاش بە 900 دۆلارە.

خەڵک گلەییەکی زۆری لەبەرزی نرخی شیش هەیە لە کوردستان، بەڵام ئوزەل دەڵێ نرخی شیشی کارگەکەیان 300 دۆلار هەرزانتری شیشی تورکییە و جۆرەکەیشی باشترە "نرخی شیشی کارگەکەمان پەیوەستە بە نرخی بۆرسەی جیهانی ئاسنەوە، بۆرسەی لۆندرا ڕۆژانە نرخەکان دیاری دەکات، ڕۆژانە تەماشای نرخی شیش لە تورکیا دەکەین و ئێمە 100 دۆلار هەرزانتری نرخی ناو تورکیا لێرە دەیفرۆشین". ئەو نموونەی ڕۆژی پێش هەڤپەیڤینەکەی لەگەڵ (ڕووداو)دا دەهێنێتەوەو دەڵێ"دوێنێ نرخی شیش لەنێو تورکیا 1000دۆلار بوو، نرخەکەی ئێمەش 900دۆلار بوو".

هەرچەندە بەرهەمی ئەو کارگەیە بەشی پێویستی هەرێمی کوردستانیش ناکات، بەڵام وردە وردە دەچێتە بەغداش، بۆیەش بڕیاریانداوە تاوەکو سێ مانگی دیکە بەرهەمەکەیان ڕۆژانە بگەیێننە 600 تۆن.

لە دووساڵی ڕابردوودا نرخی ئاسن لە بازاڕەکانی جیهاندا زۆر بەرزبووەوە، ئەو شیشەی لە ئۆکرانیا و تورکیاوەش دەهات بەهەمان شێوە گران بوو، سەبری ئوزەل پێیوایە ئەگەر کارگەکەی ئەوان نەبووایە ئێستا نرخی شیش 300دۆلار لە نرخی ئێستای گرانتر دەبوو " ئەگەر ئەم کارگەیە نەبوایە، هەموو کاتێک نرخی یەک تەن شیش لێرە 300-400 دۆلار لە تورکیا گرانتر دەبوو، ئێستا ئەگەر شیش لە تورکیاوە بێت 300 دۆلار گرانترە. لەبەرئەوەی 100 دۆلار تەنیا خەرجی گواستنەوەیەتی لە تورکیاوە بۆ ئێرە، ئەوەی دەیهێنێتیش سوودی خۆی دەخاتە سەر ئەوەبووە 200 دۆلار، ئێمەش لە کارگەی خۆمان تەماشا دەکەین ڕۆژانە ئەگەر لە ئەسکەندەروونە لە تورکیا نرخەکەی 1000 دۆلار بێ ئێمە لێرە بە 900 دۆلار دەیفرۆشین ئەگەر لەوێ بە800 دۆلار بێت لێرە بە700 دۆلار دفرۆشین. ئەوەبووە 300 دۆلار. بۆ هەر تۆنێک 300 دۆلار فەرق زۆرە. بەڵام بەداخەوە خەڵک هەستی بەوەنەکردووە".

بۆیەش دەڵێ ئەگەر خەڵک ئەو ڕاستییە بزانن نەک گلەیی ناکەن بەڵکو مەمنونیش دەبن، چونکە دامەزراندنی ئەو کارگەیە لە بەرژەوەندی خەڵکدایە " بەڵام کارگەکەی ئێمە قازانجی ئەو ئاسنهێنانەی بڕی کە لە تورکیاوە دەیانهێنا، ئەو قازانجەیان نەما".

بەرهەمی نێوخۆیی هەمیشە جێی گومان و سووک تەماشاکردنە لەلای خەڵکی کوردستان، بۆیەش هەندێ وەستای شیش بەستن پێیانوایە شیشی کارگەکەی کوردستان زووتری تورکییەکە دەشکێن، بەڵام سەبری ئوزەل ئەوە بەتووندی ڕەتدەکاتەوەو دەڵێ شیشی کارگەکەیان زۆر لەو شیشە تورکییە باشترە کە دەهێندرێتە هەرێمی کوردستان "ئێمە بەپێی ستانداردی ئەمریکی شیش بەرهەمدێنین، بەرهەمی کارگەمان و هی تورکیاش لەبازاڕ هەیە، بڕۆن لەبازاڕ بپرسن، بەرهەمی ئێمە و بەرهەمی تورکیا ببەنە پشکنین، بزانن کامیان باشتر دەردەچێت. بێگومانم بەرهەمی ئێمە زۆر لە بەرهەمی تورکی باشترە، چونکە تورکیا ئەو بەرهەمە دەنێرێتە عێراق کە ناتوانێ بۆ دەرەوەی بنێرێ". واتە ئەو بەرهەمەی بەپێی ستاندارتە نێودەوڵەتییەکان قبول نییە ئەوە دەنێرێتە کوردستان.

ئوزەل گوتی" پرۆژەی ئێمە پرۆژەیەکی زۆر گەورەیە و هیچ بەرهەمێکی خراپ نادەینە بازاڕ". هەروەها ڕوونیشیکردەوە ڕۆژانە هەر 25تۆن بەجیا تێست دەکەین بەخۆیان و دواتریش دەینێرنە تاقیگەی بیناسازی هەولێر، ئینجا دەینێرنە بازاڕ.

سەبری ئوزەل زیاتر لەوبارەوە دەدوێ و نموونەیەکی پشکنینی تاقیگەی شیشەکەیان دەداتە (ڕووداو) و دەڵێ "ئەم کارگەیە قازانجی ئەوانەی نەهێشت کە ئاسن لەدەرەوە دێنن، بۆیە لەوانەیە ئەوان ئەو پڕوپاگەندانە بڵاو بکەنەوە، بەڵام ئەو پروپاگەندانە بەلای ئێمەوە گرنگ نین، چونکە بڕوامان بە بەرهەمی خۆمان هەیە".

هەروەها تا ئێستاش داوایان لەحکومەت نەکردووە ڕێگە لەهاتنی شیشی دەرەوە بگیرێ، لەپێناو فرۆشی بەرهەمی کارگەیان " پێویستیمان بەداواکاریەکی وانییە لەحکومەت، چونکە نرخەکانی ئێمە لەوانەی دەرەوە هەرزانترن و، کوالیتی و جۆرەکەیشمان باشترە، بۆیە لە هەر شوێنێک بێت بابێت". بەڵام داواکاریان لە حکومەت ئەوەیە ڕێگە بە چوونە دەرەوەی سیکراب نەدرێ بۆ ئێران و تورکیا" بەشی خۆمان سیکراب هەیە، بەڵام پێویستە ڕێگە نەدرێ چیتر بۆ ئێران بچێ، کە تا ئێستا دەچێتە ئێران، لەکاتێکدا هیچ وڵاتێک ڕێگە نادات سیکرابەکەی بچێتە دەرەوە، ئەگەر ئەوە نەکرێ زیانمان پێدەگات".

لە چەند ساڵی ڕابردوو هەرکەسێک بۆ ژمارەکردنی ئۆتۆمبێلێکی نوێ دەبوایە، ئۆتۆمبێلێکی کۆن سیکراب بکات، بەڵام لە مانگی ڕابردووەوە ئەو مەرجە هەڵگیرا، ئەوەش تاڕادەیەک لە سیکرابی کوردستان کەمدەکاتەوە .بەڵام سەبری ئوزەل هیچ ڕەخنەیەکی لەوبڕیارە نییە.

ئێران کە لەدوای 1991 ەوە بەردەوام سیکرابی لە باشووری کوردستانەوە بۆچووە، ئێستاش بەهۆی گرانیی نرخەکەی لەئێران سیکرابی بۆ دەچوو، بەڵام کارگەی ستیلی هەولێریش بڕیاریداوە نرخی کڕینی سیکراب بەرزبکاتەوە بۆ 125 – 130 دۆلار بۆ یەک تەن. هەر سەبارەت بە سیکرابیش، گوتی ئەو شیشە هەروا نییە سیکرابەکە بخەیە ناو فڕنەوەو دواتر شیشی لێدەربچێ " ئێمە زۆر مادەی دیکە بەکاردێنین بۆ بەرهەمهێنانی شیش، هەندێک لەو مادانە لەتورکیاش نین و لەوڵاتانی دیکەوە دەیهێنین".

**فرۆشتنی ڕاستەوخۆ**

سەبری ئوزەل دەڵێ بەهۆی نەشارەزاییان لە بازاڕی هەرێمی کوردستان، سەرەتا یەک کەسیان کردە بریکاری فرۆشتنی بەرهەمەکەیان، بەڵام دواتر بۆیان دەرکەوتووە ئەوە هەڵەیە چونکە ئەو کەسە سوودێکی زۆری دەخستە سەر نرخی بەرهەمەکە، ئێستا بڕیاریانداوە ڕاستەوخۆ بیفرۆشنە هەموو کەسێک بەمەرجێک کڕینەکە لە 100تۆن کەمتر نەبێ.

ـ ئێمە سەرەتا هەڵەمان کرد چونکە زۆر شارەزای بازاڕی کوردستان نەبووین، هەموو بەرهەمی خۆمان دا بە یەک بریکار، بەڵام ئاسن فرۆشانی دیکە گلەییان هەبوو، زانیمان ئەوە هەڵەیە، ئینجا گوتمان دەیانفرۆشینە ئەوانەی ئاسن دەفرۆشن . دوایێ زانیمان ئەوەش هەڵەیە بۆیە ئەوە هەفتەیەکە بڕیارێکی نوێمانداوە، هەرکەسێک بێت بۆ خۆی بیکڕێت دەیدەینێ، بەمەرجێک لە 100 تەن کەمتر نەبێت.

**کارگەی ستیلی هەولێر**

–لەساڵی 2005 دەستکراوە بەدروستکردنی ئەو کارگەیە.
–لە سەرەتای 2008 دەستی بە فرۆشتنی بەرهەمەکەی کردووە.
380– کرێکار و ئەندازیار کاری تێدادەکەن و سێ مانگی دیکە زیاد دەکرێن بۆ 600.
–ئێستا ڕۆژانە 300تۆن بەرهەمدێنێ و پاش سێ مانگی دیکە دەگاتە 600تۆن.
–شیشەکانی بەپێی ستانداردی ئەریکی دروستدەکرێن.



دوای تەواوبوونی سمینارەکەی لە شاری ڤوپەرتالی ئەڵمانیا، کە تێیدا ڕەوشی ئێستای پارتی و باشووری کوردستان شرۆڤەکرد و چەند پارچە هۆنراوەیەکیش پێشکێشی ئامادەبووانی سـمینارەکە کرد. قادر قەچاخ، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و سەرپەرشـتکاری پەیمانگەی کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستانمان بینی و لە سەر هەمان مژارەکانی سەمینارەکەی، هەڤپەیڤینێکمان لەگەڵ سازکرد. قەچاغ ڕەخنەی توند لە سەرۆک عەشیرەت، پیاوی پەرستگاکان گرت و هەروەها ڕەخنەی لە ئامادەنەبوونی ئافرەتان لە سەمینارەکەی گرت و پێیوابوو ئافرەتان لە کوردستان زیاتر ئامادەی کۆڕ و سەمینارەکان دەبن.

**سلێمانێ ئالیخان**
**ڕووداو- ئەڵمانیا**

## قادر قەچاخ، بەڕێوەبەری پەیمانگای پێگەیاندنی کادیرانی پارتی:

# سەرۆک عەشیرەتەکان یەکجاریش گیرفانی خۆیان نەداوەتە میللەت



قادر قەچاخ و هاوسەرەکەی، یەکەمجارە سـەردانی ئەوروپا دەکەن. ئـەو کە لەو گەشتە تایبەتەیدا کە سمینار و شیعریشی پێشکێش کردن، پێش گەیشتنە ئەڵمانیا سەردانی چەند وڵاتێکی ئەوروپای کردبوو "ئێمە بەسـەردانێکی تایبـەت و بۆ بینی ئەوروپـا و ڕەوەنـدی کـورد، هەروەها بەمەبەستی ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی بۆ خێزانەکەم هاتووینەتە ئێرە". قەچاخ، جگە لەوەی بەرپرسـێکی سیاسـییە، لە هەمانکاتیشـدا لە شـاخ و لەشـار هەر خەریکی شـیعر نووسـین بووە، بۆیەش لە سـەمینارەکەیدا لـە ڤورتەپال چەند شیعرێکیشی خوێندنەوە.

قەچاخ کە ئێسـتا خانووەکەی خۆی بۆ مۆزخانەی فۆلکلـۆری تەرخانکردووە، مەبەستیبوو مۆزەخانەکانی ئەوروپا ببینێ بـۆ سـوود لێوەرگرتن بـۆ دامەزراندن و ڕێکوپێکردنی مۆزەخانەکەی "بۆ پاراستنی هەندێک شـوێنەوار، کەلوپەلی مێژوویی کوردی، ئێسـتا سـەرقاڵی دامەزراندنی مۆزەخانەیەکی فۆلکلۆریم لە ماڵی خۆم و حکومەتی کوردستانیش هاوکاریم دەکات". ئەو لە سەمینارەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە پارتی و حکومەتی کوردستان ڕەوەندی کوردیان پشتگوێنەخسـتووەو و بانگی گەڕانەوە کوردستانیشـی کردن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا گوتی "هەرچەندە پرۆژەیەکـی تایبەتمان لە دەسـتدا نییە بـۆ ڕەوەندی کورد، بەڵام هەر کەسـێک بیەوێ بگەڕێتەوە بۆ کوردستان دەرگاکان کراوەن و ئەوانەی زەحمەتیان کێشـاوە و پیشمەرگەبوونە، مافەکانیان پارێزراون و هەر کاتێک بێـن ڕێزیان لێدەگیرێ، بەڵام ناڵێم هەرکەسـێک هەر شـتێکی ویست هەمووی بۆ دەکرێت". ئەو هەروەها پەسنی ڕەوەندی کـوردی دا و گوتـی " دەبینم کوردانـی ئێرە لەیەکتـر نزیکبوونەتەوە، بە تایبـەت دوای ئەو لەیەکترنزیکبوونەی لە نێو لایەنە سیاسـییەکانی کوردستاندا دروسـتبووە، ئەمەش نیشـانەیەکە کە وشیاری نەتەوەیی بەرەو گەشەکردنە".

قادر قەچاخ، هاتنی گەنجانی باشووری کوردستانی بۆ ئەوروپا بە هەڵە لە قەڵەمدا و گوتـی ئەگەر ئەو گەنجانە چارێکی ئەو ئیشەی لە ئەوروپا دەیکەن لە وڵاتی خۆیان بیکەن ژیانیان زۆر باشـتر دەبێت "خەڵک لە وڵاتێـک دەردەکەوێت کـە بارودۆخی نەخۆش بێت، جێـگای ژیانی لێ نەبێ و ئازادی لێ نەبێ، بەڵام کوردستانی خۆمان وا نییـە و دەرفەتی کاری لێیە، بەڵگەش ئەوەیە کە حکومەتی کوردسـتان ئێستا کرێکار لە وڵاتانی دووری وەک بەنگلادیش، ئەسیۆپیا و پاکستان دەهێنێت"، هەروەها گوتیشی " هەڵبەت شتی سەرەکی لە هەر وڵاتێک ئارامی و هەرزانییە، ئەوجا ئەگەر باشووری کوردستان لەگەڵ گەلێک وڵاتی جیهان بەراورد بکەین، ئەو هەردوو شتانە لە کوردستان هەن، بۆیە پێمان خۆش نییە گەنجانی کورد ڕوو لە ئەوروپا بکەن".

قادر، کە یەکێکە لە پێشمەرگەکانی شاخ و زۆر شیعری لە سەر شێخ و ئاغایان هەن و هەروەها بە کەسێکی ڕەخنەگر لە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی ناسراوە، دیسان ڕەخنەی لە سەرۆک عەشـیرەت و جاش و پیاوانی پەرستگەکان گرت و گوتی"دەبێ هەمیشە وەبیر خەڵکی خۆمان بێنینەوە، بە تایبەت گەنجانمان، کە بە عەشیرەتگەری سەرخۆش نەبن و بە ئاینداریی تەسکەوە نەکەونە ژێر کۆنترۆڵی داگیرکەرانی کوردستان (عەرەب، تورک و فارس). چونکە ئەوان بە هاوکاری بەڕێوەبەرانـی دیوەخان و پەرسـتگەکان ئەم هەموو کارەسـاتانەیان بەسەر سەری گەلەکەمان هێناون، ئەمڕۆش هێشتا هەندێک لەو سەرۆک عەشـیرەتانە لە خیانەت تێر نەبوونە و دەچنـە دەرەوە لێدوانی خراپ بەرامبەر حکومەتی کوردستان و کوردایەتی دەدەن"، ئەو وەک ڕەخنەیەک لەو سەرۆک عەشیرەتانە گوتی "سەرۆک عەشیرەتەکان هیچ جارێـک گیرفانی خۆیـان نەداوەتە میللەتی خۆیان".

بەڕێوەبەری پەیمانگای کادیرانی پارتی، دەڵێ جگە لە هەندێ بابەتی حیزبی زۆربەی وانەکانـی زانکۆ لـە پەیمانگەکەی ئەوان دەگوترێنەوە"وانەکان بە هەردوو شێوە زاری سەرەکی زمانی کوردی دەوترێن". کادیرانی پارتی زۆر باسی کۆنگرەی داهاتوو دەکەن، کـە بەپێی پێڕەوی نێوخـۆی پارتی بێت دەبێ هەر چوار سـاڵ جارێک ببەسترێت، بەڵام ئەوە 10 ساڵە کۆنگرەی نەبەستووە، فازل میرانی سـکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی لـە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی وابڕیارە لەسـەرەتای ساڵی داهاتوو ببەسترێت.

بەڕێوەبەری پەیمانـگای کادیران، ئەم درەنگ کەوتنە بەشتێکی ئاسایی دادەنێ و دەڵێ " زۆر جار شـتی وا بووە، دەمانەوێ کۆنگـرەی داهاتوومـان کۆنگرەیەکـی چۆنیەتی بێت نەک چەندایەتی". سەبارەت بە گەورەترین پرۆژەی پارتیش کە مانگی ڕابردوو چووە نێو تەمەنی 62 ساڵیی خۆی گوتی " پیرۆزترین پرۆژەی خۆمان ڕزگاری گەلی کوردە و گەورەترین پرۆژەی ئێستاش جێبەجێکردنـی مـاددەی 140ە". قـادر قەچاخ باوەر ناکات ماددەی 140 مردبێت، چونکە وابەستەیە بە پرۆسەی دیموکراسی لە عێراق"پارتی قەت تەنازول لە 140 ناکات و هەر کاتێک دیموکراسـی لە عێراق مرد، لەوانەیە 140یش بمرێت".

دوایین سـەفەری کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی و هەرێمی کوردستان، کە سەردانێکی تایبەتی بوو بۆ ئەوروپا، لەنێو دەزگاکانی ڕاگەیاندن دا وەک سـەردانێکی سیاسـی نائاشـکرا دانـرا، بـەڵام قادر قەچاخ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوانەی ڕەتکردەوە و گوتی"لەدوایین کۆبوونەوەماندا، جەنابی پێی ڕاگەیاندنین کە بە سەردانێکی تایبەتی دەچێتە دەرەوە، دەرکەوتنی جەنابیشـی هیچـی خراپی تێـدا نییـە، چونکە ئەو بەردەوام بەدواداچوون دەکات،و جیهانیش بچووک بووەتەوە، جەنابیشی مرۆڤە و مافی خۆیەتی و بۆی هەیە دەربکەوێت". هەروەها گوتیشی "سەرۆک بارزانی لە هەر شوێنێکی بێـت، دوور بێ یـان نزیـک، مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێستە نەک تەنها بۆ باشووری کوردسـتان، بەڵکو بۆ هەموو کوردستانی گەورە". سەبارەت بە مام جەلالیش گوتی "هیچ زانیارییەکم لە سەر سەرۆک تالەبانی نییە".

## د.کامیران بەرواری، ماموستایێ زانکویا دهۆک:

# سەرۆکاتیا زانکۆیا دهۆکێ یا بوویە مەلەکی

**زانکویا دهۆک 16 سـالە هاتیە دامەزراندن، ئاریشـا ماموستایێن عەرەب ل وێ زانکۆیێ سال بۆ سالێ بەرفرە دبیت و ب سەدان پرسیار و بۆچوون ل سەر ئاستێ ڤێ زانکویێ ل دەڤ قوتابی و ماموستا و خەلکێ دهۆکێ هەنە، ( ڕووداو) ئەڤ پرسە و چەندین پرسێن دی یێن گرێدایی قوتابیێن بەهدینان دگەل د.کامیران بەرواری، ماموستایێ کۆلیژا ئادابێ ل زانکویا دهۆکێ گەنگەشەکرن**

**عەلی عەبدوڵلا**
**ڕووداو-دهۆک**

**ڕووداو: تو وەک ماموستایەک، قوناخێن پێشکەفتنا زانکۆیا دهۆکێ چەوا دبینی؟**

**د. کامیـران:** ڤەکرنـا زانکویـێ بخوه پێنگاڤەکا شارستانی و زانستی بوو، پڕکرنا بۆشـاییەکا مەزن بوو ل دەڤەرێ. بخوه ژی زانکویا دهۆکێ وەرار بخوەڤە دیتییە تا نۆکە چەندیـن کۆلیژ و پشـکێن نوی لێ هاتینە ڤەکرن.

**ڕووداو: ئـەرێ بەرفرەهبوونا زانکویێ و ڤەکرنا پشک و کولیژێن نوی ل دووڤ پێتڤیا خەلکێ دهۆکێ بووینە؟**

**د. کامیران:**هەمی ئەو کۆلیژ و پشکێن ل زانکۆیێ هەین ل دووڤ ڤەکولینەکا زانستی نەهاتینە ڤەکـرن ، گەلەک جـاران بوویە چاڤلێکرن. بۆ نمونە کولیژا پەروەدەو کۆلیژا بنیات و کۆلیژا پزیشـکی کو تا نووکە هند گرنگی پێ نەهاتییەدان و بخوە دهۆک پێدڤی ب ماموستایا و پزیشکێن باشە، بەلێ نە ل ئاستێ پێتڤیدانە.

**ڕووداو:ئەرێ ئەو قوتابیێن ل ئامادەیان دهێنە کۆلیژان ل ئاسـتی زانسـتی یێ پێتڤیدانە؟**

**د.کامیران:**هەتا نووکە من ل شەش کۆلیژا و خاندنا بلند وانە گۆتینە، ئەو قوتابیێن من دیتین پڕانیا وان نە د ئاستێ پێتڤی دابوون و هندەک ژوان ئاسـتێ وان یێ باشە، بەلێ هەژمارا وان یا کێمە. ئەگەرێن ڤێ چەندێ ژی سیستەمێ خاندنێ یە. سیستەمێ خاندنێ چ ئامادەیـی یان زانکۆیێ ل کوردسـتانێ سیستەمەکێ فاشلە، چونکە قوتابی هەمی شـیانێن خوه دمەزێخیت و وانێن خوه بێی کو تێبگەهیت ژبەردکەت داکو نمرەکا باش ب دەست خوڤەبینیت و ل کولیژەکێ بهێتە وەرگرتـن، ڕەنگە دەمێ دچیتە وێ کۆلیژێ ئەو هند یێ تێدا شارەزا نەبیت. بتنێ ئارمانج ئەوە باوەرنامەکێ ب دەست خوڤەبینیت و مووچەیەکی پێ وەرگریت، لەوڕا فەرە خاندنا ئامادەیی و زانکۆیی ل کوردسـتانێ بهێتە گوهۆڕین وخوە بگەهینینە جیهانا پێشکەفتیا ئەڤرۆ. بەلێ مخابن ئەو بنگەهێ زانستی ل کوردستانێ ب گشتی و ب تایبەتی ل دەڤەرا بەهدینان نینە، چونکە ل قۆناغا بنەڕەتی و ئامادەیی تووشی گەلەک ئاریشان دبن.

**ڕووداو: بوچـی وانەییـن پراکتیکـی ل زانکۆیێ هاتینە فەرامۆشکرن؟**

**د. کامیران:** بخوە سیسـتەمێ زانکۆیێ و خاندنا بلند ل کوردسـتانێ سیستەمەکێ فاشلە و لەوڕا ئەو سیستەمێ فاشل کارتێکرن ل زانکویا دهۆک ژی کرییە، چونکـە ل زانکۆیێن جیهانێ سیستەمێ جێگیر و سەرکەفتی هەیڤانە و ساڵانە ل دووڤ پیشکەفتنا جیهانی تێـت گوهڕین و نە ل سـەر حسابا قوتابیان و ماموستایان. بەلـێ ل ڤێـرە ڕوژەکێ دبێژن عبور هەیە و ڕۆژا پاشتر دبێژن نەما و دیسان خاندن دبیتە کۆرسات و ئێکسەر سالا دووڤدا دبیتە ساڵانە.

**ڕووداو: نەمانا عبور و سیستەمێ کورسات چ کارتێکرن ل ئاستێ زانستی یێ قوتابیان دکەت؟**

**د. کامیران:** کارتێکرنەکا هەری مەزن ل ئاستێ قوتابیان دکەت چونکە ئەڤ ئەزموونە ل سەر کەسایەتییا قوتابییە، قوتابی دهێت داکـو هندەک تشـتان ل زانکویێ فێر بیت بەلێ چ فێر نابیت، چونکە قوتابی ل دوور و نێزیک ئاگەه ل دانانا پرۆگرامان نینە. هەتا نووکە مە نەدیتییە کولیژەکێ یان پشکەکێ کونفرانسەکێ زانستی ل دۆر چاوانیا گۆتنا وانان و چاوانیا پێشڤەچۆنا ئاستێ قوتابیان سازکربە،لێ ل هەمی جیهانێ پرۆسێ خاندنێ ل سـەر سێ تشتان ڕادوەستیت : قوتابی، پرۆگرام، ماموستا. ماموستا دڤێت زانست ڤێ هەبیـت و بشـێت بگەهینیتە قوتابیان و دیسان پرۆگرامەکێ باش ژێ هەبیت دگەل هزر و بۆچوونێن قوتابیدا بگونجێت.



د. کامیران بەرواری

–ل سـالا 1962 ل گوندێ بناڤی ل دەڤەرا بەرواری ژۆریا ژدایک بوویە.
–ماستەرو دکتۆرا ل زانکویا سەلاحەدین وەرگرتینە.
–سالا 1994 بوویە ماموستا ل کولیژا ئادابا زانکۆیا دهۆک.

**ڕووداو:کۆلیژا زانست و ئاداب ئێکسەر بوونە پەروەردە و پشتی چەند هەیڤـەکان جارەکادی زڤرینە ڤە، ئەرێ بریارێـن ڤەکرنا پشـک و کولیژێن زانکۆیا دهۆک د دیراسەت کرینە؟**

**د. کامیران:**نەکـو بریارێن زانکویێ بتنێ نەدیراسە کرینە، بەلکو بریارێن کەسۆکینە و گەلەک بریـار ژدەرڤـەی کولیژێ دهێن بتنێ زانکۆ جێبەجێدکەت. ئەو کۆلیژێن تە بەحس لێ کریـن و بریارێن گوهرینا وان ل وەرزێ هاڤینـێ و بێـی ئاگەهداریا قوتابی و ماموسـتاییێن وان کولیـژان دەرکەفتن. دەرکرنا زوربەیا بریارێن زانکۆیێ گونەهەکە ل قوتابیان دهێتە کرن، چونکە ئەگەر ئەڤ چەندە ل زانکۆیەکا پێشـکەفتی هاتبا کرن قوتابی دشـیان بچنە دادگەهێ و سەرۆکێ زانکویێ و ئەوکەسێن ئەو بریار دەرکری ب کێشنە دادگەهێ و ئەڤ چەندە تاوانەک بوو ل قوتابی و ماموستاییێن وان کولیژان و خەلکێ دهۆکێ هاتیە کرن، چونکە کولیژا ئادابێ و زانستێ ل هەمی زانکوییێن جیهانێ کولیژێن هەری گرنگن و یەکەم کولیژ ل جیهانێ بەری 800 سـالان هاتیە ڤەکرن کولیژا یاسا بوو، ل دیڤدا کۆلیـژا ئادابێ هاتە ڤەکرن و هەتا نووکە زانکۆیەک نینە کولیژا ئادابێ و زانستی تێدا نەبیت، بەلێ پرسیار لڤێرە ئەوە بۆچی ئەو کولیژ هاتنە لادان کەس نزانیت؟ بۆچی پشتی چەند هەیڤەکان زڤرینەڤە ئەوێ ژی کەس نزانیت، بتنێ ب سـەدان قوتابێن بێ گونەه بوونە قوربانی.

**ڕووداو:دانان و لادانا بەرپرسێن بەشان و ڕاگرێن کولیژان ب چ ئاوایینە؟**

**د. کامیران:** ئەگەر ئەم ڕاستگۆ بین دگەل خوە، هەلبژارتنا سـەرۆک بەشان و ڕاگران هەتا سەرۆک و ڕاگرێن زانکۆیێ ژی دڤێت ب ڕێکا هەلبژارتنا بهێنە دانان و ماوەیەک هەبیت بۆ دووبارە ئەنجامدانا پروسـێ هەلبژارتنێ داکو بشێن گوهرینان بکەن چونکە ل هەمی وەلاتێن جیهانێ سیسـتەمێ زانکۆیان بڤی ئاوایـە، بەلێ ئەڤ ڕەنگە ل زانکۆیا دهۆکێ ب چ ئاوایەکێ نینە و ب بڕیارێن کەسـۆکی دهێنە دانان، تشتێ ژ هەمیا مەترسیدارتر ل زانکۆیا دهۆکێ سەروک بەش و ڕاگریا کۆلیژا و سـەرۆک و هاریکاریا سەرۆکێ زانکویێ یا بوویە مەلەکی و عەشیری، کوڕ بۆ بابی، باب بۆ نەڤی. ل چ وەلاتێن دیموکراسـی دا نینە 16 سـاڵان کەسەک سەرۆکێ زانکۆیێ بیت یان 10 سالان ڕاگرێ کولیژەکێ بیت.

**ڕووداو: ڕەنگـە ئێک بیت ژ پرسـیارێن خەڵکێ دهۆکێش ل دۆر زانکۆیێ ؟**

**د. کامیران:** چونکە کەسـەکێ یێ دانای ب دیموکراسـی و هەلبژارتن نەهاتییە دانان . ئەڤجـا دڤێت هەر ئـەو کەس بخوە خوە بگوهۆریت، ئەڤ چەندەژی بخوە غەدرەکە ل سەرۆکێ زانکۆیێ ژی دبیت، چونکە ئەگەر یێ سـەرکەفتیبا دڤێت پێشکەفت با و ببا وەزیر، ئەگەر یێ سەرکەفتی نەبیت بلا هاتبا لادان . ژ بـەر وێ چەنـدێ دیاردبیـت کو دیموکراسیەت نینە.

**ڕووداو:مانەڤا 16 سـالان دبیتە ئەگەرێ چێبوونا گەندەلیان ؟**

**د. کامیران:** ئـەڤ چەندە دێ ل هەمی جیهانێ ڕوویدەت ئەگەر کەسەک پتر ژ چار سـالان ما ل سەر کورسـیکەکێ دێ بیتە ئەگەرێ دروست بوونا گەندەلیێ، لەوڕا ئەڤ چەندە لسەر وژدانا وان دمینیت، ئەرێ ئەڤان کەسـان وژدان هەیە؟لڤێرە نەخێر، چونکە وژدانا مە هەمیا دروست کارناکەت.

**ڕووداو:گەندەلی ل زانکۆیا دهۆک هەیە؟**

**د. کامیـران:** خەلکێ دهۆکێ و قوتابی و ماموسـتا هەمی شاهدن کو زانکۆیا دهۆکێ وەکـو هـەر دەزگایەکێ دی یـێ دهۆکێ گەندەلی تێدا هەیە.

**ڕووداو: جهێ تەنگ و هەتا نوو دەوامانێ ل زانکۆیێ چ کارتێکرن ل ئاستێ قوتابیان دکەت؟**

**د. کامیـران :** جهـ بخوە ئێک ژ پێتڤیێن خاندنـێ یە، تشـتێ خەلـەت ل زانکۆیا دهۆکـێ ئەوە دێ چەندین ملیۆن دیناران ل ئاڤاهییەکێ خەرج کەن و ب شێوەکێ باش ناهێتە دروسـتکرن . ئەو ئاڤاهیێن هاتینە دانـان هەمی دخەلەتن هەر سـالا ئێکێ ب دەهان ئاریشە لێ پەیدادبن. نمونەژێ کۆلیژا ئادابێ یە، هندەک هۆلێن وێ وەکی گوڤانە ودڤێـت کایێ بکەنێ نە قوتابـی تێدا وانا بخوینن.

**ڕووداو: وەکو ماموستایەک، تو ل ئاستێ دەرچوییێن زانکۆیێ یێ ڕازی؟**

**د. کامیران:**نەخێر، چونکە ئەو قوتابیێن من وانە گوتینێ گەلەک ژ وانا د وی ئاستی دا نینـە باوەڕناما بەکالوریوسـێ وەرگرن، چونکـە هەمـی دزانن هـەر دێ دەرچن و نەبوونا چاڤدێریا زانستی وەلێ دکەت قوتابی بێ ئاست ل زانکویێ دەربچن، چونکە مروڤ نابینیت شـین تبلێن وان دنـاڤ چڤاکیدا دیاربن.

**ڕووداو:ب دەهان ئاریشـەیێن کۆمەلایەتی ئابووری و زانسـتی دناڤ خەلکێ دهۆکێدا هەنە، ماموسـتاییێن خاندنا بلند بۆچی هەتا نۆکە خۆ لێ ڤان ئاریشان نەکرینە خودان؟**

**د. کامیـران:** پێدڤییە هەمی ئاریشـێن خەلکی کارەب، ئاڤ، سـاخلەمی، ئابووری ماموستایێن زانکۆێ خوە لێ کربانە خودان و پروگرامەکێ دارشـتی و پلانەک بۆ دانابا و پێشکێشی سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ و سەروکێ حکومەتێ کربان کو تێدا دیارکربا ئەڤە چارەسەریە .گەلەک جاران ئەم باوەڕنامێ ددەینە کەسەکی بەلێ سەرێ وی یێ خالیە، چونکە ئەگەر ل تایبەتمەندیا خۆ دەرکەڤیت دێ بینی کەسـەکێ نەخوێندەوارە. زانکۆیا دهۆک نەشیایە کەسانێن کوردی و کوردستانی یێن دڵسوز بو مللەتێ خوە بەرهەڤ بکەت، چونکە زۆربەیا ئەو ماموستاییێن وانا دبێژنێ نەشـێن هەیڤێ جارەکێ پێزانینەکا گشتی بدەنە قوتابییێن خۆ، لەوڕا نەشێن قوتابییەکێ ئاست بلند بەرهەڤ بکەن.

**ڕووداو:قوتابـی گازنـدا ژ ماموسـتاییێن عـەرب دکەن، تو هەبوونا ڤێ هەژمارا مەزنا ماموستاییێن عەرەب چاوا دبینی؟**

**د.کامیران:** ئێکەمجار هاتنا وان بۆ زانکۆیێ ژبەر ڕەوشا خەلکێ عیراقێ بوو، کو ل سالا 1992–2003 عێراق ژلایێ ئابووری و جڤاکی ڤە درەوشـەکا هەری خراپ دابوو، هندەک ژبەر ڤێ چەندێ دهاتن چونکە ل کوردستانێ مووچەیێن ماموستایان دباش بوون، هندەکێن دی ژلایێ ڕژێما بەعس ڤە بۆ سـیخوریێ ل سەر حکومەتا هەرێمێ دهاتنە هنارتن داکو ژەهرا خۆ یا بەعسی بکەنە دسەرێ قوتابیێن کوردان دا.

**ڕووداو: دبێژن هندەک ژوان ماموسـتایان بەرێ بەرپرسێن بەعسی بوونە؟**

**هندەک هۆلێن کۆلیژا وەکی گوڤانە ودڤێت کایێ بکەنێ نە قوتابی تێدا وانا بخوینن**

**د. کامیران:**ڕاستە ئەو لیستا دەرکەفتی بناڤێ (تنظیم الامم) ناڤێ شەش ماموستاییێن زانکۆیـا دهۆکێ تێدا بوون، هەتا داوییێ هەر وانە دگۆتن، دیسان ل زانکۆییێن دن ژی یێن کوردستانێ ماموستاییێن هۆسا هەبوون.

**ڕووداو: بۆچی هەتا نۆکە زانکۆ هەر پێتڤی ب ماموستاییێن عەرەبە؟**

**د. کامیران:**زانکۆیێ وەکو پێتڤی گرنگی نەدایـە بەرهەڤکرنـا ماموسـتایان چونکە مەعقول نینە 16 سـالان زانکویەک نەشێت تێـرا هەوجەیا خوە ماموسـتایان بەرهەڤ بکەت، بسەدان ماموستاییێن کوردێن عیراقێ وسوریێ و ترکیا ل دەرڤەی وەلاتینە و تانۆکە نەشـیاینە خۆ بگەهیننە وانـا و ئەگەر ئەو ئینابان دا ب دلسوزانە کارکەن.

**ڕووداو: ماموستا گازندا دکەن، دبێژن بتنێ پارچە زەڤیان ددەنە ماموستایێن عەرەب؟**

**د. کامیران:** ڕاستە ماموستاییێن عەرەب ژبرسێ و ترسێ قورتال کرن ل سەرهندێ را پارچە زەڤی و خانیێن زانکۆیێ ژی دانێ کو ئەڤرۆ ب دەهان ماموستاییێن کورد کو پتر ژ 12 سـالانە شیانێن خوە بۆ زانکویا دهۆکێ تەرخانکرینـە و هەتا نۆکە دبێ خانینە، بلا لیژنەیـەک بهێت ئەڤجـا دێ زانن کا چ بۆ ماموسـتایێن کورد هاتییەکرن و چ بۆ یێن عەرەب دهێتە کرن، چونکە ماموستایێ عەرەب هەیە خانیێ ب سەد هزار دۆلاران وەرگرتییە وسێ پارچەیێن عەردی ژی وەرگرتینە، ئانکو ب هیچ ڕەنگەکێ دادپەروەری ددابەشـکرنا پارچەیێن ئەردی و خانیان دا نینە.



## ئایفەر: بەداخەوە ئارابێسک زیاتر دەفرۆشرێ

ڕووداو- نێتکورد

◆ کچە هونەرمەندی باکووری کوردستان ئایفەر دوزتاش کە ماوەی 12 ساڵە لەناوەندی ڕۆشنبیری مێزۆپۆتامیا کار دەکا، ئەمساڵ یەکەمین ئەلبوومی خۆی بەنێوی (لەیلان) بڵاوکردەوە، گلەیی لەوەکرد کە مۆسیقای کوردی پڕبووە لە ئارابێسک و دەڵێ "بەداخەوە ئەو بەرهەمانە زیاتر دەفرۆشرێن و حەزێکی ئەوتۆ بۆ ئەلبوومی باش نییەو نافرۆشرێن".



# موزیکی ژنان ئامەدیان هێنایە سەما



هەڵپەڕکێی کچانی ئامەد بە جلوبەرگی گەلێری لە یەکەمین فیستیڤاڵی ژناندا (فۆتۆ:DIHA)

**ڕووداو- ئامەد**

لەیەکێک لەگۆڕەپانەکانی شارۆچکەی فارقینی سەر بە ئامەد (دیاربەرکر) گرووپێک لەکچان بە دەف و جلی ڕەنگاو ڕەنگی کوردییەوە گۆرانی کلاسیک دەڵێن و سەما دەکەن، بەهەزاران کەسیش لەچواردەوریان چەپڵە لێدەدەن و هوتاف دەکێشن، ئەمە تابلۆیەکی هەست بزوێنە کە ژنانی باکووری کوردستان، بۆ بەدەستهێنانی مافی ژن و کورد بەگشتی بە مۆسیقایەکی ڕەنگ ئازاد دەینەخشێنن.

ئەو چالاکییە کە گوزارشتی لە هەستی پاکی ژنان دەکرد لەڕێگەی هونەری موزیک و گۆرانی و سەما، یەکەمین فیستیڤاڵی ئەدەب و هونەری ژنان بوو لە ناوچەی فارقین، کە بە هەزاران هاوولاتی تاوەکو درەنگانی شەو گوێبیستی گۆرانی کوردی بوون و سەما و هەڵپەرکێیان دەکرد.

فیستیڤاڵەکە لەلایەن شارەوانی ئامەد هاتبووە سازکردن و، هەزاران فارقینی بەشداریان تێدا کرد. لە دوای گێڕانی هەڵپەرکێ لەبەردەم ناوەندی ڕێکخستنی ژنانی ئەو شارە،جەماوەر ڕوویان لەگۆڕەپانی فیستیڤاڵەکە کرد.

ئەسلیکا قادر، ئەو ژنە هونەرمەندە ئەرمەنییەی دەیان ساڵە کورد لە ڕێگەی ڕادیۆی ئێریڤانەوە، گوێی لێدەگرێت، هاوشان لەگەڵ ئارامێ تیگران و کارپێتێ خاچۆ، بە گۆرانییە کوردییەکانیان و ڕەگەزە ئەرمەنییەکانیان بوونەتە خۆشەویستی کورد، لە فارقین بەجلوبەرگی کوردی هاتە سەر شانۆ و گۆرانی کوردییە دەیان ساڵییەکانی خۆی ڕاستەوخۆ پێشکێشی ئامادەبووان کردن.

"فارقینییەکان زۆر باش مانای مردن دەزانن، ئێمە چەوسانەوە و ئاوارەییمان بینی، دەبێت تاوەکو ئازادی وڵاتمان ڕێگای تێکۆشانی شەهیدانی بزووتنەوەکەمان بگرینەبەر، ئێستا لەناو ئێوەدا زۆر لەدایکانی قارەمان ئامادەن". فیکرەت کایا، بەڕێوەبەری شارەوانی فارقین لەبەردەم هەزاران کەس لەئامادەبوواندا ئەم وتانەی پێشکێشکرد.

فیستیڤاڵەکە یادی ژنە تێکۆشەری کورد دەلیلە مەیاسەر و هەموو شەهیدانی ژنی ڕێزگرت. فەجیرە بەنەک، ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی لیژنەی ناوەندی هونەری میزوپۆتامیا گوتی "میللەتانی ئازاد بە ئاوەزەکانی ئازادییەوە بەرەو هیوا و سەقامگیری هەنگاو دەنێن". دایکی دەلیلەش دەڵێت "کچەکەم بووکی کوردستانەو لەیاد ناکرێت، ئازادیمان بەڕێبەرایەتی ژنە سەرکردەکانمان هەتا دەچێت گەشاوەتر دەبێت".

لە فیستیڤاڵەکەدا، ژنانی فارقینی وەک بەشدارییەک لە هەڵمەتی گەڕانەوە بۆ زمانی کوردی و جلوبەرگی کوردی، بە جلوبەرگە ڕەنگاوڕەنگەکانیان، جوانی ڕووخسار و موزیکی خۆیان بەدیمەنی زۆر سەرنج ڕاکێش نمایشکردن. ئەو ژنانە بە گۆرانییە ئەڤینداری و شۆڕشگێڕییەکان، شەوی فارقینیان بەدرێژایی فیستیڤاڵ پڕکرد لە جۆش و خرۆشێکی کوردانە.

جێگری سەرۆکی پارتی تەڤگەری دیموکراتی DTP دەڵێت لەجیهاندا بە دەیان گەل بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی تێدەکۆشن و گەلی کوردیش یەکێکە لەو گەلانە"بەڵام لەهیچ شوێنێکی جیهاندا گرنگییەکی وەها بە ژنان نەدراوە". ئەمینە ئاینا هەروەها گوتیشی "گڕی ئاگری ئازادی لەدڵی هەمووماندا دەدرەوشێتەوە".

ئەمینە ئاینا، سەرەنجی ڕاکێشایە سەر ژنێک بەناوی دایکە ڕەحیمە کە دوو کوڕی لەشاخ ژیانیان لەدەستداوە، دوو کوڕیشی ئێستا لەشاخەکانن، هەروەها دوو لەکوڕەکانیشی جاشن، دایکە ڕەحیمە دەڵێت "بۆ ئەوەی پارووێک نان لەماڵی کوڕە جاشەکانم نەخۆم، لەپارکەکان ژیان بەسەر دەبەم، ئەمەش بووەتە هۆی نەچوونم بۆ ماڵی کوڕەکانم".

ئامەد ئەو شارەی لە دەیەکانی ڕابردوو، ئاوازێک بەسبوو بۆ زیندانیکردن لە زیندانەکانی تورکیا، کچانی فارقینی بە سەما، گۆرانی و جلوبەرگی کوردی ڕەنگێکی تەواو کوردییان بەسەر فارقیندا هێنا. کچانی دەف ژەن بە دەفە شیعر لە سەر نەخشێندراوەکان و ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان بە پرچەکانیانەوە، گۆرانی و ئاوازی خۆشی کوردیان بڵاوکردەوە.



## حەمە دەمبڵ:
# من حەمە دەمبڵی ئەسڵ نیم

**عیرفانی وەستا محەممەد، سوودێکی زۆری لەچەتوونی سەردەمی منداڵی خۆی وەرگرتووەو دەڵێت ڕۆژانە بەهەنگەشەلێ و هەلوکێن چووەتە گەڕەکی مەجید بەگ بۆ شەڕەگەڕەک. هەوادارانی خۆی دڵخۆش دەکات بەوەی کەلەخێزانەکەی خۆیدا حەمە دەمبڵێکی دیکە بەڕێوەیە و ڕایدەگەیێنێت، کە خۆی حەمە دەمبڵی ئەسڵی نییە. لە ساڵی 1968لەتووی مەلیک لەدایکبووەو پۆلی یەکەمی ناوەندی دوا وێستگەی خوێندنی بووە، تەنها هاوسەرەکەی کاری نواندن ناکات ئەوەی سەیرە، عیرفانی وەستا محەممەد تەنیا لەبەردەم سکرینی کامێرادا کۆمیدیە. لەو هەڤپەیڤینەدا، کەبەشێکی لە (ڕووداو) و درێژەکەیشی لە (ڕووداونێتwww.rudaw.net)دا بڵاودەکرێتەوە هەوادارانی، زۆر زانیاری تازە لەو هونەرمەندە کۆمیدییەوە دەبیستن.**

**دیمانە: نەوزاد مەحمود**

**ڕووداو: ئەگەر لەمنداڵیتەوە دەست پێبکەم، بێگومان دەپرسم ئاخۆ بەمنداڵی تاچەند چەتوون بوویت؟**

**حەمە دەمبڵ:** من کە لەتووی مەلیک بووم منداڵێکی چەتوون بووم. زۆربەی کات لە گەڕەکەکەی خۆماندا لاسایی برادەرانی خۆم و کەسایەتییەکانی گەڕەکەکەی خۆمانم دەکردەوەو خەڵک زۆر ئەوەیان پێخۆش بوو. زۆرجاریش لەسەر ئەو لاساییکردنەوانە لێدانی باشم دەخوارد. هەر ئەو لاسایی کردنەوەی خەڵکی سوودی زۆری پێگەیاندم بۆ ئەزمونی کۆمیدیا.

**ڕووداو: شەڕەگەڕەکیشت دەکرد؟**

**حەمە دەمبڵ:** بەڵێ، جاری واهەبوو بەسێ چەپ و سێ ڕاست، لەگەڵ منداڵانی گەڕەک بەهەلوکێن دەچووین بۆ گەڕەکی مەجید بەگ و شەڕمان دەکردو دەهاتینەوە.

**ڕووداو: بابڵێین دزیشت دەکرد؟**

**حەمە دەمبڵ:** نەوەڵڵا، بەڵام زۆر لاسار بووم و عەینەن پێشینان دەڵێن گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە، ئێستە کوڕەکەشم ڕێبازی خۆمی گرتوەو زۆر چەتوونەو زۆر حەزیشی لەکاری هونەرییە. دەتوانم بڵێم حەمە دەمبڵێکی دیکەیە.

**ڕووداو: وەک چارلی چاپلن سوودت لە هەژاری خۆت وەرگرتووە بۆ پێگەیشتنی هونەریت؟**

**حەمە دەمبڵ:** باری داراییمان زۆر خراپ بوو، باوکم کرێکاری دەکرد و ناچاربووم واز لەخوێندن بێنم کە تا پۆلی یەکەمی ناوەندی توانیم بخوێنم.

**ڕووداو: دەزانین کەزیندانی سیاسیشیت، لەسەر کام حیزبی سیاسی زیندانی کرای؟**

**حەمە دەمبڵ:** من ئەوکات لە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووم، لە باڵی شۆڕشگێڕان. زیاتر لەبەرئەوەش وازم لەخوێندن هێنا. لەدائیرەی ئەمنی سلێمانی گیرام و حوکمی زیندانیکردنی هەتا هەتاییم هەبوو، بەڵام دوای سێ ساڵ زیندانی، بەلێبوردنی گشتی بەربووم. ئێستا خانەنشینم و مانگی 120هەزار دینار وەردەگرم.

**ڕووداو: کاری هونەریت لەشانۆوە دەست پێکرد؟**

**حەمە دەمبڵ:** سەرەتا بەشانۆگەری (شازادەی درێو)بۆ یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان لەساڵی 1992 دەستم بە کاری شانۆیی کرد. کە مامۆستا کاوە تۆفیق دەری هێنا و ڕۆلی سەرەکی پێدام. دوای ئەوە چوومە تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان و لەبەرنامەی ڕەنگاڵە کارم کردو پاش ماوەیەکی کەم وەستاین و چوومە بەرنامەی زەنگ و لەوێش ماوەی حەوت ساڵ کارم کرد. بەو شێوەیە بەردەوام بووم، تا توانیم پشت بە خۆم ببەستم، پاشان هاتمە ناو فیلم و لە فیلمی فرمێسکدا دەوری کۆمبارسم وەرگرت. ئەوجا لەگەڵ کاک ماهیر حەسەن لەفیلمی بەسێ خانم کارم کرد. ئەوجا فیلمی کەللە پوت و فیلمی فەرتەنە و کرێچیمان لەگەڵ کاک مەریوان کردو سێ ساڵیشە خەریکی دەرهێنانم و سێ بەرهەمم دەرهێناوە. یەکەم ئیشیشم کەخۆم دەرهێنانم بۆ کردبێت، فیلمی کۆمیدی کەڵەگای گەڕەک بوو.

**ڕووداو: دەڵێن تۆ لەپێناوی ئەوەی پارە نەدەیە ئەکتەری دیکە ڕۆڵ دەدەیە منداڵەکانت و ئامانجت تەنیا بازرگانییە؟**

**حەمە دەمبڵ:** ئەوە زۆر هەڵەیە. من بۆ پارە هەوڵم نەداوە و دەتوانم ئیشیش نەکەم و بەجوانیش دەژیم. بەڵکو مەبەستم ئەوەبووە منداڵەکانم ڕێچکەی خۆم بگرن و هیچیتر. خۆشیان زۆر حەزیان لەکاری هونەرییە. خۆ هونەرمەندی تریشم لەگەڵدایەو هەمووشیان هەقی خۆیان وەردەگرن و کەسیشم مەغدوور نەکردووە. ئامانج ئەوەیە خەڵک بزانێت من منداڵەکانیشم لەخزمەتی هونەردا بەکاردەهێنم. لەهەرسێ فیلمەکەدا، هەرسێ مناڵەکەمم لەگەڵدایە، یەکێکیان مناڵێکی بچووکی یەک ساڵ و پێنج مانگە، لەو فیلمە بەکارم هێناوە.

**ڕووداو: ئەی هاوسەرەکەت ؟**

**حەمە دەمبڵ:** ئەو حەزی لەکاری هونەری نییە، سەربەستیشەو پێشم وتووە. ئەویش لەماڵەوە وەک بینەرێک ئیشەکانی من دەبینێت و هەندێکیانی پێخۆشە.

**ڕووداو: لەژیانی ئاسایی خۆتدا لەماڵەوە کۆمیدیت، بۆ منداڵەکانیشت حەمە دەمبڵی؟**

**حەمە دەمبڵ:** سەیرە بەلای خۆشمەوە، من لەماڵەوە یەک جوملەی فیلمەکانیشم دووبارە ناکەمەوە و زۆر جدیم. خۆم هەستمکردووە تەنیا لەکاتی فیلم و لەبەردەم کامێرادا کۆمیدیم و حەزم لەفشقیاتە.

**ڕووداو: کێ ناوی حەمە دەمبڵی بەسەردا ساخکردییەوە؟**

**حەمە دەمبڵ:** من شانازی بەو ناوەوە دەکەم، جاری واهەیە بەشەرمەوە پێمدەڵێن حەمە دەمبڵ و وادەزانن پێم ناخۆشە، بەڵام بۆ من زۆر جێگەی شانازییەو خۆم ئەو ناوەم لەخۆم ناوە، بۆیە لێی پەشیمان نابمەوە. کاتی خۆی منداڵێک هەبوو بێ دایک و باوک بوو، ماڵێک بەخێویان دەکرد، بەومنداڵەیان دەگوت حەمە بەجۆرێک قسەی دەکرد، منداڵانی گەڕەکیش گاڵتەیان پێ دەکرد و پێیان دەوت حەمە دەمبڵ. ئیتر بەحوکمی دڵدانەوەی و سۆزوخۆشەویستیم بۆی، زۆر دەمدوان و قسەم لەگەڵ دەکرد و لەباوەشم دەکرد. لە خۆشەویستی ئەو منداڵە، خۆم ناونا حەمە دەمبڵ. لەبەرنامەی زەنگیشدا برگەیەکم هەبوو، دیسان ئەو برگەیەشم ناونا حەمە دەمبڵ. زۆر مەمنونی ئەو منداڵەشم کەئەو ناوەی بەمن بەخشی.

**ڕووداو: ئێستا حەمە دەمبڵی ئەسڵ ماوە؟**

**حەمە دەمبڵ:** بەڵێ ئێستا ماوەو گەورەش بووەو ئاسنگەرە. زۆرجار دەچم بۆلای و پێی دەڵێم حەمە دەمبڵی ئەسڵ تۆی (بەپێکەنینەوە). ئەگەر حەقیقەتت بوێت، من تەقلیدەکەی ئەوم.

**ڕووداو: فیلمی کۆمیدی (هەڵە)، کەدوا بەرهەمتە تا ئێستا چەند دانەی لێ فرۆشراوە؟**

**حەمە دەمبڵ:** من تەماحم نییە و نامەوێت بزانم بازاڕی چۆنە، بەڵام کاک سیروان خۆی منی ئاگادارکرد و وتی تائێستا 150 هەزار دانەم لێ فرۆشتووە. چونکە من بۆکۆمپانیای ئارۆ ئیش دەکەم. (هەڵە) زۆرترین کۆپی لێ فرۆشراوە. تەنانەت ڕەسمی نەماورەسمەکانیش لەبەغدا چاپ دەکەن، لێرە فریا نەکەوتن.

**ڕووداو: قەت بووە خەڵک تۆیان بردبێ بۆ داواکردنی ژن، تا داوایان ڕەتنەکرێتەوە ؟**

**حەمە دەمبڵ:** ئەرێ وەڵڵا زۆرجار منیان بردووە بۆ داواکردنی ژن. لەمەجلیسیشدا قەت قسەم ڕەتنەکراوەتەوە و زۆر حەزیشم لەچاکە بووە. بەخوا خەڵک حسابی باشم بۆ دەکەن.

**ڕووداو: بەڵام هەمیشە کێشەی ئەکتەری ئافرەتت هەیە، بۆ ئافرەت لەگەڵت ئیش ناکەن؟**

**حەمە دەمبڵ:** خۆم حەزم نەکردووە کچ ببەم کاری پێبکەم و کچەکەی خۆمم بەکارهێناوە، نەمویستووە ئافرەت ببەم کاری پێ بکەم و دوایی خەڵک پەنجەی بۆدرێژ بکەن، ئەگینا زۆر هەیە ویستویانە ئیش بکەن.

**ڕووداو: لەو بڕوایەدای ببیتە مستەربینی کوردی ؟**

**حەمە دەمبڵ:** ئێمە ناگەینە ئەو ئاستە.

**ڕووداو: لە شەمۆ زۆرنزیکی ؟**

**حەمە دەمبڵ:** لەهونەرمەندە کۆمیدییەکاندا، تەنیا لەگەڵ ئەو زۆر پەیوەندیم خۆشە. دوێنێ تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی باپێکەوە ئیشێک بکەین، بەڵام من پێم وت بڕیارمداوە ساڵی جارێک بەرهەمم هەبێت و هێشتا دوومانگە بەرهەمەکەم کەوتووەتە بازاڕەوە.

**ڕووداو: سەر لەدارە سوتاوەکە نادەیت، کەفیلمەکانی تۆ زیاتر لەوێ دەفرۆشرێن ؟**

**حەمە دەمبڵ:** وەڵڵا من هەرجارێک فیلم بخەمە بازاڕەوە، تاپانزە ڕۆژ دوای ئەوە نایەمە بازاڕەوە، ئەوە تەبعمە. ئەوەش لەبەر خۆشەویستی ڕۆژنامەکەی ئێوە هاتمە دەرەوە، ئەگینا تابەرهەمەکەم کۆن نەبێت نایەمە بازاڕەوە.

# ڕەمەزان مانگی دراما

**دڵپاک زرار**

**ڕووداو-هەولێر**

لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزاندا کەناڵە تەلەفزیۆنییە لۆکاڵی و سەتەلایتە کوردییەکان دەست دەکەن بە پەخشکردنی زنجیرە دراما و دەرهێنەرانی دراماش لەو سیحرە تێناگەن کە بۆچی تەنیا لەمانگی ڕەمەزاندا دراماکان پەخش دەکرێن.

وەک ڕەمەزانەکانی ڕابردوو، وا بڕیارە لەو ڕەمەزانەشدا چەند زنجیرە درامایەک لەتەلەڤزیۆنە کوردییەکان پەخش بکرێن لەوانەش: زنجیرە درامای پرس لەنەورۆز تیڤی، فەنتەلۆس و ژیلەمۆ لەتەلەفزیۆنی خاک، بزر و کانی غەریبان لە تەلەڤزیۆنی زاگرۆس، خۆشەویستەکەم سامسۆن و ئارەزوو لەسەتەلایتی کوردستان. هەروەها درامایەکی 15 حەلقەیی لەتەلەفزیۆنی یەکگرتوو کەناڵی هەولێر.

ساڵی ڕابردوو وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەرکی بەرهەمهێنانی چەند درامایەکی گرتبووە ئەستۆی خۆی، بەڵام ئەمساڵ بڕیاریدا تەنیا یەک دراما بەرهەم بێنێت، کە ئەویش درامایەکی کۆمەڵایەتییە بەناوی (پرس و بڕیار)ە لەسەتەلایتی نەورۆز پەخش بکرێ.

حەیدەر عەبدولڕەحمان، بەرپرسی بەشی دراما لەسەتەلایتی نەورۆز، هۆکاری پاڵپشتینەکردنی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەکاری دراما بۆ لاوازی ناوەڕۆکی دراماکانی پێشوو گەڕاندەوەو لەوبارەوە بە (ڕووداو) ی ڕاگەیاند"پارەیەکی زۆر بەناوی دراما بەخۆڕایی دەڕۆیشت".

لەپاڵ دراما کوردییەکان بەشێک لەتەلەفزیۆنەکان، بەهۆی نەبوونی درامای کوردی پەنا دەبەنە بەر دۆبلاژکردنی دراما بیانییەکان، لەوانەش درامای بزر و درامای (پۆلیسیاس) کە تەلەڤزیۆنی زاگرۆس پەخشیدەکات، (خۆشەویستەکەم سامسۆن) درامایەکی کۆرییە و سەتەلایتی کوردستان دۆبلاژی کردووە و بەشێوەزاری کرمانجی سەروو لەمانگی ڕەمەزاندا پێشکێشی دەکات.

زنجیرە درامای پۆلیسیاس کە پێشتریش لەسەتەلایتی زاگرۆس پێشکەش کرابوو دووبارە بۆ مانگی ڕەمەزان پێشکەش دەکرێتەوە، زەهاوی سنجاوی لەتەلەفزیۆنی زاگرۆس لەو بارەیەوە گوتی "لەبەر ئەوەی درامای کوردی کەمە بۆیە درامای بیانی پێشاندەدەین، مەبەستیشمانە ئاستی ڕۆشنبیری بینەری کورد فراوان بکەین".

ئارام مستەوفی، بەڕێوەبەری وەرگێرانی درامای پۆلیسیاس،لەبارەی دۆبلاژەکەیانەوە بۆ (ڕووداو) دواو گوتی "ئەمجارە بەشێوەیەکی زۆر پرۆفیشناڵ کارمان لەو درامایەدا کردووەو نزیکەی 100 دەنگمان تێیدا بەکارهێناوە".

خۆشەویستەکەم سامسۆن، زنجیرە درامایەکی کۆرییە و بەشێوەزاری کرمانجی سەروو لەمانگی ڕەمەزاندا لە سەتەلایتی کوردستان پەخشدەکرێ. کامل فەخرەدین، بەڕێوەبەری هونەری لەسەتەلایتی کوردستان، لەبارەی پەخشکردنی ئەو دراما بیانییە گوتی "جەماوەر حەز لە دراما دەکات، جگە لەوەش دەمانەوێت بەهۆی ئەو زنجیرە درامایە پردێکی پەیوەندی لەنێوان گەلی کوردستان و کۆریا دروستبکەین".

لەماوەی ساڵی ڕابردوودا ئەوەی زۆرترین بینەری لەبەردەم شاشەی کوردسات کۆکردەوە درامای گەردەلوول بوو، لەگەڵ تەواوبوونی ئەو زنجیرەیە، بینەرانی کورد بەهۆی نەبوونی هیچ درامایەک لەتەلەفزیۆنە کوردییەکان ڕوویان لەشاشەی تەلەفزیۆنە بیانییەکان کردەوە، ڕەنگە ڕەمەزانی ئەمساڵیش دووبارە جەماوەر بەشاشەی تەلەفزیۆنە کوردییەکان ئاشنا بکاتەوە.

جەمال محەممەد، 27 ساڵ، دانیشتووی شاری سلێمانی زۆر تامەزرۆی هاتنی مانگی ڕەمەزانە، ئەوەش وەنەبێت لەبەر بەڕۆژوو بوون بێت، وەک خۆی گوتی" تەنیا بۆ بینینی دراماکان حەز لە هاتنی مانگی ڕەمەزان دەکەم".

ئەوەی بووەتە مایەی نیگەرانی هاوولاتییان لەمانگی ڕەمەزان، کاتی پێشکەشکردنی دراماکانە، چونکە هیچ هەماهەنگییەک لەنێوان تەلەفزیۆنەکان نییە و هەندێک لەدراماکان لە یەک کاتدا پێشکەش دەکرێن.

سەلاح حاجی، هونەرمەند، بەوە زۆر نیگەرانە کە لەکاتی پێشکەشکردنی دراماکاندا هەماهەنگی لەنێوان تەلەفزیۆنەکاندا نییە، ئەوەشی بە زیانێک دانا بۆ بینەری کوردی و گوتی "بینەر ناتوانێت هەموو دراماکان ببینێت".

وەرزش



## لامپارد هەفتانە 300 هەزار دۆلار وەردەگرێت

ڕووداو . BBC

◆ ڕۆژنامەی تەلەگرافی بەریتانی ڕایگەیاند" بەپێی ئەو بۆندە نوێیەی لەنێوان فرانک لامپاردی یاریزانی هێلی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی ئینگلتەراو یانەی چێلسی لەندەنی مۆرکراوە، ئەو یاریزانە بۆ ماوەی 5 ساڵی دیکە، هەفتانە مووچەیەکی 150 هەزار جونەیهی ئیستەرلینی، کە دەکاتە نزیکەی 300 هەزار دۆلاری ئەمریکی وەردەگرێت". بەمەش لامپارد دەبێتە خاوەن زۆرترین مووچەی هەفتانە لەنێو سەرجەم ئەستێرەکانی تۆپی پێی ئەوروپادا.

### سەرهەنگ موحسین، گۆڵچی نێودەوڵەتی یانەی هەولێر:

# من و ئەحمەد سەلاح جامەکەمان بردەوە بەڵام هەر باسی ئەو دەکرێ

**سەرهەنگ موحسین ئەو گۆڵچییە کوردەیە، کە لەتەمەنێکی زوودا نێوبانگی دەرکرد، ساڵی 2004 لەتەمەنی 18 ساڵیدا بووە یەکەم کورد وەک گۆڵچی سەرەکی یاری بۆ هەڵبژاردەی عێراق بکات، ماوەی دوو ساڵیشە لەگەڵ یانەی هەولێر ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لەبردنەوەی جامی خولی یانە نایابەکانی عێراق، ( ڕووداو) ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵدا سازکرد:**

**ئیحسان تاهیر**
**ڕووداو ـ هەولێر**



**ڕووداو: هەستت چۆنە کە دوو ساڵە لەسەر یەک یانەی هەولێردەبێتە پاڵەوانی عێراق؟**

**سەرهەنگ موحسین:** ئەوە خۆشترین دوو ساڵە لەتەمەنمدا، شانازی بەو دەستکەوتە دەکەم کە پێشتر ئەوە خەونی هەموو کورد بوو.

**ڕووداو: لەو بڕوایەدابووی ئەمساڵیش ببنە پاڵەوانی عێراق؟**

**سەرهەنگ موحسین:** بەڵێ کاتێک ئەو هەموو یاریزانە باشەم لەدەوروبەری خۆ دەبینین، بڕوای تەواوم هەبوو کە باشترین یانەی عێراقین و دەتوانین پارێزگاری لەنازناوەکەمان بکەین.

**ڕووداو: خەڵکانێک پێیانوایە بوونی ئەو هەموو یاریزانە عەرەبە لەتامی بردنەوەکەیان کەمکردووەتەوە؟**

**سەرهەنگ موحسین:** بەڵێ منیش دەڵێم ئەگەر هەموو یاریزانەکانمان کورد بان، ئەو دەستکەوتەمان تاموچێژێکی زۆرتری دەبوو، چونکە من تاکە یاریزانی کورد بووم بەشێوەیەکی سەرەکی یاریم دەکرد.

**ڕووداو: یاری کۆتایی و پێش کۆتاییتان لەدەرەوەی یاریگای خۆتان کرد، ئەوە هیچ کاریگەرییەکی بەسەرتانەوە هەبوو؟**

**سەرهەنگ موحسین:** بێگومان کاریگەری هەبوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش توانیمان هێزی خۆمان بۆ هەموو ئەوانە دووپات بکەینەوە،کە دەیانگوت، پارساڵ یانەی هەولێر بەهۆی یاریگاو هاندەرانی بووە پاڵەوانی عێراق.

**ڕووداو: لەیاری کۆتاییدا 60 هەزار هاندەر لەناو یارگادا دژی ئێوە هانی یانەی زەورایان دەدا، ئەوە لەورەی ئێوەی کەمنەکربووە؟**

**سەرهەنگ موحسین:** بەپێچەوانەوە ئەو هەموو جەماوەرە بۆ من و هەندێک لەهاوڕێیەکانم بووە هاندەرێک بۆ ئەوەی بەوەرەو گیانێکی بەجۆشتر یاری بکەین لەپێناو بێدەنگ کردنیان، هەرچەندە لەوانەیە بۆ هەندێک لەیاریزانە لاوە کەم ئەزموونەکانمان کاریگەرییەکی خراپی هەبووبێت.

**ڕووداو: ئەی باری ئەمنی بەغداش کاریگەری بەسەرتانەوە نەبوو؟**

**سەرهەنگ موحسین:** بەڵێ 100% کاریگەرییەکی دەروونی خراپی هەبوو لەسەرمان، بەڵام پێشمەرگەکانی لیوا بابەکر زێباری ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو، کە ژمارەیەکی زۆریان پاسەوانی ئێمەیان دەکرد، لەهۆتێلەوە تاکو نێو یاریگا، ئەمە ئارامیەکی دەروونی تەواوی پێبەخشین و شایستەی ڕێزو سوپاسن.

**ڕووداو: ئەگەر لەیانەیەکی دیکەوە بۆندێکی گەورەت بۆ بێت، ئامادەی ڕیزەکانی یانەی هەولێربەجێبێڵی؟**

**سەرهەنگ موحسین:** من هەردەم گوتوومە، لەکوردستان و عێراق ئامادەنیم بێجگە لەهەولێر بۆ هیچ یانەیەکی دیکە یاری بکەم، ئەگەر بۆندەکە چەند گەورەش بێت، بەڵام ئەگەر لەدەرەوە بێت پێویست دەکات لەهەولێر بڕۆم، چونکە ئەوەش هەر بۆ ناوی هەولێرو کوردستان دەبێت.

**ڕووداو: هیچ بۆندت لەدەرەوە بۆ هاتووە؟**

**سەرهەنگ موحسین:** تاکو ئێستا نەخێر، بەڵام دڵنیام بەهۆی ئەو ئاستەی ئەمساڵ پێشکێشم کرد بۆندی بیانیم بۆ دێت.

**ڕووداو: سائیرئەحمەدی ڕاهێنەر ڕۆڵی هەبوو لە بردنەوەی ئەم دەستکەوتەتان؟**

**سەرهەنگ موحسین:** بەڵێ ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو، هەرچەندە ئەرکی زۆر زەحمەت بوو کە لەدوو یاری کۆتاییدا ئەرکی ڕاهێنەرایەتی وەرگرت، بەڵام لەبەر ئەوەی خاوەن ئەزموونەو توانای خوێندنەوەی یانەکانی عێراقی هەیە، توانی چەند گۆڕانکارییەکی سەرکەوتوو لەپێکهاتەی ساڵح ڕازی ڕاهێنەری پێشوودا بکات و خولەکەش بباتەوە.

**ڕووداو: کەواتە بڕیاری هێنانی ئەو بۆ جێگەی ساڵح ڕازی بڕیارێکی سەرکەوتووبوو؟**

**سەرهەنگ موحسین:** بەڵێ دەبوایە زووتر ئەو گۆڕانکارییە بکرێت، هەرچەندە ساڵح ڕازیش ڕاهێنەرێکی بەتوانایە، بەڵام کێشەی لەگەڵ چەند یاریزانێک هەبوو، بەم دواییە نەیدەزانی چی بکات.

**ڕووداو: لەیاری کۆتاییدا ئەحمەد سەلاح یەک گۆڵی تۆمارکرد، تۆش پێنج گۆڵت گەڕاندەوە، کەچی بەرپرسان و ڕاگەیاندنی وەرزشی کوردستان زیاتر باسی ئەحمەدیان کرد؟**

**سەرهەنگ موحسین:** ڕاستە لەو بارەیەوە گلەییم هەیە، هەرچەندە تا ڕاددەیەک باسی منیش کرا، بەڵام بەبەراورد لەگەڵ ئەحمەد سەلاح، غەدریان لێکردم، چونکە پارساڵیش گوتیان بەپشتیوانی سەرهەنگ و ئەحمەد سەلاح ئەم جامەمان هێناوەتە هەولێر، کەچی خەڵاتی تایبەت تەنیا بەو درا، ئەمساڵیش کە هەردووکمان هەمان سیناریۆمان دووبارە کردەوە هەمان قسەیان کرد، کەچی ڕاگەیاندن زیاتر بایەخی بە ئەودا.

**ڕووداو: بڕیارە ئەمساڵ یانەی هەولێر لەجیاتی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا بەشداری جامی یانەکانی ئاسیا بکات؟**

**سەرهەنگ موحسین:** ئەوە بڕیاری یەکێتی تۆپی پێی ئاسیایە، کە ڕێگا نادات ئەمساڵ هەولێرو زەورا بەشداری لەو خولەدا بکەن، بەهۆی ئەنجامە خراپەکانی پارساڵ و نەبوونی یاریزانی پیشەگەر لەریزەکانیاندا.

**ڕووداو: دەتوانن ئەمساڵ لەجامی یانەکانی ئاسیادا ئەنجامی باشتر بەدەست بێنن؟**

**سەرهەنگ موحسین:** بەدڵنیاییەوە، چونکە ساڵی ڕابردوو یەکەم ئەزموونی نێودەوڵەتیمان بوو، جیا لەوەی ئەمساڵ حکومەت بڕیاریداوە بایەخی پلە یەک بەیانەکەمان بدات، ئەمەش هاندەرێک دەبێت بۆ ئەوەی خۆمان باشتر ئامادە بکەین.

**ڕووداو: کەی بوویە یاریزانێکی نێودەوڵەتی؟**

**سەرهەنگ موحسین:** ساڵی 2004 کە هێشتا تەمەنم 18 ساڵ بوو، بوومە گۆڵچی هەڵبژاردەی لاوانی عێراق و یەکەم یاری نێودەوڵەتیم بەرامبەر هەڵبژاردەی مالیزیا بوو، لەساڵی 2006 بۆ ڕیزی هەڵبژاردەی نیشتیمانی عێراق بانگهێشت کرام و وەک گۆڵچی سەرەکی یاریم کرد.

**ڕووداو: بۆچی دواتر نور سەبری جێگەی تۆی گرتەوە؟**

**سەرهەنگ موحسین:** تەنیا بۆ دڵ ڕازیکردنی ئەو بوو، چونکە ئەو کاتەی نور ناڕەزایی نیشاندابوو، ئەکرەم سەلمانی ڕاهێنەری ئەو کاتی هەڵبژاردەی عێرا ق پێیگوتبوو لەئێستاوە وەک خەڵاتێک تۆ گۆڵچی سەرەکی دەبی، دواتریش دەستم شکاو لەپێکهاتەی عێراق دوور کەوتمەوە.

**ڕووداو: دەچیەوە ڕیزەکانی هەڵبژاردەی عێراق؟**

**سەرهەنگ موحسین:** بەڵێ دڵنیام دوای ئەو ئاستە بانگهێشت دەکرێمەوە، کە دوو ساڵە لەخولی عێراقدا کەمترین گۆڵم لێدەکرێت.

**ڕووداو: شانازی بەچی دەکەی؟**

**سەرهەنگ موحسین:** بەوەی کەمن و هاوڕێیەکانم، سەنگەرو دیدار نەمانهێشت هەولێر پێویستی بەگۆڵچی دەرەوەی هەولێر هەبێت.

> **دوو ساڵە لەخولی عێراقدا یەکەم گۆڵچیم کە کەمترین گۆڵم لێدەکرێت**



# میسی دەبێتە باشترین یاریزانی جیهان

ڕووداو ـ barca4ever

زۆربەی خوێنەرانی ڕۆژنامەی (ئەلمۆند دیپۆرتیڤۆ)ی بەنێوبانگی ئیسپانی، لیونێل میسی ئەرژەنتینی لەکریستیانۆ ڕۆناڵدۆی پورتوگالی بەشیاوتر دەزانن، بۆ بردنەوەی خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان لە وەرزی 2007 ـ 2008.

ڕۆژنامەی ئەلمۆندۆ دیپۆرتیڤۆ لە ڕاپرسییەکی بەرفراواندا بۆ خوێنەرانی،سەبارەت هەڵبژاردنی یاریزانی شیاو بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئەمساڵی گۆڤاری فرانس فوتبۆڵی فەرەنسی، کە ساڵانە دەیداتە باشترین یاریزانی جیهان، لەئەنجامدا لیونێل میسی ئەستێرەی ئەرژەنتینی بەکۆکردنەوەی 57% ی دەنگەکان پلەی یەکەمی بەدەستهێنا، دوای ئەویش ئیکەر کاسیاسی گۆڵچی هەڵبژاردەی ئیسپانیا بە 25% ی دەنگەکان پلەی دووەمی بەرکەوت، کرستیانۆ ڕۆناڵدۆی پورتوگالیش بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو متمانەی تەنیا 17% ی دەنگدەرانی دەستکەوت، چونکە زۆربەی چاودێران ئەویان بۆ ئەم خەڵاتە کاندید کردووە.

پلەی چوارەمیش بەشی فرناندو تۆرێسی ئیسپانیای بوو کە 5% ی دەنگەکانی بەرکەوت و سیسک فابریگاسی ئیسپانیا و یانەی ئەرسەناڵی ئینگلیزیش بە 1% دەنگەکان بەپلەی پێنجەم هات.

# ئارشاڤین لە یۆرۆ پەشیمانە

ڕووداو ـ RT

ئەندرێ ئارشاڤینی هێرشبەری ڕووسی، پەشیمانە لەو ئاستە بەرزەی لە جامی نەتەوەکانی ئەوروپا 2008 پێشکێشی کرد.

ئارشاڤین پێیوایە ئەگەر لە یۆرۆی 2008 ئەو ئاستە بەرزەی لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەیدا پیشان نەدابا، ئیدارەی یانەکەی داوای نرخێکی ئەوەندە بەرزیان لەو یانە ئەوروپیانە نەدەکرد کە داوای کڕینیان کردو بووە مایەی ئەوەی نەتوانێت بچێتە ریزی یەکێک لەو یانانە، بەتایبەتیش بەرشلۆنەی ئیسپانی کە ئارشاڤین چەندین جار ڕاشکاوانە ڕایگەیاندووە کە هەر لەمنداڵییەوە خەونی بەوە بینیوە یاری بۆ بەرشلۆنە بکات" دڵنیام ئەگەر لەیۆرۆدا بەو ئاستە یاریم نەکردبا، ئیدارەی زینیت ڕازیدەبوو بەنرخێکی زۆر هەرزانتر بچمە ریزەکانی بەرشلۆنە، کە هەمیشە خەونم بە لەبەر کردنی دریسەکەیەوە بینیوە".



## پێشبڕکێ

- بەکورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە.
- لێدوانەکەت بەم ئیمێلە rudawnews@yahoo.com یان بە کورتە نامەیەک بۆ ژمارە تەلەفۆنی (07504547168) بنێرە، لەگەڵ ناوی خۆت.





شەهێن فەیزوڵڵا لە کۆیە بە لێدوانی: (**خۆم گرنگترم لەوەی بەدەستم هێناوە**) بووە براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو.



# دەست بۆ بردن کچانی سلێمانی هەراسان کردووە



ئازیز مەحمود
azizshane@yahoo.com

ڕووداو- سلێمانی

دیاردەی دەست بردن بۆ کچان، لەناو بازاڕو شوێنە گشتییەکان وکۆڵانە چۆڵەکانی شاری سلێمانیدا کچان هەراسان دەکات و پۆلیسیش دەڵێ ژنان لەبەر نەریتەکانی کۆمەڵگە کەم سکاڵا لەسەر ئەو کەسانە تۆمار دەکەن.

بەشێک لە کۆڵانە چۆڵەکانی شار، بە تایبەت لەکاتی نیوەڕۆدا بوونەتە جێی مەترسی لای کچان و ترسیان هەیە لەوەی بە تەنیا بەو کۆڵانانەدا بڕۆن نەوەک تووشی کەسانێکی لەو جۆرە ببن و بکەونە بەر تیرو توانج لێدان یان ڕووبەڕووی ڕەفتاری ناشرینی دیکە ببنەوە.

بۆ شیلانی تەمەن 26 ساڵ، هاتووچۆکردن زۆر زەحمەت بووە. ئەو فەرمانبەرە لە یەکێک لە فەرمانگەکان و پێشتر بە پاس هاتووچۆی دەکرد، بەڵام ئێستا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تەکسییان گرتووە. وەک خۆی وتی"بەناچاری تەسکیمان گرت بۆ هاتووچۆی خۆمان".

شیلان باسی لەوەکرد کە زۆر کات لە ڕێگای گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە، تووشی توانج و دەست بۆبردن بووە، زۆرجاریش تا بەردەرگای ماڵەوە شوێنی کەوتوون.

شیلان وتی" نازانم گەنجی ئێستا بۆ وای لێهاتووە، ڕەفتاری زۆر ناشرین دەکەن بەرامبەر بە کچان، ئەوان ئەگەر بیر بەکەنەوە لەوەی کە خۆشیان خوشک و دایکیان هەیە و شەرەف و کەرامەتی ئەوانیان بوێت ئەوا ئەوە بەرامبەر کچی خەڵکی ناکەن".

ئەو بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە کاتێک ڕۆژێک لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوەی، لە نزیک کۆڵانەکەیان کوڕێکی لێ پەیدا بووە. شیلان بەپێکنیەوە باسی لەوە کرد کە ئەو کوڕە شێوازی ناشرینی بەرامبەری بەکار هێنا و قسەی ناشیرینی لەگەڵ کرد.

شیلان ئەو جۆرە کەسانەی بە نەفس نزم وەسفکردو گوتی"مووچەکەم 275 هەزار دینارە، بەشێکیم لێ داناوە بۆ هاتووچۆی تەکسی، چونکە لەوە باشترە تووشی شتێکی وا ناخۆش ببم لەگەڵ کەسانی نەفس نزم".

بوونی ئەو دیاردەیە وای لە بەشێکی کچان کردووە بە تاکسی هاتووچۆ بکەن و، واز لە ڕۆیشتن بۆ وێستگەکانی پاس و سواربوونیان بێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باسی ئەوە دەکەن کە هەندێک لە شۆفێر تەکسییەکانیش بە قسە بێزاریان دەکەن.

بەرپرسانی ئەمنی شارەکە پێیان وایە دیاردەکە مێژوویەکی کۆنی هەیەو بەئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێت.

سۆنیا .ع، تەمەن 21 ساڵ، کە خوێندکاری زانکۆیە دەڵێ "جارێک لە کاتی گەڕانەوەمدا بۆ ماڵەوە کوڕێک بە دوامەوە بوو، نزیک بە نزیکی من دەڕۆیشت و کەوتە تەعلیق و وتنی قسەی ناشرین" .سۆنیا لەو کاتەوە دەترسێت بە تەنیا بەو کۆڵانەدا ڕێ بکات.

سۆنیا وتی"ڕێی زانکۆم تا ماڵەوە زۆر دوور نییە، بەڵام ئەگەر لە کاتی نیوەڕۆیاندا بگەڕێمەوە ئەوا ناچارم تاکسی بگرم یان بە شوێنێکی قەرەباڵغدا بچمەوە ماڵەوە".

ئەو باسی لەوەشکرد کە لە ترسی کۆڵانە چۆڵەکان ناچارە تاکسی بگرێت، بەڵام زۆرکات شۆفێری تەکسیەکانیش دەکەونە تەعلیقدان لە کچان.

ئەو نمونەیەک دەگێڕێتەوەو دەڵێ "جارێک سواری تاکسییەک بووم، شۆفێری تاکسییەکە تا ماڵەوە هەر قسەی دەکرد، دەیوت بۆ شووم پێناکەیت".

مەلیحە، فەرمانبەرە و تەمەنی 57 ساڵە،دەڵێ کاتی خۆی ئەو دیاردانە نەبوون" من لە ساڵی هەشتاوە فەرمانبەرم و زۆر کات لە کاتی نیوەڕواندا بە هاوین و زستان کە گەڕاوینەتەوە بە کۆڵانی چۆڵیشدا ڕۆیشتن تووشی شتی وا نەبووین".

بە پێی وتەی مەلیحە ساڵانێک پێش ئێستا، کچان جلیان لە ئێستا تەسک و کورتتریش بوو، بەڵام پیاوی ئەو کاتە بەو شێوەیەی ئێستا نەبوون ". ئێستا کچ جلی باش و خراپی لەبەردا بێت هەر سەیری دەکەن و هەڵسوکەتی ناشرینی بەرامبەر دەکەن، بەداخەوە ئەوە بووەتە دیاردە".

ئەو وتی"ئەوەی من بیرم بێت ساڵانی زوو بەم شێوەیەی ئێستا نەبوو، بەڵام ئێستا سلێمانی خەڵکی زۆری تێدایە و لە شوێنی جیاوازەوە خەڵکی بۆهاتووە، سەتەلایت و ئینتەرنێتیش کاری لە گەنجان کردووە".

دکتۆر کەریم شەریف قەرەچەتانی، مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی و پسپۆڕ لە بواری دەرونزانی، سەبارەت بە بوونی ئەو دیاردەیە وتی"ئەو حاڵەتە جۆرێکە لە تێرکردنی ڕەمەکی سێکسی و، ئەو کەسانەی وا دەکەن گەنجبن یا کامڵبن کەبتی جنسییان هەیە، بۆیە تەحەڕوش بە کچان دەکەن ".

وتیشی"ئەو کەسانەی ئەو کارە دەکەن لە منداڵیدا بە شێوەیەکی باش پەروەردە نەکراون چونکە ئەو کارەیان جۆرێکە لە لادانی سێکسی و ڕەفتارێکی ناسروشتییە بۆ تێرکردنی ئەو ڕەمەکە سێکسییەیان، بەڵام ئەگەر پەروەردەیەکی باشیان هەبووبێت ئەوە ناکەن".

ئەو دەروونناسە باسی لە هۆکارەکانی زیادبوونی دیاردەکەش کرد و باسی لەوە کرد کە " لە ساڵانی ڕابردووشدا دیاردەکە هەبووە، بەڵام بەم شێوەیەی ئێستا نەبووە".

سەبارەت هۆکارەکانی ئەو زیادبوونەش دەڵێ " زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان،هاتنی خەڵکێکی زۆر لە دەرەوەی شار کە هەندێ دابوو نەریتی لەگەڵ خۆی هێناوە، هەرچی بکات پێی عەیب نییە، چونکە دەڵێ کەس نامناسیٚ".

هەروەها وتیشی"زیادبوونی کەناڵە ئاسمانییەکان، هۆکارێکی دیکەی زیادبوونی ئەو دیاردەیەن، چونکە دەبنە هۆی وروژاندنی ئەو غەریزانە و لە خەیاڵیاندا دەمێننەوەو لە کچێکدا بە تاڵی دەکەنەوە".

دکتۆر کەریم بەشێکی زیادبوونی ئەو دیاردەشی گەڕاندەوە بۆ چاودێری نەکرانی خەڵک لەلایەن پۆلیسەوە وەک جاران.

لیوا ڕزگار عەلی،بەڕێوبەری پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ئەو دیاردەیە هەیە، بەڵام ئافرەتان کەم سکاڵا لەسەر ئەو ڕووداوانە تۆماردەکەن . لیوا ڕزگار لەو بارەوە بە ( ڕووداو)ی ڕاگەیاند" بەهۆی ئەو نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگە، ئافرەت ئەگەر شتێکی واشی لێ بەسەر بێت ئامادە نییە سکاڵا لەدژی ئەو کەسانە تۆمار بکات کە ئەو کارە دەکەن، بۆیە خۆی لێ بێدەنگ دەکات بۆئەوەی شتەکە گەورە نەبێت".

بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە، لیوا ڕزگار ڕێنمایی داوەتە پۆلیسەکانی ناوشار "ئێمە کارمەندەکانی خۆمانمان ئاگادار کردووەتەوە لەناو بازاڕو شوێنە گشتییەکاندا کە شتێکی لەو جۆرەیان بینی ئەگەر ئافرەتەکەش سکاڵا تۆمار نەکات ئەوان ئیجرائاتی خۆیان بکەن وەکو شایەت حاڵێکی ڕووداوەکە، ئەو کاتە دادگاش دەتوانێ سزای کەسەکە بدات".

**کچێکی 26 ساڵی: لەبەر ڕەفتاری ناشرینی پیاوان ناچارم بەشێکی مووچەکەم بدەمە تاکسی**

**ژنێکی 57 ساڵی: جاران جلی کچان تەسکتر و کورتتر بوو، بەڵام دیاردەکە بەوشێوەیە نەبوو**

**بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی: پۆلیسەکانمان ئاگادار کردوونەتەوە هەر شتێکی لەوجۆرەیان بینی ئەگەر ئافرەتەکەش سکاڵا تۆمار نەکات، ئیجرائاتی خۆیان بکەن**

# لە کوردستان مۆدێلە جیهانییەکان تێکدەدرێن



لەنجە عەبدوڵلا
lanja@rudaw.net

ڕووداو- هەولێر

لەیەکێک لەبازاڕەکانی ناو شاری هەولێردا کوێستان محەممەد، خەریکی هەڵبژاردنی جلێکی مۆدیل تازەی گونجاو بوو، بەڵام لەبەر نەگونجانی هیچ یەکێک لەم جلوبەرگانە بۆ قەبارەی خۆی، بەگلەییەوە ڕۆیشت و دوکانەکەی بەجێهێشت.

کوێستان محەممەد، 30 ساڵ، کە پێشتر پارێزەر بووە لەوەزارەتی بەرگری بەغدا و ماوەیەکە گەڕاوەتەوە کوردستان، گلەییەکی زۆری هەبوو لەهێنانی ئەو جۆرە مۆدێلانە بۆ بازاڕەکان بەبێ ڕەچاوکردنی تەمەن و قەبارە، دەڵێت"ئەو جلانەی لەبازاڕن 25%یان شیاون، ئەویش نیوەی بۆ کچی هەرزەکارو ئەویتری بەکەڵکی لەشولاری من نایێن کە قەڵەوم و ڕەنگە ئەو جلانەی کە بۆ ئاهەنگەکانیش دەشێن تەنیا خەڵکانێکی دەوڵەمەند بتوانن بەکاریبێنن".

بەڕای کوێستان لەبەرکردنی جلوبەرگ، پەیوەستە بە بیرکردنەوەو ئاستی هۆشیاری خەڵک، لەبەر ئەوەش مۆدیلی جلوبەرگەکان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر دەگۆڕێت "ئەو جلانە 50%ی لەسلێمانی لەبەر دەکرێن، بەڵام 25%ی لەهەولێر لەبەر دەکرێن و 75%ی لەبەر ناکرێن، تەنانەت لەشارێکی وەک بەغداش لەبەر خراپی باری ئەمنی، ئافرەتان ناتوانن وەک جاران جلوبەرگە مۆدیلەکان لەبەر بکەن".

هەندێ لە ژنانی کوردستان گلەیی لە کۆمپانیاکانی جلوبەرگ دەکەن کە لەدروستکردنی جلدا ڕەچاوی قەبارەو کەسایەتی ژنان ناکەن، بەڵکو زیاتر لەگەڵ فاشیۆنی ڕۆژئاوایی دەڕۆن، بەمەش کێشەی جۆر و ستایلی جلوبەرگیان بۆ دروستبووە.

مزەفەر نەوزاد، تەمەن 25 ساڵ، خاوەنی دوکانی ملیۆنێرە لەبازاڕی سیروان کە ماوەی 20 ساڵە بنەماڵەکەی کاری فرۆشتنی جلوبەرگی ئافرەتان دەکەن، سەبارەت بەهێنانی ئەو مۆدێلانەو جۆری ئەو کڕیارانەی کە ئارەزووی لەبەرکردنی ئەم جۆرە جلانە دەکەن گوتی "ئێمە لەتورکیا ئەم جلانە دەهێنین بەگوێرەی مۆدێل زۆربەی موشتەریەکانمان یان مەسیحین یان عەرەبن، هەندێک ئافرەتی کوردیش هەن دەیکڕن".

ئەودوکاندارە بەجۆرێک لە پێکەنین و سەرسوڕمانییەوە گوتی "بەڵام تاکو ئێستا ژنێکم نەبینیوە بەو جلانەی کە دەیکڕێت بێتەوە ئێرە".

بەپێی قسەی خاوەن دوکانەکانی فرۆشتنی جلوبەرگی ژنان زۆربەی ئەوکەسانەی پەرۆشی مۆدیلی نوێ و ستایلی تازەن، کچانی تەمەن نێوان 15 تا 30 ساڵین، چونکە زۆربەی ئەو جلوبەرگانە بەشێوەی نیمچە ڕووت دروستکراون و بۆ هەموو تەمەنێک ناگونجێن.

کچان و ژنان لە ئەوروپا بەزۆری بە جلوبەرگی نیمچە ڕووتەوە دێنە دەرەوە، هەریەکەشیان ئەو شوێنە لەلەشی خۆی بەدیاردەخات کە پێیوایە، لە هەموو شوێنەکانی لەشی جوانترە. ئەوان دەڵێن جوانترین بەشی لەشم شایەنی ئەوەیە خەڵک بیبینێ. بەڵام لە هەمانکاتدا هەندێ کەس پێیوایە ئەوە ژنان دەکاتە کەرەستەیەک بۆ پیاو، جگە لە ڕای توندی هەندێ ئاین لەوبارەوە.

بەهۆی تایبەتمەندی کۆمەڵگەی کوردی، زۆر لە مۆدیلەکان لە کوردستان بەشێوە ئەسڵییەکەی لە بەرناکرێن .

خاوەنی دوکانی ملیۆنێرە لە هەولێر دەڵێت "زۆربەی ئەو مۆدێلانە بەرووتی لەبەر دەکرێن، بەڵام لێرە یان پارچەی بەسەردا لەبەر دەکەن یات پانتۆلی ستریچ لە ژێرەوەی لەبەر دەکەن ئەوەش دەبێتە هۆی گۆڕینی ئەسڵی مۆدێلەکە و لەبەر نەکردنی باشترە".

بازارەکانی جلوبەرگی ئافرەتان لەشاری هەولێر لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا چەندین گۆڕانی لەچەندایەتی جۆری مۆدێلاتی جلوبەرگ بەگوێرەی وەرزەکانی ساڵ بەخۆوە بینیوە، بەڵام تاکو ئێستا زۆربەی ئەو مۆدێلانە نەگەیشتوونەتە ئەو ڕادەیەی کە کچان بتوانن بەشێوەیەکی ئازادانە لەشوێنە گشتییەکاندا لەبەریان بکەن.

مێژووی داهێنانی جلوبەرگ و گۆڕینی بەشێوەیەکی بەردەوام بەیەکێک لەسیما شارستانییەتەکانی هەندێک لەوڵاتانی ئەوروپا دادەنرێت، پێش 4 هەزار ساڵیش لەسەردەمی فیرعەونەکانی میسر گرنگییەکی تایبەتی بەدیزاین و داهێنانی جلوبەرگ دراوە.

ڕەچاونەکردنی، قەبارەی لەشی ئافرەتان و باری کۆمەڵایەتی و ئاینی خەڵک، فرۆشی مۆدیلە جیهانییەکانی ژنانی لە کوردستان کەمکردووەتەوە. زەینەب عەلی، تەمەن 38 ساڵ، یەکێکبوو لەو ئافرەتانەی خەریکی گەڕان بوو بەدوای جلێکدا. بەهۆی نەبوونی قەبارە (سایز)ی تایبەتی خۆی بەگلەییەوە گوتی "زۆربەی ئەو جلانەی لێرەهەن بۆ کەسێکی باڵا شمشاڵین وەکو ئەو بوکانەی ناو جامخانەکانن، ئەم سایزەش لێرە زۆر کەمە، بۆیە ئێمە نازانین چی بکەین، دەبێت دوکاندارەکان ڕەچاوی ئەو خاڵەش بکەن".

بەڵام (ک،ئ) خاوەنی دوکانی for you کە تایبەتە بەجلوبەرگی ئافرەتان و دەکەوێتە شەقامی شێخی چۆلی هەولێر و ماوەی ساڵێکە ئەم دوکانەی داناوە بۆ (ڕووداو) گوتی "دیاریکردنی سایز لەدەسەڵاتی ئێمە نییە، من لەتورکیا ئەم جلانە دەهێنم لەوێ هەر مۆدێلێک سایزی 36 تا 44 ی هەیە، ئەگەر کەسێک لەوە قەڵەوتربێت ئەوە دوکانی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵام بەپێی مۆدێل نییە".

ئەسما کامل، 25 ساڵ، ئافرەتێکی کوردی فەیلی موحەجەبەیە، دەڵێ کێشەی نەبوونی جلی گونجاوی هەیە لەبازاڕی هەولێر "ئەم جلانە 1%ی بۆ ئێمە دەبێت چونکە یان تەنکن یانیش ڕووتن و بەکەڵکی ئێمە نایێن، بەڕاستی نازانم چی بکرم، بۆیە زۆر جار ناچارم بچمە لای بەرگدروو".

زۆر جار بەهۆی نەگونجانی هەندێک لەو مۆدێلانەی جلوبەرگ لەڕووی تەمەنەوە وایکردووە تا ڕادەیەک ئافرەتان ڕووبکەنە بەرگدوورەکانی بازاڕ بەتایبەتی پیاوان. سەلام محەممەد، خاوەنی بەرگدرووی سلێمانی لەبازاڕی سیروان باسی لەوەکرد کە کاری ئەوان بەردەوام ڕوو لەزیادبوونە و گوتیشی "زۆربەی ئەو ئافرەتانەی دێنە لای ئێمە یان قەڵەون یانیش موحەجەبەن، چونکە لەبازاڕ جلوبەرگ بۆ ئەو سایزانە کەمە، هەروەها جلی موحەجەبە لەبازاڕ زۆر گرانە".

بەپێی هەندێ لێکۆلینەوە لەبەرکردنی پانتۆڵ و جلوبەرگی تەسک دەبێتە هۆی لەناوبردنی دەماری کچە هەرزەکارەکان و مەترسی نەزۆککردن و هەوکردنی منداڵدان و کەمکردنەوەی هێلکەکانیشی لێدەکرێ.

بەڵام بەپێی قسەکانی مزەفەر کڕیارەکانیان زۆرتر داوای ئەو مۆدێلانە دەکەن کە تەسکن و زیاتر لەش و لار دەردەخەن"جلی قۆڵ درێژم هێناوە کەس نایکڕێت، ئەمساڵ خەڵک بۆ لەبەرکردنی جلی ڕووت قۆناخێک بەرەو پێشەوە چووە".

نار، تەمەن 20 ساڵ، قوتابی پەیمانگایە، یەکێکە لەو کچانەی ئارەزووی لەبەرکردنی جلی مۆدیل تازە دەکات، دەڵێت "ئەو جلانەم زۆر پێجوانن بەتایبەتی پانتۆل و بەدی تەسک، چونکە جوانی لەشمان زیاتر دەردەخەن".





# پیاوان بەهەڕەشەکردن ژنی دووەم دەهێنن

## ژنێکی رازیبوو بە هەوێداری: مێردەکەم هەڕەشەی تەڵاقدانی لێکردم ئەگەر ڕێگر بم لەژنهێنانی دووەمی

**لەنجە عەبدوڵڵا- سۆران بەهائەدین**
**رووداو- هەولێر**

دەریا، 30 ساڵ، ناوی خوازراوی ئەو ئافرەتە جل ڕەشەیە، کە لەبەردەم ژووری لیژنەی دەروونی ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی بۆ پشکنین دانیشتبوو، ئەو کە ماوەی 7 ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو دایکی دوو منداڵە، مێردەکەی هەڕەشەی تەڵاقدانی لێدەکات، ئەگەر رازی نەبێت ژنی دووەم بێنێ.

لێژنەی دەروونی لقی هەولێری ڕێکخراوی مانگی سووری عێراقی، لەپاڵ پشکنینی دەروونی بۆ ئەو کەسانەی تاوانی کوشتن ئەنجامدەدەن، لەدۆسیەی ئەو ژنانەش دەکۆڵێتەوە کە لەدادگا رازیبوونە، مێردەکانیان ژنی دووەم بێنن. بەپێی قسەی ئەندامێکی لێژنەکە 95%ی ئەو ئافرەتانەی دێنە لێژنەکە،دان بەوەدا دەنێن کە لە ژێر هەڕەشەی مێردەکانیان لە دادگا رازیبوونی خۆیان نیشانداوە کە ژنی دووەمیان بەسەر بێت.

دەریا بەدەنگێکی نزم و چاوی پڕ لەفرمێسکەوە باسی لەهەڵسوکەوتی مێردەکەی کرد، کە زۆربەی کات بەدەستی

ئەگەرچی چاکسازییە یاساییەکان لەهەرێمی کوردستان فرەژنیان مەرجدار کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەکە هێشتا لە برەودایە .هەندێ پیاویش بۆئەوەی رازیبوونی ژنی یەکەمیان بۆ نەبێتە مەرج، لە دادگانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ژن مارە دەکەن.

لەساڵی 2001، پەرلەمانی کوردستان بەیاسا فرەژنی مەرجدارکرد، ئەویش بە لابردنی برگە 5ی مادە 10 لە یاسای باری کەسی عێراقی و دانانی دوو برگەی تازە لەشوێنی.

لەبرگەی یەکەمی تازە دانراودا هاتووە "هەرکەسێک لەدەرەوەی دادگا ژن بێنێت و ژنی یەکەمی نەبێت، بە 100 هەزار تا 300 هەزار دینار غەرامە دەکرێت و هەروەها زیندانیش دەکرێت، کە ماوەکەی لە 6 مانگ کەمتر نەبێت و لە 3 ساڵیش زیاتر نەبێت".

برگەی دووەمیش کە پەیوەندی بەفرە ژنییەوە هەیە دەڵێت "ئەگەر پیاوێک بەبێ رەزامەندی ژنی یەکەم، ژنی دووەم بێنێت، ئەوا

لیژنەی دەروونی لەمانگی سووری عێراقی، زانیاری زیاتری لەبارەی کاری لێژنەکە دایە (رووداو) و گوتی ماوەی 7 مانگە لێژنەکە دەستبەکار بووە، ئەو لیژنەیە لەگەڵ دادگای باری کەسی هەولێر هەماهەنگی هەیە بۆ دەستنیشانکردنی باری دەروونی ئەو ئافرەتانەی کە ژنی دووەمیان بەسەر دەهێنرێت.

هەروەها ناوبراوکاری لێژنەکەی بە"کارێکی رۆتینی" ناوبردو گوتی "ئەو لیژنەیە تەنیا شتێکی دیکەی روتینییە لەرۆتینیاتەکانی دیکەی ئەو وڵاتە، چونکە هیچ مافێک ناداتە ئەو ئافرەتە، لەبەر ئەوەی ئێمە راپۆرتەکە بەهەر شێوەیەک بنووسین هەر ئافرەتەکە زەرەرمەندە".

ئەو دکتۆرە وەک خۆی باسیکرد، بۆی دەرکەوتووە زۆربەی ژنان لەژێر هەڕەشەی مێردەکانیان ناچار دەکرێن بەزمان رازیبن ژنی دووەمیان بەسەر بێت"95%ی ئەو ئافرەتانە لەلایەن مێردەکانیانەوە رووبەڕووی هەڕەشە دەبنەوەو، زۆربەیان



> **95 % ی ئەو ژنانەی ژنیان بەسەردێت لەلایەن مێردەکانیانەوە بە هەڕەشە رازیدەکرێن لە دادگا بڵێن (رازین)**
> ئەندامێکی لیژنەی دەروونی مانگی سوور

ئەو لێدانی خواردووە "مێردەکەم هەموو رۆژێک لێیدەدام و خەڵک دەهاتە نێوانمان، ئاشتیان دەکردینەوە، کەچی دیسان جارێکیتر دووبارەی دەکردەوە، بەڵام بەهەر جۆرێک بوو ئەو ژیانەم قبوڵ بوو"، دەریا باسی هەڕەشەلێکردنی مێردەکەی کرد بۆ ئەوەی ناچاری بکات هەوێیەک بۆ خۆی قبوڵ بکات"مێردەکەم هەڕەشەی تەڵاقدانی لێکردم ئەگەر ڕێگر بم لەوەی ژنی دووەم بێنێت".

نەهامەتییەکان لەو کاتەوە روو دەکەنە ئەوژنە، کاتێک مێردەکەی لەگەڵ بێوەژنێکی خزمی خۆیان پەیوەندی دەبەستێت و دواتر ئاگاداری دەکاتەوە کەوا بەنیازە ژنی دووەم بێنێت، دەریا بەدەم هەنسکی گریانەوە



> **جێبەجێکردنی سزادانی پیاوان لەسەر فرەژنی راگیراوە**
> دادوەر ئیبراهیم خۆشناو

گوتی "کە مێردەکەم پەیوەندی لەگەڵ بێوەژنەکە دروستکرد شەوان دەچووە ماڵیان و بەرەبەیان دەهاتەوە، ئیدی گوتی ژن دەهێنم ئەگەر رازی نەبی تەڵاقت دەدەم، یان هەڵیدەگرم و دەڕۆم".

فرەژنی یەکێکە لەکێشەکۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی و تاوەکو ئێستا بەهۆی فرەژنییەوە چەندین خێزان هەڵوەشاون، دەگیرێت و سزاکەی لە 3ساڵ تاکو 5 ساڵ دەبێ، غەرامەش نایگرێتەوە".

دادوەر ئیبراهیم خۆشناو، دادوەری یەکەمی باری کەسی دادگای هەولێر، سەبارەت بەکارکردن بەو دوو بڕگەیە گوتی "ئەو دوو بڕگەیە ژمارەیەکی زۆر خەڵک دەگرێتەوە، بەڵام جیبەجێکردنی وەستێندراوە (ایقاف تنفیظ)، ئەگەر هەر کەسێک ئەو حوکمە بیگرێتەوە، لەوماوەیەدا تاوانێک ئەنجامبدات ئەوا ئەو سێ ساڵەشی بۆ دەخرێتە سەر سزای تاوانەکەی".

دادوەر نەوزاد عەبدولڕەحمان، کە ماوەی 5 ساڵە کاری دادوەری دەکات، بانگکردنی ئەم ئافرەتانەی ژنی دووەمیان بەسەر دێ بۆ دادگا، تەنها بەعورفێکی قەزایی لەقەڵەمداو گوتی "بەرای من ئەوە پەنادانی پیاوە بۆ ئەوەی ژنی دووەم بێنێت، چونکە ئەو ژنە ناچار دەکرێت، یان لەبرسان یان لەترسان رازی بێت".

زۆربەی ئەو ئافرەتانەی لەلایەن لێژنە دەروونییەکەی مانگی سووری عێراقی پشکنینیان بۆ ئەنجامدەدرێت، دواتر ئەنجامی پشکنینەکە بەشێوەی راپۆرت دەدرێتەوە دادگای هەولێر.

د.توانا عەبدولڕەحمان رەحیم، پسپۆر لەبواری نەخۆشیەکانی دەروونی و ئەندامی هەڕەشەی کوشتن یان تەڵاقدانیان لێدەکرێت و کە دێنە لای ئێمە هەمووی باس دەکەن، بەڵام ئێمە هیچمان بۆ ناکرێت و ئەو ئافرەتانە زۆربەیان نەخوێندەوارن و ئافرەتی واشیان تێدایە قوتابی زانکۆیە یان مامۆستایە".

بەپێچەوانەی ئەو ژنانەی لەژێر فشاری مێردو کەسوکارییان رازیدەبن ژنیان بەسەر بێت، هەندێ ژنیش هەن خۆیان رازی دەبن بەژنهێنانی مێردەکانیان و پاساوی هەمەجۆریش بۆ ئەو کارەیان دێننەوە.

فەیروز، 59 ساڵ، 33 ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو خاوەنی 7 منداڵە، لەبەردەم ژووری پزیشکی دەروونی دانیشتبوو تاوەکو پشکنینی بۆ بکرێت، وەک لەقسەکانیدا دەرکەوت ئەو خۆی رازیبووە مێردەکەی ژنی دووەم بهێنێت.

فەیروز گوتی "لەماڵی خۆم هیچ کێشەیەکم نییە تا لەمێردەکەم بێزار بم،ئێستاش هەر گەورەی ماڵم، پیاوەکەم لەجیاتی ئەوەی بڵێت ژنت بەسەر دێنم دەڵێت خزمەتکارێکت بۆ دێنم، ئیشت بۆ بکات، ئەگەر لەقسەکانیشی پەشیمان بێتەوە چ منەتم پێ نییە، سێ کوڕی بەژن و دووکچی بەشووم هەیە، دەچمە لایان".

فەیروز هۆکاری رازیبوونی خۆی لەسەر ئەوەی مێردەکەی ژنی دووەم بێنێت بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە چیتر ناتوانێت ئەرکی هاوسەرێتی خۆی ئەنجامبدات لەرووی پەیوەندی سێکسیەوەو دەڵێت "توانای ئەوەم نەماوە پێداویستیەکانی مێردەکەم جێبەجێبکەم، بۆیە خۆم چوومە داخوازی ژنێک بۆ مێردەکەم، لەماوەی ئەوەندە ساڵەی پێکەوە ژیاوین پیاوەکەم دەناسم کە ژنی دووەم وای لێناکات من پشتگوێ بخات".

بەپێی دەقێکی قورئانی پیرۆز پیاو بۆی هەیە لە یەک کاتدا 4 ژنی هەبێت، بەڵام بەمەرجێک بتوانێت دادوەری لەنێوان ژنەکانیدا بکات، هەر لەوێشدا ئاماژەیەک هەیە کە ئەوەش ناکرێ.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەلاکان رێ بە فرەژنی دەدەن. هەروەها یاسای باری کەسی عێراقیش کە لە ساڵی 1959 دەرچووەو سەرچاوەکەی ئاینی ئیسلامە رێگەی بەپیاو داوە ژنی دووەم بێنێت، ئەمەش وایکردووە فرەژنی زیاتر پەرە بستێنێت.

تەها سابیر، 47 ساڵ، یەکێکە لەوپیاوانەی ژنی دووەمی هێناوە، چونکە بەپێی قسەی خۆی ژنەکەی چەندین ساڵە نەخۆشە و بۆ چارەسەر کردن رەوانەی دەرەوەی وڵاتیشی کردووە، هەر چاک نەبووەتەوە. تەها گوتی "سەرەتا خێزانەکەم رێگەی پێدام، بەڵام کاتێک چوومە داخوازی، ژنەکەم پەشیمان بووەوەو، سکاڵای لەدژ تۆمار کردم، بەهەزار تکا رازیمان کردەوە ژن بێنم".



**فرەژنی و مەرج و سزا وەستێدراوەکانی**

– بەپێی یاسا لە هەرێمی کوردستان هەرکەسێک ژنێک بەبێ رەزامەندی ژنی یەکەمی بێنێ بە 3تا5 ساڵ زیندان حوکمدەدرێ.

–جێبەجێکردنی ئەو بڕگەیەی سەرەوە وەستێندراوە، ئەوەش ترسی سزادانی لەلای پیاوان لەسەر فرەژنی نەهێشتووە.

–لەساڵی رابردوودا 90 حالەتی رەزامەندی ژنی یەکەم لەسەر هێنانی ژنی دووەم لەلایەن مێردەکانیانەوە لەدادگای باری کەسی هەولێر تۆمارکراوە.

– لە ساڵی 2006 دا، 156 لە ساڵی رابردووش 174 پیاو لە شاری هەولێر ژنی دووەمیان هێناوە، لە 6 مانگی رابردووشدا 62 پیاو ژنی دووەمیان هێناوە.

–ئەو دەقە قورئانیەی رێ بە فرەژنی دەدات، ئەوە بە دادپەروەریکردنی پیاو لەنێوان هەموو ژنەکاندا دەبەستێتەوەو، دەڵێ ئەوەش ناکرێ، بەڵام زانایانی ئایینی گوێ بەوە نادەن.

–ژن بۆی هەیە لەکاتی گرێبەستی هاوسەرێتیدا بنووسێ" رازینم هیچ کات ژنی دووەمم بەسەر بێت".

# نەتەوە یەکگرتووەکان گەیشتە ناو ژنکوژی کوردستان

**رووداو–هەولێر**

بە هاوکاری هەریەک لەنێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عێراق (یونامی) و رێکخراوی ئاسوودە، بە بەشداریی 16 رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی، ژمارەیەک پەرلەمانتار و یاساناس، رۆژی 2008/8/26 کۆبوونەوەیەکی راوێژکاری بۆ لێکۆڵینەوە لە توندوتیژی لەسەر بنەمای رەگەزی لەسەر ئاستی کوردستان ئەنجامدرا.

نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عێراق، بەبریاری ژمارە 1500 ی ئەنجومەنی ئاسایش لە 2003/8/14 دامەزراوەو لەرۆژی 2003/11/21 لە عێراق دەستبەکاربووە و بارەگای لە هەریەک لەشارەکانی هەولێر، بەغدا و عەممان هەیە.

لە دوای راپەڕین لەکوردستاندا دیاردەی کوشتنی ئافرەت بەشێوەیەکی بەرچاو فراوان بووەو رووی لەزیادبوون کردووە، بەپێی ئامارێکی رێکخراوی ژنانی ئازاد، کە رێکخراوێکی ناحکومییە و لەبواری ژناندا کار دەکات، لەدوای راپەڕینەوە نزیکەی 15 هەزار ژن لەژێر ناوی پاراستنی شەرەفدا لەلایەن پیاوانەوە لە هەرێمی کوردستاندا کوژراون.

رێکخراوی ئاسودە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر ژنان، لەسەرەتای ساڵی 2007 پرۆژەیەکی پێشکێشی یۆنامی کرد کە تایبەت بوو بەتوێژینەوە لە مەسەلەی کوشتن لەژێر ناوی شەرەف . خانم رەحیم، بەڕێوەبەری رێکخراوی ئاسوودە بۆ (رووداو) دوواو گوتی"لەساڵی رابردووەوە ئەو پرۆژەیەمان پێشکێشی یۆنامی کرد کە بۆ یەکەمجارە لێکۆڵینەوەیەکی لەم شێوەیە لەسەر ئاستی کوردستان ئەنجامبدرێت"، گوتیشی "لەو پرۆژەیەدا تەنیا شاری سلێمانیمان بەنمونە وەرگرتووە".

پرۆژەکەی رێکخراوی ئاسوودە وەک خانم رەحیم ئاماژەی پێدا بریتییە لە ئەنجامدانی راپرسییەک بەدوو قۆناخ، خانم لەبارەی قۆناخی یەکەمی پرۆژەکە گوتی "بەشێک لەرایەکانی راپرسییەکەمان لەسەر بنەمای چۆنیەتی (نوعیە) وەرگرتووە کە بریتییە لەرای کەسانی ئەکادیمی و پسپۆر لەبوارە جیاجیاکان و بەشەکەی دیکەش بریتییە لەرای خەڵکی ئاسایی و قوربانیان، هەروەها ئەوانەی توندوتیژییان ئەنجامداوە".

قۆناخی دووەمی پرۆژەکەش وەک خانم باسیکرد بریتی بووە لە پڕکردنەوەی 300 فۆرم لەشاری سلێمانی کە 30 توێژەری کۆمەڵایەتی و چەند راوێژکارێکی ناوخۆ و بیانی بەشدارییان تێدا کردبوو.

بەشێکی کۆبوونەوەکە کە زۆرترین گفتوگۆی لەبارەوە کرا یاسای سزادانی عێراقی بوو، بەتایبەتی مادەی 409 ی یاساکە، کە مادەی (غسل العار)ە. واتە کوشتن بەپاساوی شەرەف.

بەپێی بڕگەکانی 130، 131، 132 ی مادەی 409، هەموو ئەو کەسانەی بەپێی ئەو مادەیە دەستگیر دەکرێن، سزایەکی سووکیان بەسەردا دەسەپێندرێ، بەجۆرێک لە 3 ساڵ زیاتر نەبێت و لە 6 مانگ کەمتر نەبێت.

پەرلەمانی کوردستان، بەپێی یاسای ژمارە 14ی ساڵی 2002 هەر سێ بڕگەی مادە 409ی لەیاسای سزادانی عێراقی هەموار کرد، بەپێی هەموار کردنەکە هەر کەسێک خێزانەکەی یان یەکێک لە مەحرەمەکانی لەنێو جێگەی خەوتن لەگەڵ پیاوێک ببینێت لەکاتی زینا کردندا و یەکێکیانی کوشت، ئەوا تاوانی کوشتنی دەکەوێتە سەرو بەپێی مادەی 406 سزا دەدرێ.

د.تاڤگە عەباس بوستانی پسپۆر لەبواری یاسا، لەبارەی هەموار کردنی ئەو بڕگانە گوتی "لە هەمواركردنی ئەم بڕگانە تاوانبار هەمان مادەی کوشتنی بەسەردا جێبەجێدەکرێ بەبێ جیاوازی، بەڵام لە هەولێر بڕگە 132 ئیستغلال کرا واتە دادگا موراعاتی زروفی تاوانبار دەکات و تاوانەکەی لەسەر سووکتر دەکات".

بوستانی زیاتر لەبارەی ئەو مادانە قسەی کرد کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هەموار کراون و گوتی "پەرلەمان چەند مادەیەکی هەمواركرد، ئەمەش دەسکەوتێکی زۆر باش بوو، مادەی 41ی یاسای سزادانی عێراقی نەهێشت کە دەسەڵاتی دابوو بە پیاو لە ئافرەت بدات، جگە لەوەش مادەی 377 کە تایبەت بوو بە خیانەتی هاوسەری کە پیاو تەنیا ئەگەر لەماڵی خۆی کارەکەی بکردایە بەخیانی هاوسەری بۆی حیساب دەکرا، پەرلەمان ئەوەشی نەهێشت".

چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵاتییەکان لەرێگەی مەکتەبی کۆمەڵایەتی حیزبەکان، یەکێکی دیکە بوو لەو باسانەی لەکۆبوونەوەکە زۆری قسە لەبارەوە کرا.

پارێزەر رازاو ئەحمەد، کە دانیشتووی شاری سلێمانییە بوونی ئەو مەکتەبە کۆمەڵایەتییانەی بە "دەستتێوەردانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی" وەسفکردو گوتی " ئەو مەکتەبە کۆمەڵایەتییانە لەسەرۆک عەشیرەت و کەسانی حیزبی پێکهاتوون، ئەمانەش فشار دەخەنە سەر کاری دادوەرەکان و دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە، من لەدادگا کەیسم لەلا بووە بە تەدەخولی حیزبی ئیلغا کراوەتەوە، تەنانەت فایلەکەشیان نەداومەتێ".



**ژنکوژی لە ئامار و یاساکاندا**

– بەپێی ئامارێکی رێکخراوی ژنانی ئازاد لە دوای راپەڕینەوە 15هەزار ژن لە کوردستان کوژراون.

–بەڕای پسپۆرێکی یاسایی مادەی 132 بۆ سووککردنی سزای ژنکوژان بەکاردەهێندرێ.

–بەڕای پارێزەرێک مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکانی پارتی و یەکێتی رێ لە دادگا دەگرن لە دۆسیەکانی ژنکوژیدا.

# دوکاندارەکان داوای کردنەوەی ڕێگای شەقامەکە دەکەن

## ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پرۆژەکە: شەقامی مەولەوی تا 50 ساڵی دیکە کێشەی نابێت



شەقامی مەولەوی لە شاری سلێمانی (فۆتۆ:ڕووداو)

**هەناو جاف- سلێمانی**

بەشێک لە دوکاندارەکانی شەقامی مەولەوی دەڵێن لە نۆژەنکردنەوەی شەقامەکەدا زیانیان پێگەیشتووە لەبەرئەوەی تەواوبوونی پرۆژەکە زۆر دواکەوت و شەقامەکە هاتوچۆی ئۆتۆمبێلی بەسەرەوە نەماوە، ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پرۆژەکەش دەڵێت"دواکەوتنی پرۆژەکە لەبەر هاتوچۆی هاووڵاتیان بوو لەو شەقامەی ئیشمان تێدا دەکرد، نەشماندەتوانی ڕێگاکە بە تەواوەتی بگرین".

پرۆژەی نوێکردنەوە و ڕێکخستنی شەقامی مەولەوی لە 2007/10/20 دا دەستی پێکردو بڕی 7 ملیار و 86 ملیۆن دیناری تێچووە و لەلایەن کۆمپانیای قەسابەوە جێبەجێکراوەو لەگەڵ نوێکردنەوەی شۆستەو جادەکەدا سەرجەم تۆڕی ئاو و ئاوەڕۆ و تۆڕی کوردتێل لەو شەقامە نوێکرایەوەو بڕیارە کارەباکەشی بخرێتە ژێر زەوییەوە.

جەلال حەمە کەریم، ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پرۆژەی شەقامی مەولەوی هۆکاری دواکەوتنی پرۆژەکە لە وادەی خۆی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە لە کاتی ئیشکردنیاندا شەقامەکە بەردەوام هاتوچۆی هاووڵاتیانی لەسەربووەو نەشیانتوانیوە ڕێگاکە بە تەواوەتی دابخەن،لەگەڵ ئەوەشدا ئیشی باشیان بۆ شەقامەکە ئەنجامداوەو وتی "تاوەکو پەنجا ساڵی دیکە شەقامی مەولەوی هیچ کێشەیەکی ئاو ئاوەڕۆ و کارەبای نابێت".

سەرەتا ماوەی پرۆژەکە 100 ڕۆژی بۆ دیاریکرا، بەڵام بەهۆی دواکەوتنی کارەکانیەوە وادەکەی بۆ ماوەی 80 ڕۆژ درێژکرایەوە، کە بە وتەی بەشێک لە دوکاندارانی شەقامەکە درێژەکێشانی پرۆژەکە زیانی زۆری بۆ ئەوان هەبووە و بازاڕی ئەوانی کزکردووە.

بەرزان حەمە ئەمین، خاوەنی یەکێک لەو دوکانانەیە کە دەکەوێتە سەر شەقامەکەوو دەڵێت "سەرەڕای ئەوەی زیانێکی زۆرمان پێگەیشتووە، ماوەی دوو مانگە تابلۆی دوکانەکانیشیان لێکردووینەوە و کەس نازانێت کامە دووکانی کێیەو چییە، بۆنی ئەو زێرابانەش کە چاکیانکردووە خۆمان و موشتەریەکانمانی بێزار کردووە".

بەڵام ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پرۆژەکە هۆکاری بۆنی ئەو ئاوەڕۆیانە بۆ کەم ئاوی دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت "ئەو ئاوەڕۆیانەی دروستمانکردوون 25-30 مەتر باراناوی پێدا تێدەپەڕێت، بەڵام لە هاویندا چونکە ئەو ئاوە نییە بۆیە بۆن دەکات".

بەپێی نەخشەی نوێی شەقامەکە دوای نۆژەنکردنەوەکە بڕیاردراوە ڕێگای هاتوچۆی ئۆتۆمبێل لەسەر شەقامەکە نەکرێتەوە، ئەوەش کاری لەسەر بازاڕی کاسبکاران و خاوەن دوکانەکانی شەقامەکە کردووە، هەروەک چیا لەتیف لە کتێبخانەی هاووڵاتی کە دەکەوێتە سەر شەقامی مەولەوی وتی" ئێمە لە ڕووی دارایی و مەعنەویەوە زیانمان پێکەوتووەو حکومەت خۆشی نازانێت چیدەکات، تائێستاش شەقامەکەی نەکردووەتەوە".

لە یاداشتێکیاندا بۆ پارێزگاری سلێمانی دوکاندارەکانی شەقامەکە زیاتر لە 300 ئیمزایان کۆکردووەتەوەو داوادەکەن ڕێگای ئۆتۆمبێلی ئەو شەقامە بکرێتەوە. عەبدولقادر شکاک کە خۆی بە نوێنەری دوکاندارەکانی شەقامی مەولەوی ناساند باس لەوە دەکات کە شەقامەکە ئیشی باشی بۆکراوە، بەڵام دەبوا تەواوی شەقامەکە بکرێتەوەو وتی"چاوەڕوانی بەڵێنەکانی پارێزگاری سلێمانین، ئەگەر داواکانمان جێبەجێنەکرێت خۆپیشاندان دەکەین، چونکە ئەگەر دوکانەکانمان بسوتێن یان بدزرێن هیچمان پێناکرێت لەبەرئەوەی ڕێگاکەیان داخستووە و ئۆتۆمبێلی پێدا تێپەڕ نابێت".

لە لای خۆیەوە فەرمان فایەق قەساب، بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای قەساب، کە پرۆژەکەی جێبەجێکردووە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هیچ پرۆژەیەک بێ کەموکوڕی نابێت هەر بۆیە خەڵک گلەیی دەکات بە تایبەت کە ئەو شوێنە قەرەباڵغ بێت و ڕێگای خەڵکی بەسەرەوە بێت و گوتیشی"ئێمە ئیشەکانمان بەباشی و دڵسۆزی ئەنجامداوە پێشموایە لەگەڵ تەواو بوونی کارەباکەی، دەبێتە یەکێک لە شەقامە جوان و باشەکانی سلێمانی".

---

### دوای چوار مانگ لە تەواوبوونی

# هێشتا سوود لە گەنجینەی کلۆر وەرنەگیراوە

**ئاواز ڕەزا و دەریا عبدالوهاب**
**سلێمانی**

ئەگەرچی ماوەی چوار مانگە پرۆژەی گەنجینەی کلۆر لەسەر ڕێگای عەربەت -سلێمانی تەواوبووە، بەڵام تا ئێستا بەکارنەهاتووەو سوودی لێوەرنەگیراوە. بەڕێوەبەری ئاوی دەوروبەری سلێمانیش دەڵێت "کلۆر مادەیەکی مەترسیدارەو پێویستی بە پاراستن هەیە، بەڵام تا ئێستا پاسەوانی پێویست بۆ ئەو گەنجینەیە دابین نەکراوە بۆیە بەکارمان نەهێناوە".

پرۆژەی گەنجینەی کلۆر لە سلێمانی لە ڕۆژی 2007/8/27 دەستکراوە بە دروستکردنی و لە 2008/4/23 تەواو بووەو دەکەوێتە سەر ڕێگای عەربەت-سلێمانی لە گوندی ڕازیان. گەنجینەکە لەسەر داوای بەڕێوەبەرایەتی ئاو و لەسەربودجەی پارێزگا بە بڕی 135 ملێون و 750 هەزار دینار لەلایەن کۆمپانیای تابینەوە جێبەجێکراوە.

دیار محەممەدعەلی، بەڕێوەبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی باس لەوە دەکات کە ئەو گەنجینەیە لەسەر داوای ئەوان دروستکراوە لەبەرئەوەی پرۆژەکە گرنگی زۆری هەیە بۆ هەڵگرتنی گازی کلۆر و هاڕاوەی کلۆر کە پێشتر گەنجینەی ڕاپەڕین بۆ ئەو مەبەستە بەکارهاتووە و هێمای بۆ ئەوەشکرد کە کلۆر مەترسی هەیە بۆ سەر ژیانی هاووڵاتیان بۆیە لە دووری شار دروستکراوە. ئەو بەڕێوەبەرە هەروەها گوتیشی:"تا ئێستا سوودمان لەو گەنجینەیە نەبینیوە و کلۆرەکەمان نەگواستووەتەوە بۆ گەنجینەکە ئەوەش لەبەر نەبوونی پاسەوانە، چونکە ئەو گەنجینەیە پێویستییەکی زۆری بە پارێزگاری هەیە، بەڵام ئێستا تەنیا دوو پاسەوانی مەدەنی هەیە وئێمەش نووسراومان بەرزکردووەتەوە بۆ دانانی پاسەوان، بەڵام تا ئێستا وەڵامman نەدراوەتەوە".

گەنجینەکە لەسەر ڕووبەری دۆنم و نیوێک زەوی دروستکراوە و پێکهاتووە لە تەنکییەکی ئاو و حەوزێکی ئاو کە 15 تا 20 تەن کلۆر دەگرێت سەرەڕای حەوزێکی ئاوی گەورە کە بۆ ئەو بتڵانە بەکاردێت کە لێیان دەچێت بۆ ئەوەی غازەکەی بڵاونەبێتەوەو مەترسی دروستنەکات، چونکە بەپێی وتەی بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتی ئاو، غازی کلۆر غازێکی ژەهراویە و ئەگەر لە ناو شاردا بێت شار پیس دەکات، هەروەها پرۆژەکە لە ژووری پاسەوان و ئۆفیسێک پێکدێت.

کەیوان محەممەد ڕەفیق، ئەندازیار و سەرپەرشتیاری گەنجینەی کلۆر لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی ئاماژەی بەوەکرد کە کۆمپانیاکە 85%ی کارەکەی تەواوکردووە و لە کارەکەش ڕازین و گوتیشی"ئێمە لیژنەی بەدواداچوونمان هەبووە بۆ کارەکە و ئەگەر کێشەیەکی هەبوایە زوو چارەسەرمان دەکرد، بەڵام پرۆژەکە زۆر بە باشی جێبەجێکراوە".

لە لای خۆیەوە بەختیار عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری کۆمپانیای تابینی جێبەجێکاری پرۆژەکە باس لەوەدەکات کە لە سەرەتادا پرۆژەکە بڕی 128ملیۆن و 81 هەزار دیناری بۆ دانرابوو، بەڵام دوایی لە لایەن پارێزگاوە گۆڕا بۆ 135 ملیۆن و 750 هەزار دینار، هەروەها وتیشی "پێش تەواوبوونی وادەی خۆی پرۆژەکەمان تەواوکردووە، هەرچەندە بەهۆی چەند گۆڕانکارییەکی وەک دروستکردنی حەوزێکی دیکە و لێدانی بیرێکی ئیرتیوازی و سەقفێکی جەمەلۆن پرۆژەکە بۆ ماوەیەک دواکەوت، بەڵام ئێمە زوو کارەکانمان جێبەجێکردو پرۆژەکەمان تەواوکرد".



پرۆژەی گەنجینەی کلۆر لەسەر ڕێگای عەربەت-سلێمانی (فۆتۆ:ڕووداو)

---

### زیاتر لە 100 خانوو دەڕوخێندرێن و شارەوانیش قەرەبوویان ناکاتەوە

# پارێزگای سلێمانی پرۆژەی شەقامی دووسایدی سەراو - سەیدسادق جێبەجێدەکات

**محەممەد خەلیفە- سەیدسادق**

بەبڕی 2 ملیار و 588 ملیۆن دینار، ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لەسەر بودجەی خۆی پرۆژەی دروستکردنی شەقامی دووسایدی سەراو- سەیدسادق، لە سنوری قەزای سەید سادق جێبەجێدەکات و بەوهۆیەوە زیاتر لە 100 خانووی هاووڵاتیان دەڕوخێندرێت و سەرۆکی شارەوانیش ئەو خانوانە بە زیادەڕەو لەقەڵەمدەدات و دانی هەر قەرەبوویەک بە خاوەنەکانیان ڕەتدەکاتەوە.

ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە 200 ڕۆژەو لە 2008/4/21 دەست بە کارکردن کراوە تێیدا و لەلایەن (کۆمپانیای ڕەوێن)ەوە جێبەجێدەکرێت، بەڵام تەواوبوونی پرۆژەکە لە وادەی یاسایی خۆی دواکەوتووە. سالار قادر لە کۆمپانیای ڕەوێن هۆکاری دواکەوتنی پرۆژەکەی گەڕەکی شێخانی بۆ داوای سەرۆکی شارەوانی سەیدسادق گەڕاندەوە لەبەرئەوەی ئەو گەڕەکەی پرۆژەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت پێویستی بە دانانی ئاوەڕۆ و دروستکردنی دیواری ڕاگر هەبوو کە پێشتر لەتەندەری مۆرکراودا نەبووەو بەهۆی ئەوەی گۆڕانکاری لە پرۆژەکەدا کراوە کە بریتییە لە زیادکردنی ئاوەڕۆ بەدرێژی 1800 مەتر و لابردنی خانووە زیادەڕۆکان و دروستکردنی دیواری ڕاگر بەدرێژی 3 کیلۆمەتر کە ئێستا 19%ی پرۆژەکە تەواوبووە.

خاوەنی ئەو خانووانەی کە دەکەونە سەر پرۆژەکە لەبەرامبەر ڕووخانی خانووەکانیاندا داوادەکەن شارەوانی سەیدسادق بە بڕێک پارە قەرەبوویان بکاتەوە. فەخری نامیق دانیشتووی گەڕەکی شێخانی سەیدسادق باس لەوە دەکات کە بەهۆی ڕووخاندنی ماڵەکەیەوە لەلایەن شارەوانییەوە ئێستا لە خانووی کرێدا دەژیت وگوتیشی"دوای ڕووخاندنی خانووەکانمان چەند جارێک سەردانی شارەوانیمان کردووە بۆ ئەوەی قەرەبوومان بکەنەوە، بەڵام پێیان وتین ئەوانە زەوی شارەوانین وهیچ قەرەبوویەکتان ناکەینەوە".



دیواری پاڵپشتی دوو سایدی سەرا و سەیدسادق (فۆتۆ:ڕووداو)

لە لای خۆشیەوە ڕەئوف قادر، سەرۆکی شارەوانی سەیدسادق ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پێشتر ئەو هاووڵاتیانەیان ئاگادارکردووەتەوە کە خانووەکانیان زەوی شارەوانین ولەکاتی ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریدا تێکدەدرێن، سەرۆکی شارەوانی هەروەها وتیشی"قەرەبووکردنەوە لەتوانای ئێمەدا نییە، بەڵام داوایەکمان بۆ نوسیوون و تێیدا ناوی ئەو هاووڵاتیانەمان تۆمار کردووە کە زیانیان بەرکەوتووە و پێشکێشی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانمان کردووە، بەڵام بەنوسراو وەڵامیان داینەوە کە خاوەنی زەوی زیادەڕۆ قەرەبوو ناکرێنەوە".

بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە دواتر لە نەخشەی پرۆژەکانی سەیدسادقدا کراوە بەشێکی ئەو پرۆژانە لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا تەواو نەبوون. ئومێد نوری ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پرۆژەکانی شارەوانی سەیدسادق گۆڕانکاری و دواکەوتنی پرۆژەکان بۆ ئەو خاڵانە دەگەڕێنێتەوە کە دواتر لە گرێبەستەکەدا کراوە، چونکە پرۆژەی شەقامەکە پێویستی بە ڕووخاندنی زۆربەی بەربەستی حەوشەی ماڵەکان و ڕووخاندن و چاککردنەوەی دیواری حەوشەی قوتابخانەی بەرکێو و دروستکردنی دیواری ڕاگربۆ قەبرستانی شارەکە هەبووە کە بە بڕی 2 ملیار و 34 ملیۆن و 310 هەزار دینار و لەسەر بودجەی ئەنجوومەنی پارێزگا کۆمپانیای باڵامبۆ جێبەجێیکردووە و، سەرەتا ماوەکەی 120 ڕۆژ بووە، بەڵام دواتر ماوەکە بۆ 90 ڕۆژی دیکە درێژکراوەتەوە و ئێستا بەشێکی زۆری کارەکانی تەواوبووە.

لە بەرامبەردا ڕەئوف قادر، سەرۆکی شارەوانی سەیدسادق جەخت لەسەر وتەکانی ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پرۆژەکان دەکاتەوەو دەڵێت "بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە دواتر لە تەندەرەکەدا کراوە، پرۆژەکان دواکەوتوون، سەرەڕای ئەوەی سەیدسادق نەخشەیەکی بنەڕەتی نییە".

## پرۆژەی کۆمەڵگەی لاوان 1150 خانووە

# کۆمپانیایەک بەهاوکاری حکومەت 21 هەزار خانوو بەبێ پێشەکی دەداتە هاووڵاتییان

**عەلی حەمە ساڵح**
**رووداو- هەولێر**

کۆمپانیاییەکی ناوخۆیی پرۆژەی دروستکردنی 21 هەزار خانووی هەیەو حکومەت 30%ی پارەی خانووەکە لەسندوقی نیشتەجێبوون بە قەرز دەداتە هاووڵاتییان و کۆمپانیاکەش پاشماوەی پارەکە بە ماوەی 15 ساڵ لەهاووڵاتییان وەردەگرێتەوە.

کۆمپانیای هەپی لاند، کە کۆمپانیایەکی خۆماڵییەو بارەگای سەرەکی لە هەولێرە، بە (رووداو)ی راگەیاند کە "پرۆژەی دروستکردنی 21 هەزار یەکەی نیشتەجێبوونی هەیە کە بەقیستی 15ساڵ دەیداتە هاووڵاتییان و نرخی خانووەکانیش لەنێوان 50 هەزار دۆلار تاوەکو 30 هەزار دۆلار دایە".

پرۆژەی دروستکرنی کۆمەڵگای لاوان کە لە 1150 خانوو پێکدێت، سەرەتای ئەو پرۆژە گەورەیەیە کە کۆمپانیای هەپی لاند بەنیازە لەئایندەدا ئەنجامی بدات.

کۆمەڵگای لاوان، مۆڵەتی ژمارە 56ی دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە 2007/10/31 وەرگرتووە، لەسەرەتادا نرخی هەرخانوویەکی ئەم کۆمەڵگایە 56 هەزار دۆلار بوو، بەڵام ئێستا نرخەکەی50 هەزار دۆلارە. رووبەری هەرخانوویەکیش 200 مەترە و 120 مەتری بینایە، ئەو کەسەی گرێبەست دەکات بۆ کڕینی خانووەکان سەرەتا لە رێگای بانکی ئاشورەوە 5 هەزار دۆلاری لێوەردەگیرێت".

حاجی فاروق عەباس، جێگری بەڕێوەبەری کۆمپانیای هەپی لاند، دەڵێت"مەبەست لەم پارەدانانە لە بانک، گەرەنتییەکە بۆ هاووڵاتییان، پاشان سێ مانگ جارێک بەپێی رۆیشتنی کارەکان کڕیار 5 هەزار دۆلاری دیکە دەدات، تاوەکو دەبێتە 15هەزار دۆلار، کە کلیلی خانووەکەشی وەرگرت 5 هەزار دۆلاری دیکە دەدات و دەبێتە 20 هەزار دۆلار، ئەو 36 هەزار دۆلارەش کە دەمێنێتەوە دابەشمان کردووە بەسەر 15 ساڵداو هاووڵاتی مانگانە 200 دۆلار دەداتە کۆمپانیا".

کۆمپانیای هەپی لاند دروستکردنی ئەم 1150خانووەی بەسەر سێ قۆناخدا دابەشکردووە، لەقۆناخی یەکەمدا 420 خانووی دەستپێکردووە، کە 65%ی ئەو 420 خانووانە تەواو بووە.

هەرچەندە لەسەرەتادا ئەم پرۆژە بیرۆکەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی سەر بە پارتی بوو کە خانووەکان تەنیا بۆ لاوان بن، بەڵام پاش ماوەیەک پرۆژەکە بووە بۆ هەموو خەڵک. حاجی فاروق دەڵێت" خەڵکێکی زۆر داوایان لێکردین، بۆیە پرۆژەکەمان تەرخانکرد بۆ هەموو کەسێک و گەنجانیش نەیاندەتوانی ئەو پێشەکییە زۆرە بدەن، بەڵام ئێستا ئەگەر حکومەت لەسندوقی نیشتەجێبوون هاوکاری ئەو گەنجانە بکات تەواوی خانووەکان بۆ گەنجان تەرخاندەکەین".

هەرچەندە راگەیاندنی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی لاوان لەسەرەتادا بووە جێگەی دڵخۆشی گەنجان، بەڵام بەهۆی زۆری نرخی خانووەکە و پارەی زۆری پێشەکی، گەنجانی دڵسارد کردەوە. ئەگەر قەرزی سندوقی نیشتەجێبوون کۆمەڵگەی لاوانیش بگرێتەوە، ئەوا دووبارە پرۆژەکە دەبێتە جێگەی دڵخۆشی گەنجان.

ئارام سدیق، تەمەن 26 ساڵ، دانیشتووی سلێمانییەوژیانی هاوسەری پێکهێناوەو ئێستا مانگانە بڕی 400 هەزار دینار کرێی خانوو دەدات، دەڵێت" ئەستەمە گەنجێک بتوانێ بەسەر یەکەوە 20 هەزار دۆلار بدات و مانگانەش بڕی 200 دۆلار بدات، بۆیە باشتر وایە حکومەت بەزووترین کات گرفتی نیشتەجێبوون بۆ گەنجان چارەسەربکات".


ماکێتی ئەو خانووانەی بۆ گەنجان تەرخانکراون

کۆمپانیای هەپی لاند زۆری نرخەکان بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە "بەپێی یاسای وەبەرهێنان هەموو ئەو خزمەتگوزاریانەی کە دروستدەکرێن، لە سەر ئەرکی کۆمپانیاکە جێبەجێدەکرێن، خزمەتگوزاری هەرخانوویەکیش 10 هەزار دۆلار لەسەر ئێمە دەکەوێت، واتە ئەو هاووڵاتییەی 20هەزار دۆلار دەداتە ئێمە 10 هەزار دۆلارمان بۆ دەمێنێتەوە، دڵنیاشم لەوەی کە ئەو بینایەی دەیکەین بە 30 هەزار دۆلار تەواو نابێت".

هێرش موحەڕەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بە (رووداو)ی راگەیاند"حکومەتی کوردستان بڕی 100 ملیۆن دۆلاری بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی سندوقی نیشتەجێبوون تەرخانکردووە، کە بەپێی ناوەڕۆکی رێنماییەکان وەبەرهێنەر پێویستە هەر یەکەیەکی نیشتەجێبوونی دروست دەکرێت لە 80م$^2$ کەمتر نەبێت و نرخەکەی لە 50 هەزار دۆلار کەمتر بێت و حکومەتی هەرێم 30% ی تێچووی پرۆژەکە لەئەستۆ دەگرێت، دواتر لەلایەن هاووڵاتییانەوە بە دوو قیستی 5 ساڵی و 10 ساڵی پارەکە دەدرێتەوە حکومەت".



لەبارەی ئەو 70%ی دەمێنێتەوە، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان ئاماژەی بەوەدا کە پێویستە کڕیارو وەبەرهێنەر لەگەڵ یەکتری رێکبکەون.

بەپێی لێدوانی هێرش موحەڕەم، پرۆژەکە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە بەشێوەیەک لەشێوەکان سوودمەندبوونە لەحکومەت، هەروەها بۆ ئەوانەش کە زەوییان لەحکومەت وەرگرتووە. لەو سندوقەدا بایەخی زۆر بەگەنج و خەڵکی کەم دەرامەت دەدرێت.

### ئاسانکارییەکانی حکومەت و کۆمپانیای هەپی لاند

– حکومەت لە سندوقی نیشتەجێبوون 30%ی پێشەکی دەداتە ئەو پرۆژانەی کە نرخی خانووەکانیان لە 50 هەزار دۆلار زیاتر نەبێت.
– سندوقی نیشتەجێبوون کۆمەڵگەی لاوانیش دەگرێتەوە.
– کۆمپانیای هەپی لاند بۆ ماوەی 10–15 ساڵ قیستی خانووەکان وەردەگرێتەوە.
– حکومەت 40% قەرزی سندوقی نیشتەجێبوون دەداتە گەنجانی خوار تەمەن 30 ساڵی کە ژیانی هاوسەریان پێکهێنابێ.

وتەبێژی کۆمپانیای هەپی لاندیش ئاماژە بەوەدەدات کە پرۆژەیەکی دیکەیان هەیە بۆ دروستکرنی خانوو بۆ چینی کەمدەرامەت "ئێستا نمونەیەکمان دروستکردووە زەوییەکەی هەر 200 مەترەو رووبەری بیناکەی 86 مەترەو بە نرخێکی هەرزان دەدرێتە هاووڵاتیان و بەخزمەتگوزارییەکانیشەوە لە 30 هەزار دۆلار تێناپەڕێت، ئەویش هەر بەقیست دەدەینە خەڵک، بەدڵنیاییەوە دەڵێم دەتوانین تاوەکو 20 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دروستبکەین و بەو شێوەی ئێستا هەمانە لەکۆمەڵگای لاواندا".

جێگری بەڕێوەبەری کۆمپانیای هەپی لاند، لەبارەی سندوقی نیشتەجێبوونیشەوە گوتی "لەبەر ئەوەی پارەکە بۆ ئەو پرۆژانەیە کە نرخی خانووەکانیان لە 50 هەزار دۆلار زیاتر نەبێ، بۆیە نرخی خانووەکانمان لە 56 هەزار دۆلارەوە کردە 50 هەزار دۆلار، بۆ ئەوەی قەرزەکە پرۆژەکەی ئێمەش بگرێتەوە".

گوتیشی "ئەگەر حکومەت 40%ی پارەی خانووەکە بدات، ئێمە هیچ پێشەکییەک وەرناگرین، چونکە ئێستا حکومەت پێشەکییەکە دەدات، ئەو 60%ی دەمێنێتەوە ئێمە بە قیستی 10 تاوەکو 15ساڵ لەخاوەن خانووی وەردەگرینەوە، واتە لەو حاڵەتەدا هاووڵاتییان هیچ پێشەکییەک نادەن".

لەبارەی ئەوەی کە سندوقی نیشتەجێبوون پرۆژەکانی کۆمپانیای هەپی لاند دەگرێتەوە، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان "ئەو پرۆژەیە خانووەکانی کۆمەڵگەی لاوانیش دەگرێتەوە"، گوتیشی"حاڵەتی تایبەتیمان بۆ هیچ کۆمپانیایەک نییە، پرۆژەکە دەدرێت بەو کۆمپانیایەی کاردەکات".

بەپێی رێنماییەکانی سندوقی نیشتەجێبوون، هەر گەنجێک تەمەنی لە 30 ساڵ بەرەو خوار بێت، یان دانیشتووی قەزاو ناحیەکان بێ، یان کەسوکاری شەهید بێ، بەمەرجێک ژیانی هاوسەری پێکهێنابێ، ئەوا حکومەت لە 40%ی نرخی خانووەکەی بە قەرز دەداتێ.

نەجات باپیر، سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، ئاماژەی بەوەدا کە پرۆژەی کۆمەڵگای لاوان بیرۆکەی ئەوان بووە، بەڵام بەهۆی زۆری پێشەکییەکەیەوە لاوان نەیانتوانی بەشێوەیەکی باش سوودی لێوەرگرن، ئێستاش لە هەوڵی وەرگرتنی ئەو قەرزە داین لەسندوقی نیشتەجێبوون. نەجات گوتی "حکومەتی کوردستان 30%ی نرخی خانووەکان بۆ لاوان خەرجدەکات و ئەمەش ئاسانکارییەکی گرنگە بۆ ئەوەی لاوان بەشێوەیەکی باشتر لەو پرۆژەدا سوودمەند بین".

# تاران، ئەوروپا نزیکەکەی گەنجانی کورد

**نەوزاد مەحمود**
**رووداو-سلێمانی**

حەسەن و 3 هاوڕێکەی، لە خۆ ئامادە کردندان بەمنزیکانە خۆیان بگەیەننە پایەتەختی ئێران، کە بەقسەی هەموو دۆستە ئێران دیتووەکانی حەسەن، ئەو پایەتەختە ئەوروپایەکی نزیک و بێ سەر ئێشەیە "دەبێ 2008 تەواو نەبێ بگەینە ئەوێ و زوخاوە زۆرەکانی ئەم وڵاتە بەحەفتەیەکی ئەوێ لەکۆڵ خۆمان بکەینەوە".

هاوشێوەی ئەم گەنجە بێزارە، رۆژانە چەندین گەنج لەکوردستانەوە، بەرەو ئەوروپایەکی فارسی بەڕێدەکەون و قەرەبوی شکستەکانی رۆحی خۆیانی پێدەکەنەوە "بۆ ئێمەی هیچ نەدیو، ئەوروپاش هەر ئەوەندەی تاران خۆشە، بەڵام ئەوەی کە جیایان دەکاتەوە، ناوەکانیانە".

دوای تێپەڕینی 17 بەسەر کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی رژێمی روخاوی بەعس لەکوردستان، ئەگەرچی بەردەوام گوتاری سیاسی کوردی ئاماژە بەئارامی و پێشکەوتنی ئیداری و کۆمەڵایەتی دەدەن لەکوردستان، کەچی لێشاوی هەڵاتنی گەنجان بەردەوامە، لەساڵانی رابردوشدا سەتان گەنج بەدەستی جەندرمەکانی تورک و نەهەنگەکانی دەریای ئیجە، کۆتایی بەژیانیان هاتووە، ئێستا ژمارەی ئەو گەنجانەی، کەنیشانەیان لەتارانی پایتەختی کۆماری ئیسلامی ئێران گرتووە، هیچیان لەژمارەی ئەوانە کەمتر نییە، کەنەگەشتنە ئەوروپا.

لەسەردەمی شەڕی 8 ساڵی نێوان ئێران و عێراقدا، وەزیری بەرگری ئەوسای ئێران لەراپۆرتێکدا کە بۆ خومەینی، سەرۆک کۆمار نووسیبووی، رایگەیاندبوو کە چیتر ناتوانن درێژە بەشەڕ بدەن، ئەگەر حکومەت مشورێکی چەک و جلوبەرگ و پێویستی جەنگاوەرەکان ئامادە نەکات، دوای تێپەڕینی 20 ساڵ بەسەر ئەو جەنگەدا، هەنوکە ئەو وڵاتە بووەتە ئەوروپا نزیکەکەی گەنجانی کورد.

مەریوان عەلی، لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، وەک خۆی باسیکرد ماوەی یازدە رۆژ، بەپارک و بازاڕو شوێنە گشتییەکانی ئەو شارەدا سوڕاوەتەوەو بۆتام و چێژە لەدەستچووەکانی ژیانی گەنجێتی خۆی گەڕاوە، گوتی "لەو ماوەیەی لەتاران بووم، یەک چرکە بیری وڵاتەکەی خۆم نەکردەوەو یەک کەناڵی کوردیشم نەکردەوە، بۆ ئەوەی تا دەگەڕێمەوە ئاگام لەدەنگوباسە بێتامەکانی وڵاتەکەم نەبێت، بەردەوام دەگەڕام و دەمویست هەموو شتێک ببینم، چونکە دەمزانی کە هاتمەوە، ئیتر هەرناخۆشی و ناشیرینی و بێزاری دەبێتەوە بەبەشمان".

بەبڕوای مەریوان، جگە لەکورد، خەڵکێکی زۆریش لەناوچەکانی ناوەراست و باشوری عێراقەوە دەڕژێنە تاران و رۆژانێکی زۆر لەوێ دەمێننەوە، کە ئەوانیش شەڕوشۆڕی سەرجادە سیاسییەکانی بەغدا کەنەفتی کردوون و چاوەکانیان پڕبووە لەلافیتەی رەش.

بەدەرلەسەفەری کات بەسەربردنی گەنجان، تاران دوا وێستگەی ئومێدی ئەو نەخۆشە کوردانەشە،کە دوای خەرج کردنی پارەیەکی زۆر، نۆڕینگە و نەخۆشخانە پزیشکییەکانی کوردستان نەیتوانیوە، چارەسەری یەکجاری نەخۆشییەکانیان بکات.

دوای پەنابردن بۆ هەموو نەخۆشخانەو پزیشک و پیاوچاکانی هەرسێ شارەکەی کوردستان، هارون جەعفەر، خوشکە نەخۆشەکەی، کە نەخۆشی دەماغی هەیە، گەیاندە تاران وەک خۆشی گوتی "پزیشکەکانی تاران ئەو وەڵامەیان داینەوە، کەتاوەکو ئێستا دەستمان نەکەوتبو لەکوردستان، چونکە بەشێوەیەکی پێویست بایەخیان پێداو دەرمانیان پێدا". هاروون کە 10 دانە رۆژ لەتاران ماوەتەوە گوتی "ئەوەی من لەوێ دەمبینی، ژیانێکی راستەقینە بوو، رۆحی گەنج لەشارێکی ئاوا سەوزو ئارام و جواندا نەبێت، ناسرەوێت".

فەریدە، نمونەی سەدان نەخۆشی گەڕاوەی تارانە، کەپێیانوایە گەڕان بەدوای چارەسەری نەخۆشییە قورسەکاندا لەکوردستان لە سەر ئێشە زیاتر نییە. لەبەرامبەر ئەوانیشدا، دکتۆر نەوزاد مەحمود، پزیشکی نەخۆشییەکانی قورگ و لوت، پێیوانییە کەچونی ئەو نەخۆشانە بۆ دەرەوە پەیوەندی بەلاوازی پزیشکی کوردەوە هەبێت "بەداخەوە نەخۆش، متمانەی بەدکتۆری خۆی نییە و بڕوای وایە هەر دەبێت بچێتە دەرەوە". ئەو نمونەیەکیش دێنێتەوە " نەخۆشێک چوو بووە وڵاتی ئەردەن، کاتێک هاتەوە، گوتی لەئەردەنیش هەرئەوەیان پێ گوتوم کەپێشتر لەسلێمانی پێمگوترابوو".

بەپێی ئەو ئامارەی کە لەبەردەست بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی سلێمانیدایە، لە ماوەی 8 مانگی رابردوودا 12979 کەس روویان کردووەتە تارانی پایەتەختی ئێران، کە3631 کەسیان تەنها بەمەبەستی کات بەسەربردن و گەشتیاری چونەتە ئەوێ و 9348 کەسیشیان بۆ چارەسەری پزیشکی چوون.

سالارعەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی سلێمانی بۆ (رووداو) لەبارەی سەفەری هاووڵاتییان بۆ ئێران گوتی "رۆژانە بەتێکڕایی 108کەس سەردانی ئێمە دەکەن، بەمەبەستی وەرگرتنی ڤیزا تا بچنە تاران، زۆرترینیشیان، نوسراوی پەیوەندییەکانی سۆشیالیست و یەکێتیان پێیە". گوتیشی "رێژەکە بەردەوام لەهەڵکشاندایە"

سەلاح سالار، لەماوەی ئەمساڵدا، پێنج دانە جار خۆی گەیاندووەتە تاران و هەرجارێکیش، دەیان وێنەی یادگاری لەگەڵ خۆیدا هێناوەتەوە. سەلاح دەڵێت "چەندین برادەر داوایان لێکردوم، لەگەڵ خۆم بیانبەم، چونکە بەتەواوی شارەزا بووم و خەرجیش ئەوەندە لەو وڵاتە کەمە، کە بۆ هەر جارێک تەنیا دوو سەد دۆلارم خەرجکردووە".

رێبین مەحمود، 22ساڵ، یەکێکی دیکەیە لەو گەنجانەی کە زۆر سەرسامە بەکەشوهەواو دیمەنە سەوزاییەکانی تاران،بۆیە داوا لەسەرکردەکانی وڵاتەکەی دەکات کە سەردانی تاران بکەن و بەپارک و بازاڕ و شوێنە گشتییەکانیدا بگەڕێن و ورد ببنەوە "تابزانن خزمەتکردنی گەنج چۆنە" گوتیشی "لەوە داخبارم کە گەنجی تارانی هێشتا لەحکومەتەکەی خۆیان رازی نین و پێیانوایە کەهێشتا هیچیان بۆ نەکراوە".

رێبین، لەو باوەڕەدایە کە نزیکی کلتوری فارس و کورد لەیەکتری هۆکارن بۆ سەفەری گەنجانی کورد بۆ تاران، لەهەمانکاتدا دەڵێت "تەنیا جیاوازی نێوان ئێرەو تاران ئەوەیە کە ئەوێ بەهەشتە و ئێرەش وێرانە".

### ئاماری 8 مانگ

– لەماوەی هەشت مانگی ئەمساڵدا 12979کەس لە سلێمانییەوە روویان کردووەتە تاران.
– 9348 کەس بۆ چارەسەری نەخۆشی سەفەری تارانیان کردووە.
– 3631کەس بەمەبەستی کات بەسەربردن و گەشتیاری سەفەریان کردووە.
– رۆژانە بەتێکڕایی 108 کەس لە کوردستانەوە دەچنە تاران.



## دکتۆر فوئاد بابان، سەرۆکی لیژنەی تەندروستی پەرلەمانی کوردستان :

# ڕێژەی سکچون و رشانەوە سێ ئەوەندەی ساڵی رابردوو زیادی کردووە

**هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحمود**

**رووداو: لیژنەکەتان لەرەوشی تەندروستی کوردستان رازییە ؟**

**فوئاد بابان:** بەپێی هەموو ئەو راپۆرت و زانیاریانەی لای ئێمەن لەساڵی 1991 ەوە تا ئێستا، گەشەسەندنێکی زۆر هەیە لەهەموو لایەکەوە لە بواری پزیشکیدا، لەبواری دروستکردنی نەخۆشخانەو پەیداکردنی ئامێری پزیشکی و تاقیکاری و زیادبونی ژمارەی پزیشک و کارمەندانی تەندروستی. دەزگای زۆر و گرنگی پزیشکی هێندراون، رەنگە گرفتەکە لێرەدا ئەوەبێت، کە وەک پێویست کارمەندی پسپۆڕمان نییە بۆ بەکارهێنانی ئەو ئامێرە پێشکەوتووانە. ئێستا لەهەریەک لەسلێمانی و هەولێر، بۆیەکەمین جارە قەستەرەی دڵ دەکرێ توانای قەستەرەی دڵ هەیە، تەنیا لەسلێمانیدا 4000 قەستەرەی دڵ کراوە. هەربۆیە دەتوان بڵێی 4000نەخۆش لەچوونە ئەوروپا رزگاریبووە .ئێستا پزیشکانی سلێمانی خۆیان بۆ نەشتەرگەری دڵیش ئامادە بکەن، کەئەوەش کارێکی زۆر گەورەیە.

**رووداو: تۆ زۆر گەشبینی، بەڵام زۆرجاریش پەتای زۆر مەترسیدار لە کوردستان بڵاودەبنەوە، لەوبارەوە چ دەڵێن؟**

**فوئاد بابان:** لەبیرت نەچێت ئێمە بەشێکین لەجیهانی سێیەمی دواکەوتوو. ئەو پەتایانە کەڵەکەبووی چەندین ساڵەن، کەبەشێوەیەکی زانستیانە چارەسەر نەکراون. ئەو پەتایانەی تۆباسی دەکەیت، زۆرینەیان لەئەنجامی ئاو وئاوەڕۆ ورێگەوبانەوەیە. گرفتەکە تەنیا لەرووی تەندروستییەوە نییە. ئەگەر تۆ تەماشای ئاماری قوربانییانی خراپی رێگەوبان بکەی دەبینی قوربانییەکانی هیچ نەخۆشییەک ناگەنە ئەو رادەیە .لە سلێمانی لەماوەی 20 ساڵدا 800 هەزار کەسی زیادبووە، لە کاتێکدا ئەو ژمارە زۆرە خاوەنی هەمان رێگەوبان و خزمەتگوزارییەکانی ئەوکاتەن و ئەمە پێویستی بەکارکردنی بەردەوام هەیە. ئێمەناتوانین ئەو جۆرە کێشانە بەیەکجاری بنەبڕبکەین.

**رووداو: وەزیری ژینگە، چەند جارێک حکومەت‌وپەرلەمانی‌لەزیانەتەندروستییەکانی ئەو کارگانە ئاگادارکردووەتەوە، کەلەنزیک شارەکاندان، بۆچی وەک پێویست کارتان لەوبوارەدا نەکردووە ؟**

**فوئاد بابان:** وەزارەتی ژینگە یاسای پارێزگاری و پەرەپێدانی ژینگەیان ماوەیەکی کەمە هێناوەتە پەرلەمان. لەمەودوا هەموو پرۆژەکان، دەبێت بەپێی رێنمایی و یاساکانی وەزارەتی ژینگە کاربکەن.

**رووداو: پەرلەمان یاسای قەدەخەکردنی جگەرە کێشانی لە شوێنە گشتییەکان دەرکرد، بەڵام بەداخەوە لەلایەن خەڵکەوە پێشوازی لێنەکرا و دەگوترێ هەندێک لەپەرلەمانتارەکان لەناو پەرلەمانیشدا جێبەجێیناکەن و جگەرە لە نێو بینایەی پەرلەماندا دەکێشن؟**

**فوئاد بابان:** ئەمە خویەکە لەهەموو دونیادا، ئەندامانی پەرلەمانیش بەشەرن و لەئاسمانەوە دانەبەزیون و لەناو ئەو کۆمەڵگەیەوە هاتوون. تۆ ناتوانی رێگە لەخەڵک بگری و بڵێی نابێت کەس جگەرە بکێشێت،بەڵام تۆ بۆت هەیە رێنمایی پێشکێشی خەڵک بکەی و خەڵک وشیار بکەیەوە.

**رووداو: بەڵام هێشتا لەزۆربەی شوێنە گشتییەکان خەڵک جگەرەدەکێشێت و یاساکە پێشێلدەکرێت؟**

**فوئاد بابان:** ئەو یاسایە چەند ساڵێکی دەوێت تا لە ناو خەڵکدا بچەسپێت و کاری پێبکەن. ئەگەر خەڵک بۆخۆی نەگاتە ئەو قەناعەتەی جگەرەکێشان خراپەو زیانی زۆرە، یاساکە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت. ئێستا، وەک باس دەکرێت لەناو شاری سلێمانیدا مانگانە ملیۆنێک دۆلار بە جگەرە دەدرێت، ئەمە جگە لە زیانە تەندروستییەکانی، زیانێکی زۆریشە لەرووی ئابوورییەوە.

ئێمە تەنها یاسایەکمان دەرنەکردووە،بەڵکو من خۆم بەدواداچوونم کردووەو سەردانی وەزارەتی ناوخۆم کردووە و قسەم لەگەڵ کردوون، ئێستا هەردوو وەزارەتی ناوخۆ بەهەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی سەرقاڵی گرتنەبەری رێوشوێنی جیدین‌بۆجێبەجێکردنی یاساکە. دەبێت بزانین کە جگەرە کێشان یەک لەهۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی شێرپەنجەیە و لەساڵی رابردوودا 1607کەس لەشاری سلێمانی بە نەخۆشی شێرپەنجە ناویان لەنەخۆشخانە تۆمارکراوە. لەچوارمانگی ئەمساڵیشدا 283 کەس تووشی شێرپەنجە بوون.

**رووداو: چەند جارێکە لەسلێمانی، دیاردەی تێکەڵبوونی ئاوی خواردنەوەو ئاوەڕۆ، نەخۆشی سکچون و رشانەوە بڵاودەکاتەوە. بۆچی تائێستا لێپرسینەوەتان نەبووە لەگەڵ وەزیری شارەوانی و لایەنە پەیوەندیدارەکان؟**

**فوئاد بابان:** ئێمە بەردەوام بەشوێن ئەو مەسەلەوەین و لەیەکێک لەکۆبوونەوەکانی پەرلەماندا، وەزیری شارەوانیمان بانگکرد و هەرئێستاش لەگەڵ بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاو کۆبوونەوەمان هەیە، سەبارەت بەکێشەی ئاو و ئاوەڕۆ ودوو رۆژ لەمەوبەریش، بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی سلێمانیمان بانگکرد و داوامان لێکردوون ئەو بارودۆخە روون بکەنەوە. بەنیسبەت نەخۆشی گرانەتاو سکچون و رشانەوەوە لەشاری سلێمانی، بۆمان دەرکەوت کە لەئەمساڵدا، سکچون و رشانەوە سێ ئەوەندەی ساڵی پارە. گرانەتاش دوو ئەوەندەی ساڵی پارە.

لەمانگی 4 تامانگی 7ی ئەمساڵ، 12060 حاڵەتی سکچون و رشانەوە لە سلێمانی تۆمارکراوە، لەکاتێکدا لەهەموو ساڵی رابردوودا 13429 کەس تووشی سکچون و رشانەوە بوون. بەنیسبەت گرانەتاشەوە، لەساڵی رابردوودا 512کەس لەسلێمانی تووشبوون و لەماوەی حەوت مانگی ئەمساڵیشدا 440کەس تووشی گرانەتا بوون. بەپێی ئەو بەدواداچوونەی کردوومانە، هۆکاری سەرەکی ئەو نەخۆشییانە دەگەڕێتەوە بۆ پیسی ئاو و خۆراک و نەبوونی هوشیاری تەندروستی لای هاووڵاتیان. راگرتنی خاوێنی شوێنە گشتییەکانیش ئەرکی هەموو هاووڵاتیانە نەک تەنیا بەشی چاودێری تەندروستی. تاوەکو ئاوی پاک لەم وڵاتەدا دابین نەکرێت، ئەم نەخۆشییانە هەر بەردەوام دەبن.



فوئاد ئەحمەد بابان

—دەرچووی ساڵی 1965 کۆلیژی پزیشکی زانکۆی بەغدایە.

—ساڵی 1971 بروانامەی دیپلۆمی لە نەخۆشی هەناو لە بەغدا وەرگرتووە.

—هەڵگری بروانامەی هاورێیەتی کۆلێژی پزیشکی پاشایەتییە لەبەریتانیا.

**رووداو: تۆ بۆخۆت، لە خواردن و خواردنەوەکانی ناوبازاڕ رازیت؟**

**فوئاد بابان:** ئەو خراپەش نییە.

**رووداو: باشە تۆخۆت ئامادەیت، لەناوبازاڕە میللییەکە خواردن بخۆیت ؟**

**فوئاد بابان:** من ئەگەر دڵنیا نەبم لەخاوێنییەکەی، نا. چونکە دەبێ بزانم لەکوێ خواردن دەخۆم.

**رووداو: رۆژانە بەلێشاو خواردن و خواردنەوەی بەسەرچوو لەسنوورەکانەوە دێتە ناوهەرێمی کوردستان، بۆئەمەیان چیتان کردووە ؟ خەڵک لەو باوەڕەدان لیژنەی تەندروستی پەرلەمان، لێپرسینەوەی نییە لەوبارەوە ؟**

**فوئاد بابان:** ئاگامان لەوەیە، کە ماوەیەکی زۆرە وەزیری تەندروستی و پلاندانان و بازرگانی بەگەرمی خەمی دامەزراندنی دەزگا و تاقیگەی چاودێری جۆری دەخۆن. پێش ماوەیەک، لەپەرلەمان هەمووئەولایەنە پەیوەندیدارانەمان بانگ کرد وخۆشبەختانە ئێستا دووفەرمانگەی کۆنترۆڵ لەکوردستان دامەزراون، کەیەکیان بۆ دەرمانەو ئەویتریان بۆ خواردنە. ئەوانە هێشتا لەسەرەتای کاردان. من هاووڵاتیان دڵنیا دەکەمەوە، کەماوەیەکی دیکە هەموو جۆرە شمەک و خواردنێکی هاوردە، کۆنترۆڵ دەکرێت و بارودۆخەکە بەوشێوەیە نامێنێتەوە. بەڵام هێشتا پێویستمان بەهاوکاری هاووڵاتیان و بازرگانەکانە.

**رووداو: شارەزایەکی بواری ژینگە دەڵێت، لە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا، تا 100 پشکنین بۆئاو نەکرێت، بڕیاری خواردنەوەی نادرێت، کەچی لەکوردستان بە 15پشکنین ئەو بڕیارە دەدرێت ؟**

**فوئاد بابان:** ئەو جۆری پشکنینانە پەیوەستە بەرادەی پێشکەوتن و ئامێرەکان. پەیوەستە بەئاستی شارەزایی کادرە تەندروستییەکانت. چونکە هەندێک ئاو هەیە هەرلەبنەڕەتدا بۆ خواردنەوە ناشێت .ئێمە لەکوردستان سەرچاوەی ئاومان زۆرە کە سوودیان لێ وەرنەگیراوە. هەتا سەرچاوەی ئاوت زیاتر بوو، پشکنینی زیاتری بۆدەکرێت و داواش دەکەین لەتاقیگەکان، بایەخی زیاتر بەپشکنینی ئاو بدەن.

**رووداو: باس لەوەدەکرێت کە لە دەوروبەری سلێمانی، هەندێک لەجوتیارەکان سەوزەکانیان بەئاوەڕۆ ئاو دەدەن.ئێستا زۆربەی پزیشکەکانیش خواردنی سەوزە لەنەخۆشەکانیان قەدەخە دەکەن ؟**

**فوئاد بابان:** مەسەلەی قەدەخەکردنەکە لەبەر خراپی سەوزە نییە، بەڵکو لەخراپی پەروەردەکردنی سەوزەکەیە. دەزانین لەشاری سلێمانی و زۆر جێگەی دیکە ئاوی پیس بەکاردەهێنرێت بۆسەوزە و ئێمە دوێنێ بۆ ئەو مەبەستە سەردانی بەڕێوەبەری شارەوانی سلێمانیمان کرد و بەڵێنیان داوە، کە بەدوایدا بچن و ئەوجوتیارانە سزابدەن. بەدەر لەوەش شارەوانی سلێمانی وتیان، چەندین کۆمپانیای بیانی پەیوەندییان پێوەکردون تا خاوێن کردنەوەی ناوشاری سلێمانی لەئەستۆ بگرن و خاشاکەکە بەکاربهێننەوە، تازیانی بۆسەر ژینگە نەبێت. بەراستی نایشارمەوە، ئێمە کێشەمان زۆر زۆرە، بەڵام چارەسەری هەموو کێشەکان دەدۆزینەوەو کاری لەسەر دەکەین.

**رووداو: تائێستاش لەنەخۆشخانەکان وەک پێویست بایەخ بەچاودێری تەندروستی هاوسەرێتی نادرێت، کەدەبێت هەموو کوڕ و کچێک پێشوەختە، پشکنینی خوێنیان بۆبکرێت، ئەوجا دادوەر بڕیاری هاوسەرێتیان قبوڵبکات. بۆئەمەش یاسایەکتان دەرکرد، بەدوایدا چوون تابزانن نەخۆشخانەکان تاچەند کار بەویاسایە دەکەن ؟**

**فوئاد بابان:** ئەویاسایە زۆر گرنگ بوو چونکە بەو یاسایە، دەتوانین رێگە لەنەخۆشی تالاسیمیا بگرین، کەنەخۆشییەکی بەربڵاوی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. هەرپزیشکێک بەجیدی پشکنینی خوێن بۆ ئەو کوڕوکچانە نەکات کەدەیانەوێت ژیانی هاوسەری پێکبهێنن، ئێمە بەسەرپێچی دادەنێین. ئەگەر هاووڵاتیان بزان چ کارەساتێک دروست دەبێت، کەپشکنینی پێشوەختەی هاوسەرێتی ئەنجامنەدەن، لەگرنگی یاساکە تێنەگەشتون. ئەگەر ئەو دوو کەسە هەڵگری ئەو جیناتە بن، منداڵەکانیان بەنەخۆشی و ناتەواوی لەدایک دەبن. ئێستا لەکوردستان، نزیکەی 3000نەخۆش هەیە لەئەنجامی ناتەبایی خوێنی دایک و باوکیانەوە نەخۆشن و ئەمە زیاتریش دەبێ ئەگەر ئەو کەسانە هوشیارییان نەبێت و بایەخ بەپشکنینەکان نەدەن. خۆئەگەر کوڕ و کچ، خزم و کەسی یەکتر بن، زۆرخراپە.

---

# دەردە کوشندەکە

## لەکوردستان 7 هەزار کەس کێشەی نەزۆکیان هەیە

**زیاد ئیسماعیل**
**رووداو- هەولێر**

بەهەمان شێوەی بەشێک لەخزم و کەسەکانی، کاوە کەریم، 27ساڵ، دوای دوو ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ژنهێنانەکەی تا ئێستا منداڵی نەبووە، هەرچەندە سەردانی چەندین دکتۆری کردووە و نەشتەرگەریشی بۆ کراوە، بەڵام هەروا بێ منداڵە.

کاوە، بەردەوام لەلایەن دۆست و خزمانی سەرکۆنە دەکرێت، بەوەی نەزۆکەو توانای خستنەوەی وەچەی نییە، لەبەرامبەر ئەو سەرکۆنەکردنە رۆژانەیەی کە کاوە رووبەڕووی دەبێتەوە ئامادەیە هەموو دارایی و موڵکی خۆی دابنێ، بۆ ئەوەی "چیدیکە نەکەوێتە بەر توانجی خەڵک".

ئەو سەردانی زۆر رێکخراو و نۆرینگەی تایبەت بەنەخۆشییەکانی نەزۆکی کردووە، بەڵام بێئومید بووە لەچارەسەرییەکەی، لەسەر چوونی بۆ ئەو رێکخراوو نۆرینگانە کاوە دەڵێ"ئەوە تەنیا کات کوشتن و هاموشۆکردنێکی بێ ئەنجامە".

پێناسەی منداڵ نەبوون یاخود نەزۆکی لەروانگەی زانستییەوە بریتییە لە :تێپەڕبوونی ماوەی یەک ساڵ بەسەر پێکهێنانی خێزان بەبێ ئەوەی توانای منداڵبوونیان هەبێت، بەمەرجێک هیچ هۆکارێکی منداڵ نەبوون بەکارنەهێنن.

زۆربەی ئەو پیاوانەی منداڵیان نابێت واتێدەگەن منداڵ نەبوون پەیوەندی بەپیاوەوە نییە و هەمووی پەیوەستە بە ژنەکەوە، بۆیە ئامادە نین سەردانی دکتۆرەکان بکەن و تەنیا هاوسەرەکانیان دەنێرنە لای دکتۆر، لەکاتێکدا زانیارییە زانستییە نوێیەکان سەلماندوویانە منداڵ نەبوون بێ جیاوازی پەیوەندی بەهەردوو رەگەزەوە هەیە، بەوتەی دکتۆرەکان "ئەگەر نەزۆکی لەپیاو بێت رەنگە چارەسەرکردنی زۆر زەحمەتتر بێ وەک لەئافرەتدا".



دکتۆر فاتیح بالیسانی، کە لە تاقیگەی سایە کاری پشکنین ئەنجامدەدات، لەوبارەوە بۆ (رووداو) گوتی"زۆربەی کات ئافرەتان سەردانمان دەکەن نەک پیاوان چونکە بەپێی داب و نەریتی کوردەواری پیاوان پێیان شەرمە بۆ پشکنین سەردانمان بکەن". ئەو گێڕایەوە کە " دکتۆرێک بە مەبەستی پشکنین پیاوێکی بۆ تاقیگەکەمان رەوانە کردبوو، دوای پشکنین لەهەڵسوکەوتی پیاوەکەوە بۆم دەرکەوت ئەو لەجیاتی کەسێکی دیکە هاتووەو کەسەکەی دیکە لەشەرماندا ئەم فەقیر حاڵەی ناردبوو".

بنکەی چارەسەرکردنی نەخۆشی منداڵ نەبوون لەساڵی 2003 لە هەولێر کراوەتەوە، کە پێشتر بنکەیەکی بچووک بوو لەنێو یەکێک لەبنکە تەندروستییەکانی هەولێر. بەپێی دوایین ئاماری بنکەی چارەسەرکردنی منداڵ نەبوون 3600 لەو کەسانەی نەزۆکن فایلیان لەبنکەکە بۆ کراوەتەوە و زۆر لەو کەسانەی هاموشۆی بنکەکەش دەکەن دوای چەند مانگێک لەبەر بێ هیوا بوون سەردان ناکەنەوە.

ئەژین ئیسماعیل،ئەو دکتۆرەیە کە بەڕێوەبەرێتی ئەو بنکەیە دەکات. ئەو گلەیی لەکەمی دابینکردنی پێداویستییەکانی بنکەکە دەکات و لەهەمانکاتیشدا دەڵێت " ئەم بنکەیە تاکە بنکەیە لەهەولێر کە بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەزۆکی کراوەتەوە".

وەک پێویستییەک بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەسانەی کە نەخۆشی نەزۆکیان هەیە لەساڵی 2000 چەند کەسانێک کە هەمان نەخۆشییان هەیە کۆمەڵەیەکیان بەناوی کۆمەڵەی (ئاوات — بۆ چاودێری و چارەسەری نەخۆشییەکانی منداڵ نەبوون) دامەزراند، ئەو کەسانەی لەلای ئەو کۆمەڵەیە ناویان تۆمارکراوە تەنیا لەهەولێر نزیکەی 4 هەزار کەسە و لەهەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان ژمارەیان 7 هەزارە. هەموو منداڵ نەبووێک بۆی هەیە ببێتە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە و دوای ئەوەی منداڵی بوو، ئیدی مافی ئەندامێتی نامێنێ، چونکە دەچێتە ریزی "بە ئاوات گەیشتووەکان". یەکەم کەس کە مافی ئەندامێتی لێسەندرایەوە بەوهۆیەوە میقداد عەلی سەرۆکی کۆمەڵەکە بوو.

بێگومان ژمارەی منداڵنەبووان لە کوردستان زۆر لەوە زیاترە، بەڵام هەندێکیان ناچنە بنکە تایبەتەکان و کۆمەڵەی ئاوات.

سوندس نادر پیرداود، جێگری سەرۆکی کۆمەڵە و دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ئاوات، بە (رووداو)ی راگەیاند "تا ئێستا نزیکەی 55کەس لەم کۆمەڵەیە چارەسەرکراون".

بەپێی قسەی سوندوس لەسەر داوای کۆمەڵەی ئاوات سەنتەری IVF کە تایبەتە بەنەزۆکەکان کراوەتەوە، بەڵام ئەوان تاوەکو ئێستا وەکو پێویست سوودیان لێوەرنەگرتووە ئەویش بەهۆی زۆری تێچووی چارەسەری بەو ئامێرە، سوندوس گوتی "سەرەتا بۆ چارەسەرکردن داوای 3 هەزار دۆلاریان کرد، بەڵام دوایی کردیانە 7 هەزار دۆلار"، هەروەها گوتیشی " 80 ئەندامی ئێمە سەردانی ئەو سەنتەرەیان کرد، تەنیا 3 کەس سوودیان لێوەرگرت، پارەش لەهەموو ئەو کەسانە وەرگیراوە کە منداڵیان بووە و نەبووە".

وەک سوندوس ئاماژەی پێدا کێشەی دارایی گرفتی سەرەکی کۆمەڵەکەیانە "بودجەی کۆمەڵەکەمان تەنیا دوو ملیۆن دینارە، هەموو ئەندامەکان خۆبەخش کار دەکەن، وێڕای ئەوەی پارە لەهیچ ئەندامێک وەرناگرین، 50%ی پارەی چارەسەری و دەرمانی نەخۆشی نەزۆکیشیان بۆ دابین دەکەین".

لەپێناسەی زانستییەوە بەو کەسە دەگوترێت نەزۆک کە بەهیچ شێوەیەک منداڵیان نابێ جا چ پیاو بێ یا ئافرەت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەریەک لەهێلکەدانی ژن یاخود گونی پیاو تەواو نییە و خانە دروستناکات. هۆکارە دەرەکیەکانیش بریتین لەهەوکردن، رووداوی ئۆتۆمبێل، کەسێک فتقی هەبێ، بە هەڵە ئەنجامدانی نەشتەرگەری.

دکتۆرە عەتیە...، پسپۆر لەنەخۆشییەکانی ئافرەتان و نەزۆکی، سەرۆکی بەشی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و نەزۆکی لە نەخۆشخانەی رزگاری لە هەولێر ئاماژەی بە دوو جۆر نەزۆکی کرد "یەکەمیان بەهیچ شێوەیەک توانای منداڵ بوونیان نییە، جۆرەکەی دیکەش لەگەڵ ئەوەی نەزۆک نین، بەڵام منداڵیان نابێ و کێشەی منداڵبوونیان هەیە". هەروەها گوتی " لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا 54 کەسمان ناونووسکردوە کە نەزۆکن و لەهیچ شوێنێکی دونیا چارەسەریان نییە، ئەم رێژەیەش زۆرە".

ئەو پسپۆڕەی منداڵ نەبوون باسی لەوەشکرد کە 541 کەس لەلایەن ئەوانەوە بیندراون کە لەجۆری دووەمن واتە چارەسەریان هەیە بۆ ئەوەی منداڵیان ببێ لەم ژمارەیەش لەئەنجامی نەشتەرگەری و پێدانی دەرمان 52 کەس سەرکەوتوو بوون "ئەمەش رێژەیەکی زۆرباشە لەباشترین سەنتەری دونیا 30%-25سەرکەوتوو بووە".

فەقیر حالی

دکتۆر فاتیح بالیسانی، لە تاقیگەی سایە دەگێڕێتەوەو دەڵێ :دکتۆرێک بە مەبەستی پشکنین پیاوێکی بۆ تاقیگەکەمان رەوانە کردبوو، دوای پشکنین لە هەڵسوکەوتی پیاوەکەوە بۆم دەرکەوت ئەو لەجیاتی کەسێکی دیکە هاتووە و کەسەکەی دیکە لەشەرماندا ئەم فەقیر حاڵەی ناردبوو.



هێلکاری منداڵدانی ئافرەت و جۆری پیتاندنی هێلکە بە هۆی ئامێری پزیشکی دەستکرد بۆ منداڵبوون

### منداڵنەبوون و ئامارەکانی:

- بەو کەسە دەگوترێت نەزۆک کە بەهیچ شێوەیەک منداڵیان نابێ .
- ئەگەر نەزۆکی لەپیاو بێت، چارەسەرکردنی زەحمەتترە .
- بەپێی داب ونەریت پیاوان پێیان شەرمە بۆ پشکنین سەردانی دکتۆری تایبەت بکەن.
- کۆمەڵەی ئاوات لە کوردستان 7000ئەندامی منداڵنەبووی هەیە.
- بنکەی چارەسەرکردنی منداڵ نەبوون لە هەولێر 3600 دۆسیەی منداڵنەبووانی لەلایە.

# هەمەجۆر



## خۆجوانکردنی ژنان دژوارە

**رووداو- ئاژانسەکان**

**لەرا پرسییەکی رۆژنامەی (دەیلی تەلەگراف)ی بەریتانیدا، ژنان نزیکەی 3276 کاژێر لە ژیانی خۆیان بۆ خۆجوانکردن تەرخان دەکەن، کەچی پیاوان تەنیا نزیکەی 1092 کاژێری ژیانیان بە خۆجوانکردنەوە خەریکدەبن. لەو راپرسیەدا کە 1000 ژن بەشدارییان تێداکردووە، دەرکەوتووە کە 67%ی ژنان ئەو ماوەیە بە شتێکی زۆر دژوار دەزانن و تەنیا 3%ی ژنان چێژ لەو کاتە وەردەگرن کە تێیدا بەخۆجوانکردنەوە خەریک دەبن . هەروەها ژنەکان بۆ خۆشوشتن و سەرداهێنان پێویستیان بە نیو کاژێر هەیەو لەگەڵ 20 خولەک بۆ سووراوکردن و 15 خولەکیش بۆ جوانکردنی نینۆکەکانیان.**

# کاوە بەشەنگەوە دێتەوە

**نەوزاد چارلس**
**رووداو- هەولێر**

ماوەیەک لەمەوبەر هونەرمەندی باکووری کوردستان کاوە سەردانی باشووری کوردستانی کرد، بەمەبەستی تەواوکردنی کاری سیدییەکەی و ئەنجامدانی چەند کۆنسێرتێک.

کاوە لەلێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند کە سیدیە تازەکەی بەناوی (شەنگ)ەو لە 13 گۆرانی پێکدێ، کە بە هاوکاری هەردوو کۆمپانیای (میرموزیک) لەئەورووپا و (کۆم موزیک)لەتورکیا بەرهەمدێت.

کاوە کلیپی بۆ یەکێک لەگۆرانییەکانی نێو بەرهەمە تازەکەی لەکوردستان دروستکردووەو لەوبارەیەوە دەڵێ "بەهاوکاری دەرهێنەر حوسێن حەسەن توانیم گۆرانی (راستی) کلیپبکەم، کلیپەکەش لەچەند ناوچەی کوردستان وێنە گیراوە".

کاوە هەروەها گوتیشی لەو مانگەدابەرهەمە نوێیە کەی بڵاودەکاتەوە و دوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکەشی چەند کۆنسێرتێک لە باشووری کوردستان و پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەنجامدەدات.



# لە شیراز حەرامە



**رووداو- تاران**

دوای ئەوەی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئێران رێگەی نەدا کامکارەکان ئەلبوومە نوێیەکەیان لەئێران بڵاوبکەنەوە، ئەمجار رێگەیان نەدا کۆنسێرتیش بگێڕن.

هۆشنگ کامکار سەرپەرشتی گرووپی کامکارەکان رایگەیاند کە وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی حکومەتی ئێران رێگەی پێنەداون کۆنسێرت لەشاری شیراز ساز بکەن، کە بڕیاربوو لەم هەفتەیەدا سازی بکەن. گوتیشی "رێگەمان پێدەدرێ لەوڵاتانی دەرەوە کۆنسێرت سازبکەین و هیچ کێشەیەکمان نییە، بەڵام بەداخەوە لەئێران بۆ مۆڵەت وەرگرتن کێشەمان بۆ دروست دەبێ و رێگەمان پێنادەن".

هەروەها ئاماژەی بەوەکرد کە گرووپەکەیان لەرۆژانی 23 و 2008/9/24 لە فێستیڤاڵی موزیکی لەندەن بەشدار دەبێ و کۆنسێرت ساز دەکەن.

# مێرد دەنێرنەوە کوردستان و ژن و منداڵ دەهێڵنەوە

**رووداو- گاردیان**

پیاوێکی کورد بەنێوی ئارام عومەر کە باوکی دوو منداڵەو 9 ساڵە لەبەریتانیا دەژی، دەستگیرکراو بڕیاردرا بنێردرێتەوە کوردستان، بەڵام شاناز عەلی هاوسەری و کوڕە تەمەن 7 ساڵییەکەی رێگەیان پێدەدرێت لەبەریتانیا بمێننەوە.

هێمن محیەدین لەکۆمیونێتی کوردییەوە کە بە کەیسەکەی ئارامەوە سەرقاڵە، ئەو بڕیارەی بەریتانیای سەرکۆنە کردو گوتی "رۆژ نییە لەعێراق خەڵک نەکوژرێ و نەرفێندرێ، ئیتر چۆن دەکرێ خەڵک بنێردرێتەوە". گوتیشی "بەپێی مادەی 8ی دەستووری ئەورووپا بەرگری لەئارام عومەر دەکەم، ئەو مادەیە باس لە پاراستنی مافی تاکەکەس لە ژیانی تایبەتی و خێزانیدا دەکات لەدژی دەستتێوەردانی دەوڵەت".

# کەژاڵ فروخ زیندوو دەکاتەوە



**رووداو- سوێد**

کچە گۆرانیبێژی سەقزی کەژاڵ ئادەمی نوێترین بەرهەمی خۆی بڵاوکردەوە کە شیعرێکی ژنە شاعیرێکی فارسی کردووەتە کوردی و گۆرانییەکی شادی لێ بەرهەمهێناوە، ناوی گۆرانییەکە تائێستا دیاری نەکراوە.

کەژاڵ ئادەمی، کە خەڵکی شاری سەقزی رۆژهەڵاتی کوردستانە، دوای ئەوەی ماڵپەڕێکی ئینتەرنێتی تایبەتی بۆ بەرهەمەکانی کردەوە، رایگەیاند کە بەرهەمێکی نوێی لەسەر ماڵپەڕەکەی داناوە، کە ئاوازەکەی لەلایەن عەلی شەکووری دانراوەو هۆنراوەکەشی هی ژنە شاعیری فارس فروخی فەروخزادە، کە لەلایەن ئارام قەرەداخییەوە وەرگێردراوەتە کوردی.

ئادەمی ساڵی 2006 یەکەمین بەرهەمی خۆی بەنێوی (جوانترین وشە) بڵاوکردەوە کە لە 6 گۆرانی پێکهاتبوو و، لە سوێد تۆماری کردبوو.

# مەلەوانی بەحیجابەوە

**رووداو-پاریس**

لە شەقامی شانزلیزێی پاریس پیاوێکی کوێتی وێنەی سێ ژنی لەتەوقی سەرەوە تا سەرپێ داپۆشراوی دەگرت، ئەو دیمەنانە لە لای کڵیسەی دۆمی ئەڵمانیا و لە نێو شەقامی تریاککێشانی ئەمستردامیش بووەتە شتێکی ئاسایی، بەڵام هۆڵەندا دەیەوێ رێ لە مەولەوانی حیجابدار بگرێ.

مەلەوانی حیجابدار، کە خەریکە وەک دیاردە لە رێگەی هەندێ لە موسڵمانانەوە دەبێتە دیاردەیەکی نێو دەریا و مەلەوانگەکانی ئەورووپا، لە هۆڵەندا گفتوگۆکردن لەسەر قەدەخەکردنی دەستپێکردووە. ئەو ژنە موحەجەبانە کە لەگەڵ مێرد و براو باوکیان دەچنە نێو ئەو دەریایانەشەوە، کە هەندێ ئەورووپی (ژن و پیاو) بەڕووتی و بێ مایۆ مەولەوانی تێدا دەکەن . ئەو هۆڵەندییانەی پشتیوانی لە قەدەخەکردنی مەولەوانیکردن بە حیجابەوە دەکەن دەڵێن " ئەو حیجابدارانە لە نێو ئاودا زەوقی گشتیی تێکدەدەن".




# 84 ژنییەکەی بووەتە کێشە



**رووداو- ئاژانسەکان**

ئەنجوومەنی باڵای کاروباری ئاینی نایجیریا داوای لەمحەممەد بیلو ئەبوبەکری 84 ساڵ کرد کە ژمارەی ژنەکانی لە 86 ژن بۆ 4 ژن کەمبکاتەوە"ئەگینا سزای لەسێدارەدانی بۆ دەبڕدرێتەوە".

ئەنجوومەنی باڵای کاروباری ئاینی نایجیریا لەلێدوانێکدا بۆ کەناڵی BBC، راگەیاند، هاووڵاتییەک بەنێوی (محەممەد بیلو ئەبوبەکر) کە مامۆستایەو لەکۆندا وتاربێژ بووە، لەوانەیە سزای لەسێدارەدانی بۆ ببڕدرێتەوە"ئەگەر ژمارەی ژنەکانی نەکاتە 4 ژن بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلام".

محەممەد بیلو ئەبوبەکر، کە هاووڵاتییەکی موسڵمانی نایجیریایە، 86 ژن و 170 منداڵی هەیەو، محەممەد بەکەناڵەکانی راگەیاندنی گوتبوو "لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەسزا نەدراوە بۆ ئەو کەسانەی کە زیاتر لە 4 ژن دەهێنن، بەڵام دەستەی باڵای کاروباری ئایینی لەنایجیریا هێرشێکی توونیدان کردەسەرم".

# عومەر کلۆل فریایان بکەوە

**رووداو- ئەلبەدیل**

ئاشکرابوو میسر بەپێی رێککەوتنێک لەگەڵ چین هەر سێ مانگ جارێک 7300 پێستەی کەر بۆ ئەو وڵاتە دەنێرێت.

رۆژنامەکانی میسر ئاشکرایان کرد بەپێی رێککەوتنێک لەگەڵ چین، میسر هەر سێ مانگ جارێک 7300 پێستەی کەر بۆ ئەو وڵاتە دەنێرێت بەبێ ئەوەی بزانرێت گۆشتی کەرەکان چی لێدێت .

دەزگای گشتی خزمەتگوزاری ئاژەڵداری سەر بەوەزارەتی کشتوکاڵ لەنووسراوێکدا هەواڵەکەی پشتڕاستکردووەو کە بەڕێوەبەرایەتی ئاژەڵداری رەزامەندی وەرگرتووە بۆ ناردنی 7300 پێستی کەر بۆ چین لەماوەی سێ مانگدا.

سامی ئەلبیساتی سەرۆکی کۆمەڵەی زانستی ئاژەڵداری میسر گوتی "ناردنی زیاتر لە 4000 پێستی گوێدرێژ لە ماوەی مانگێکدا جێی گومانە، پاشان گۆشتی ئەو گوێدرێژانە لە چ شوێنێک بەکار دەهێنرێت".

لەچەند مانگی رابردوودا دوو کەس بەتۆمەتی دابەشکردنی گۆشتی کەر بەسەر چەند چێشتخانەیەکی بەنێوبانگی قاهیرە لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیر کران.

تا ئێستا نازاندرێت ئایا عومەر کلۆل سەرۆکی حزبی کەرانی کوردستان ئاگاداری ئەو پێشێلکاریەیە یان نا، چونکە وابڕوات کەر لە میسر نامێنێ.



# پیاوان چیتر بەمێرکڵ ناوێرن

**رووداو- فۆربیس**

بۆ ساڵی سێیەم لەسەریەک ئەنگێلا مێرکڵ راوێژکاری ئەڵمانیا نازناوی بەهێزترین ژنی لەجیهاندا بەدەستهێنا.

بەگوێرەی گۆڤاری فۆربیس، ئەنگێلا مێرکڵ راوێژکاری ئەڵمانیا بۆ ساڵی سێیەم لەسەریەک نازناوی بەهێزترین ژنی لەجیهاندا بەدەستهێنا و ئەوەش بەهۆی رێڕەوی پیشەیی و کاریگەری ئابووری و داپۆشینی لەلایەن میدیاکانەوە. بەدوای ئەودا شیلا بیر کە سەرۆکایەتی دامەزراوەیەکی ئەمریکی دەکات، دێت.

هەربەپێی ئەو گۆڤارە کۆندۆلیزا رایس، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەڕیزبەندی دەیەم ژنە بەهێزەکانی جیهاندا دێت. هەر لەڕیزبەندی یەکەم دە ژنە بەهێزەکەی جیهاندا، سەرۆکی جێبەجێکاری چەندین کۆمپانیای جیهانی تێدایە. لەنێو ژنە بەهێزەکانی جیهاندا 54 بەڕێوەبەری جێبەجێکاریی و 23 ژنە سیاسەتمەداریش هەن.



# بەختی رووداو

### کاوڕ
Mar 21-Apr 19

خۆشەویستەکەت چاوەڕێی دیارییەکت لێدەکات، بەڵام تۆ دەبێ جارێ ئەو دیاریەی بۆ نەکڕیت، تا ئەو کاتەی رۆژی لەدایکبوونی دێت، چونکە ئەوە دڵخۆشتری دەکات.

### تەرازوو
Sep 23-Oct 23

قەت وا بیر مەکەوە کە خێزانەکەت تۆیان ناوێت و خۆشیان ناوێی، ئەوان هەر کارێکیان لەدەستهاتووە بۆیان کردووی، ئێستاش پێویستە تۆ ئەو بۆچوونەی هەتە لەخۆ دووری بخەیتەوە.

### گا
Apr 20-May 20

باری داراییت بەرەو خراپبوونە، هەرچەندە بەرنامەیەکی باشت بۆ خەرجکردنی پارەکەت داڕشتووە، بەڵام بەرنامەکە بەپێی پێویست جێبەجێ ناکەیت، ئاگاداری باری ئابووریت بە.

### دووپشک
Oct 24-Nov 21

ماوەیەکە هەست بەتەنیایی دەکەی، بەڵام کەسانێک هەن بیر لەوە دەکەنەوە چۆن یارمەتیت بدەن تاکو لەو تەنیاییە رزگارت بکەن، بەڵام خۆت لەوان دوور دەخەیتەوە، ئەو کارە مەکە.

### جمک
May 21-Jun 21

کەسێک دەیەوێ لێت نزیک بێتەوە و زیانت پێ بگەیێنێ، ئەو کەسە پێشتریش هەوڵی لەو جۆرەی داوە، بەڵام سەرنەکەوتووە، ئاگاداربە کە ئەو کەسە باش دەناسیت.

### کەوان
Nov 22-Dec 21

لەو ماوەیە سەفەرێکت لەپێشە کە باشتروایە ئەو سەفەرە نەکەیت، لەوانەیە لەو سەفەرە تووشی کێشە بیت، کەواتە باشتر بیری لێ بکەرەوەو سەفەرەکەت دوابخە.

### قرژاڵ
Jun 22-Jul 22

سەفەرەکەت بەسەرکەوتوویی ئەنجامداوە، بەڵام کێشەیەک هەیە، لەو سەفەرە کەسێکت رەنجاندووە کە پێویستە بە تەلەفۆن دڵی بەدەست بێنیتەوە، تەلەفۆنی بۆ بکە.

### کارژۆلە
Dec 22-Jan 19

لەمێژە ئارەزوویەکت لەدڵدایە کە لەماوەی داهاتوو دێتەدی، بەڵام پێویستە گوێ بۆ گەورەکانت رابگری تاکو یارمەتیدەرت بن بۆ بەجێگەیاندنی ئارەزووەکانت. رۆژی خۆشیت هەینییە.

### شێر
Jul 23-Aug 22

ئەوانەی دەڵێن تۆمان خۆشدەوێ، زۆربەیان راست ناکەن، چونکە ئەوانە پێویستیان بە تۆیە بۆیە تۆیان خۆشدەوێ، لەو کەسە نزیک ببەوە کە پێویستی بە تۆ نییەو تۆی خۆشدەوێ.

### سەتڵ
Jan 20– Feb 18

چەند کەسێک لەهەوڵی ئەوەدان کۆسپت بخەنە بەردەم، ئەوانە تەنیا بەرژەوەندی خۆیان دەوێت، تۆ کەسێکی زیرەکی و دەتوانی بەزیرەکی و ژیری خۆت هەوڵەکەیان پوچەڵ بکەیتەوە.

### گوڵەگەنم
Aug 23-Sep 22

پێویستە بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە لەمێشکتدایە راوێژ لەگەڵ کەسێکی شارەزا لەو بوارە بکەیت، چونکە لەو کارانەی ئەنجامتداون تائێستا چەند هەڵەیەکت کردووە.

### نەهەنگ
Feb 19-Mar 20

تۆ کەسێکی خۆ بە زل زانی، هەموو کەسانی دەوروبەرت رەنجاندووە، ئەوانەی دەیانەوێ لێت نزیک ببنەوە دوژمنی تۆ نین، تەنیا مەبەستیان یارمەتیدانی تۆیە لەکاروبارەکانتدا.

# ئێزدیاتی کلتوورێکی پێویست به‌گونجان

ئیبراهیم عوسمان- ئه‌ڵمانیا

له‌به‌رئه‌وه‌ی کلتووری ئێزدیاتی له‌ناو ناکۆکییه کۆمه‌ڵایه‌تی و چینایه‌تیه‌کاندا پێنه‌گه‌یشتووه‌و له‌ناو ناکۆکییه ئاینییه‌کاندا شکڵی گرتووه، خاوه‌ن ناوه‌ڕۆکێکی ئاشتیخوازانه‌یه، کلتوورێکی ده‌سه‌ڵاتخواز نییه‌و به‌رامبه‌ر هیچ گه‌ل و کلتوورێک خاوه‌ن په‌یامی دوژمنکارانه نییه.

کۆڵه‌گه‌کانی ئێزدیاتی له‌سه‌ر بنه‌مای ئازادی و یه‌کسانی و دابه‌شکردن بنیاتنراون. هه‌موو گوته‌و قه‌وله‌کانی ئه‌و باوه‌ڕه خزمه‌ت به ئاشتی و سه‌قامگیری هه‌موو جیهان و مرۆڤایه‌تی ده‌کات.

ئێزدیاتی کلتوورێکی مێژوویی کۆنه وجیاوازه له هه‌موو کلتووره‌کانی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست، ده‌بێ بپارێزرێت. کلتوورێکی ئۆتانتیکی هه‌ره کۆن و ڕه‌سه‌نه که له‌سه‌ر خاکی کوردستان و له به‌ره‌به‌یانی مێژووه‌وه له‌میزۆپۆتامیا و له باخی کورده‌واریدا سه‌ریهه‌ڵداو به‌ریگرت.

ئێزدیاتی کانیاوی کلتووره‌کان و سه‌ره‌تای شارستانییه‌کانی میزۆپۆتامیایه، مانیفێستۆی هه‌موو شارستانی و کلتووره‌کانه. پێغه‌مبه‌ر ئیبراهیم و زه‌رده‌شت و مانی و موسا و عیساو گه‌لێک له پێغه‌مبه‌رانی دیکه له‌و کانیاوه ئاویان خواردۆه‌وه، لێره فێربوون.

کۆمه‌ڵگه‌ی کوردی به ڕێگه‌ی کلتووری ئێزدیاتی خوا، ڕۆژ، خاک و ئاوی ناسی. هزرو زمانی کوردی به‌یارمه‌تی ئه‌و کلتووره شێوه‌ی گرت. ئه‌زموون و ساڵنامه‌ی ئه‌سترۆلۆژی که وه‌ک سه‌ره‌تاکانی فه‌لسه‌فه ده‌ژمێردرێت، له‌سه‌ر ئه‌و خاکه پێشکه‌وت. ئێزدیه‌کان به‌پێ خواسی و به جله سپی و خاکییه‌کانیان له‌ژێر ئاسماندا چاویان بریه ڕۆژ و سه‌ریان چه‌ماندۆه‌و به هه‌سته پاکه‌کانیان که له دڵه‌وه هه‌ڵقوڵابوون گوتیان "ئه‌ی ڕۆژ تۆ ده‌رگای شه‌ڕ بگره، ده‌رگای خێرمان بۆ بکه‌وه، ئه‌ی ڕۆژ تۆ خێرو به‌ره‌که‌ت به‌سه‌ر هه‌موو گیانله‌به‌رو زینده‌وه‌رو میلله‌تاندا ببارێنه".

به‌داخه‌وه ئه‌مڕۆ هه‌موو میلله‌ت و ئاینه‌کان به‌رامبه‌ر ئه‌و کلتووره کۆنه‌واره، بێده‌نگن.

سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی ئه‌مڕۆ ئێزدی و کلتووره‌که‌یان له‌بیرکراون و له‌سه‌ر ڕۆخی مردنن، ئێزدییه خوداناسه‌کان له‌به‌ره‌به‌یانی مێژووه‌وه له‌که‌نار ئاوی دیجله و فورات به هه‌سته پاکه‌کانیان دابه‌شکردنی زه‌وی و به‌روبوومه‌کانیان که بۆ ئه‌وان وه‌ک دایک و سه‌رهه‌ڵدانی مێژوو ده‌بینرێ پارچه‌کران و له‌ژێر گوڵه گه‌نمه‌کان ژێر خاک کران.

له‌چاوه‌ڕوانیی ئه‌و ده‌نکه گه‌نمانه‌ی له‌سه‌ره‌تاوه ژێرخاکیان کردبوون بۆئه‌وه‌ی به‌ر بگرن، بێ هیوا و داخوازی ڕاوه‌ستان، چاوه‌ڕێیان ده‌کرد بۆئه‌وه‌ی نانی تێری ئه‌و گه‌نمه بکه‌نه دیاری بۆ ته‌واوی مرۆڤایه‌تی، به‌ڵام ئه‌مڕۆ که ئه‌وان بێنانن و له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵکوژی و قڕکردن به‌ره‌وڕوو بوونه‌ته‌وه، مرۆڤایه‌تی له بیری کردوون، ئه‌و کۆمه‌ڵگایه که ئه‌مڕۆ ده‌ستکورته و به حه‌سره‌تی پارووه‌یه‌ک نانی گه‌نمه، وه‌کو گه‌لانی دیکه‌ی ئه‌م ناوچه‌یه به ڕاووشکاره‌وه خه‌ریک بوون و ژیانیان له‌سه‌ر ڕاوکردنی ئاژه‌ڵی کێوی بووه، به تێپه‌ڕبوونی ڕۆژگار ئاژه‌ڵ به‌ره‌و قڕان ده‌چوو، بۆیه ئێزدیه‌کان کوشتنی ئاژه‌ڵیان قه‌ده‌خه‌کردو ده‌ستیان دایه ماڵیکردنی ئاژه‌ڵ و له‌به‌روبوومه‌کانیان سوودمه‌ند ده‌بوون، ئه‌و ده‌ستکه‌وتانه‌ی له‌سه‌ر ئه‌م خاکه به‌ده‌ستده‌هێنران بۆ هه‌موو جیهان ده‌گوازرانه‌وه‌و ده‌بوونه ماڵی مرۆڤایه‌تی، به‌ڵام به‌داخه‌وه ئه‌وانه‌ی ئه‌مه‌یان ئافراندووه له‌بیرکراون.

ئێزدیاتی ناودارو بێگه‌رد پاش سه‌رده‌می شێخ عادیێ که‌وته ناو قۆناخێکی نوێوه، چونکه له سه‌ده‌کانی یانزه‌مین و دوانزه‌میندا ئێزدیه‌کان ڕووبه‌ڕووی هێرشی زۆر توند بوونه‌وه، بۆ ئه‌وه‌ی ئێزدیه‌کان له قڕکردن و توانه‌وه بپارێزن، شێخ عادیێ گه‌لێک گۆڕانکاری له‌ناو کلتووری ئێزدیایه‌تیدا کرد، کۆمه‌ڵگای به‌سه‌ر شێخ و پیرو میرو هه‌ژارو مجێوه‌ردا دابه‌شکرد، هاوسه‌رگیری نێوان ئه‌و به‌شانه‌ی قه‌ده‌خه کرد، بۆ ئه‌وه‌ی ئێزدیایه‌تی بپارێزێت سنووری دانا. ده‌توانین بڵێین له‌به‌رئه‌وه‌ی شێخ عادیێ له خوێندنگا ئیسلامییه‌کاندا گه‌وره بووبوو، هه‌ر له‌وێ زانستی خوێندبوو، له‌ناو کلتووری ئێزدیایه‌تیدا گۆڕانکاری زۆری هێنایه ئاراوه، به‌تایبه‌تی پاش ئه‌وه‌ی به هاوڕێیه‌تی شێخ عه‌بدولقادری گه‌یلانی سه‌ردانی مه‌ککه‌و مه‌دینه‌ی موسڵمانانی کرد، به‌ڵام بێ هیچ گومانێک شێخ عادیێ ئێزدی له له‌ناوچوون و توانه‌وه پاراستن. هه‌ندێک له‌و شتانه‌ی بۆ گه‌ل و کلتووره‌کانی دیکه ئازاد بوو له ئێزدیه‌کانی قه‌ده‌خه کرد.

به گوێره‌ی ئه‌و سه‌رده‌مه، ئه‌و گۆڕانکاریانه بۆ مانه‌وه و به‌رده‌وامبوونی ئێزدیایه‌تی پێویست بوون، پاش تێپه‌ڕبوونی سه‌ده‌یه‌ک به‌سه‌ر ئه‌و گۆڕانکاریانه، ئینجا له جیهاندا گۆڕانکاری گرنگ هاتنه ئاراوه‌و له‌نێوان ئاین و سیاسه‌تدا جیاوازی دانرا.

ئه‌وانه‌ی له‌کاتی خۆیدا گۆڕانکارییان نه‌کردو کۆنه‌په‌رستانه خۆڕاگرییان نواند، له‌ناو مێژوودا سڕانه‌وه، ئه‌وانه‌ی به‌گوێره‌ی سه‌رده‌میش خۆیان نوێ کرده‌وه‌و ڕیفۆرمیان کرد له جیهاندا بوونه خاوه‌ن هێزو ده‌سه‌ڵاتی کاریگه‌ر.

ئه‌مڕۆ کلتووری ئێزدی ڕووبه‌ڕووی له‌ناوچوون ده‌بێته‌وه، به‌ره‌و لاوازی و نه‌مان ده‌چێت، به تێڕوانینی من ئه‌گه‌ر شێخ عادیێ له‌م سه‌رده‌مه‌دا مابایه، گه‌لێک له‌و قه‌ده‌خه‌کاریانه‌ی ئه‌و به خۆی داڕشتبوون هه‌ڵیده‌گرتن و به گوێره‌ی هه‌لومه‌رجی ئه‌م سه‌رده‌مه دایده‌ڕشتنه‌وه.

شێخ عادیێ که‌سێک بوو زۆر حه‌زی له گۆڕانکاری ده‌کردو به‌گوێره‌ی سه‌رده‌م خۆی ده‌گه‌یانده ئاستێکی هه‌ره بڵندو کۆمه‌ڵگای ئێزدی له به‌ڵاو خراپه‌کاری ده‌پاراست، ڕاستی ئه‌مه‌ش له قسه‌کانی شێخ عه‌بدولقادر ده‌رباره‌ی شێخ عادیێ ده‌رده‌که‌وێت کاتێک ده‌ڵێت "ئه‌گه‌ر پێغه‌مبه‌رایه‌تی به زانست و زیره‌کی بووایه، ئه‌وا شێخ عادیێ ده‌بووه پێغه‌مبه‌رێکی هه‌ره گه‌وره".

به‌داخه‌وه ئه‌مڕۆ کۆمه‌ڵگای ئێزدیاتی بێ به‌شه له پێشڕه‌و و ڕابه‌رایه‌تییه‌کی سه‌رده‌مانه، بۆ ئه‌وه‌ش ناتوانێت به گوێره‌ی داخوازییه‌کانی سه‌رده‌م هه‌نگاو باوێت و خۆی نوێ بکاته‌وه. خاوه‌ن هێزێکی ڕووناکبیری وا له ئارادا نییه که بتوانێت کلتووری ئێزدیایه‌تی به گوێره‌ی داخوازییه‌کانی ئه‌م سه‌رده‌مه گۆڕانکاری پێویست بکات و ئه‌و کلتووره له نه‌زانی و به‌ڵاو تۆفان ڕزگار بکات، ده‌توانین بڵێین ئه‌گه‌ر ئه‌و کلتووره تاوه‌کو ڕۆژی ئه‌مڕۆ خۆی وه‌ک به‌شێک له کلتووری کورد نه‌ناساندبایه ئه‌وا پاراستنی ئێزدیایه‌تی زۆر زه‌حمه‌ت بوو.

کورد به هێزی شمشێر بووبێت یان به دڵی خۆیان موسڵمانه‌تیان په‌سه‌ند کرد، به‌ڵام کورده ئێزدییه‌کان هیچ کاتێک نکۆڵییان له کوردبوونی خۆیان نه‌کرد. تۆوی ئاژاوه‌گێڕی که له‌سه‌رده‌می خه‌لیفه عومه‌ری کوڕی خه‌تاب له‌ناو کۆمه‌ڵگای کوردی چێنرا، هه‌مان تۆو تاوه‌کو ڕۆژی ئه‌مڕۆ وه‌ک به‌ڵایه‌ک له‌سه‌ر سه‌ری نه‌ته‌وه‌ی کورد به‌رده‌وامه. ده‌نگی ئه‌و کوردانه‌ی ئه‌مڕۆ بۆ پارتی داد و گه‌شه‌پێدانیش ده‌چن وه‌ک سه‌ره‌نجامێکی ئه‌و ڕاستییه‌یه.

له مێژوودا کوردانی سوننی و عه‌له‌وی به به‌رده‌وامی نکۆڵییان له ناسنامه‌ی کوردایه‌تی خۆیان کردووه، به‌ڵام کوردانی ئێزدی هیچ کاتێک له کوردبوونی خۆیان نکۆڵییان نه‌کردووه. ده‌بێت ئه‌وه‌ش له‌بیر نه‌کرێت، له‌و ساڵانه‌ی دواییدا له ئه‌رمه‌نستان و باشووری کوردستان به ده‌سیسه‌ی هێزه‌کانی ده‌ره‌وه پلانی نکۆڵیکردن له‌سه‌ر ئێزدیه‌کان به‌ڕێوه‌ده‌چێت.

یان هه‌وڵدانێک له ئارادایه بۆئه‌وه‌ی ئێزدییه‌کان بڵێن ئێمه کورد نین و زمانی ئێمه زمانی ئێزدیایه‌تییه‌و وڵاتی ئێمه ئێزدیستانه، کلتووری ئێزدیایه‌تی ئاشتیخوازه‌و دوژمنداری هیچ گه‌ل و کلتوورێک ناکات. ئێزدیایه‌تی له‌سه‌ر پرنسیپه‌کانی ئازادی و یه‌کسانی و دابه‌شکردن بنیاتنراوه، له‌سه‌ر ئه‌مه‌ش گه‌لێک لێکۆڵینه‌وه‌ی چروپڕ ئه‌نجامدراون و ئه‌نجامده‌درێن.

به‌داخه‌وه ئێزدیه‌کان به خۆیان خۆیان ناناسێنن و هیچ که‌سێک ڕاستی ئه‌وان له خۆیانه‌وه فێر نابێت، به‌ڵکو که‌سانی دیکه له ڕێی نووسینه‌وه ئێزدیه‌کانیان ناساندووه، بۆیه تێڕوانین له‌سه‌ر کۆمه‌ڵگای ئێزدیه‌کان که‌من و ئه‌وه‌ی هه‌یه بابه‌تیانه باس له ڕاستیه‌کانیان ناکات.

به‌هۆی گوشاری دوژمنان و به‌تایبه‌تی عوسمانییه‌کان، کۆمه‌ڵگای ئێزدی وه‌ک کۆمه‌ڵگایه‌کی کۆچبه‌رو بێکه‌س و قڕکراو ناسراوه. یان کاتێک باس له ئێزدیاتی ده‌کرێت جگه له کوشتن و قڕکردن و بێکه‌سی و به‌رخودان هیچ شتێکی دیکه به خه‌یاڵی مرۆڤدا نایێت. با به‌یه‌که‌وه ده‌ست له ناو ده‌ست ئه‌و هه‌لومه‌رجه خراپه بگۆڕین و کلتووری ئێزدیاتی له له‌ناوچوون ڕزگار بکه‌ین. دوێنێ له ده‌ستمان چوو، به‌یانی دره‌نگه‌و ئه‌مڕۆ وه‌ختێتی.

ibrahimosman@hotmail.de

# جه‌سته له لای ئێمه گرفت و له لای ئه‌وان چاره‌سه‌ره

## خانمانی ئه‌مریکایی له په‌کیندا مایۆی شه‌رعی ده‌پۆشن



خالید مونته‌سیر
bazoft2001@yahoo.com.au

جه‌سته له لای ئێمه گۆڕێکه و به ڕێدا ده‌ڕوات و کفنێکه له گۆشت و خوێن، له لای ئه‌وانیش جه‌سته ده‌رپه‌ڕین، ئازادی و شۆڕش و یاخیبوونه.

پزیشکه ریشنه‌که‌ی براده‌رم، له‌و په‌ڕی خۆشیدا به سنگ ده‌رپه‌ڕاندنه‌وه گوتی "به ڕقی خۆتانه‌وه بمرن هه‌ی عه‌لمانییه‌کان، له کۆتاییدا و سوپاس بۆ خودا خانمه مه‌له‌وانه کافره ئه‌مریکایی و ئه‌وروپاییه‌کان مایوی شه‌رعیان پۆشی و زانیان و بڕواشیان به‌وه هێنا که‌مایۆی ئیسلامی چاره‌سه‌ره!". به‌ڕاستی سه‌رسام بووم، چونکه به‌پێی زانیاری ساده و ساکاری من مایۆ داهێنانێکی نوێیه و نه‌مزانیوه 1400 ساڵ به‌ر له ئێستا له بیابانی دوورگه‌ی عه‌ره‌بدا هه‌بووبێت، هه‌ر بۆیه ناتوانم سیفه‌تی ئیسلامی بده‌مه پاڵ مایۆ.

ئه‌گه‌ر به چاو پۆشینه‌وه قبووڵمان بێت ئه‌و ناوه به مایۆ بده‌ین، ئه‌وه هۆی ڕاسته‌قینه له پۆشینی ئه‌وه نه‌بووه که خانمانی مه‌له‌وانی ئه‌مریکایی بڕوایان به ئایینی پیرۆزی ئیسلام هێناوه، هه‌روه‌ها خانمانی مه‌له‌وانی ئه‌وروپاییش هیچ شتێک ده‌رباره‌ی شه‌ریعه‌ت نازانن. ئه‌وه‌ی ڕوویدا زۆر له‌وه ساده‌تر بوو، ئه‌وان بۆیه ئه‌و جۆره مایۆیه‌یان پۆشی چونکه خێراتریان ده‌کات له کاتێکدا ئه‌وان ململانێیانه به‌شه‌چرکه‌یه‌ک تێپه‌ڕێنن، وه‌سوه‌سه‌ی جه‌سته‌ش نیگه‌رانی نه‌کردوون وه‌ک ئه‌وه‌ی له عه‌قڵی عه‌ره‌بدا هێلانه‌ی کردووه. میلی بیرکردنه‌وه‌یان به لای پۆشته‌یی یان ڕووتی یان سێکس و حه‌ز و چاوچاوێن و ڕاگرتنی لیکی پیاوان نه‌بوو که له حه‌وزی مه‌له‌وانیدا ده‌یانڕوانییه جه‌سته‌ی ئه‌وان...هتد، وه‌ک ئه‌و نه‌خۆشییانه‌ی ئێمه پێیانه‌وه گرفتارین.

ته‌نیا شتێک که ئه‌وانی سه‌رقاڵکرد بوو، ئه‌وه‌بوو چۆن بتوانن پاڵه‌وانێتی به‌ده‌ستبێنن؟ چونکه وا باوه که ئه‌وان له کۆمه‌ڵگایه‌کی ته‌ندروستدا هه‌ڵسوکه‌وت و مه‌له‌وانی ده‌که‌ن، نه‌ک له کۆمه‌ڵگایه‌کی نه‌خۆش و چه‌واشه و دووڕوودا. به‌ڵگه‌ش له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی که مه‌به‌ست وه‌رزشه نه‌ک ئایین و شه‌ریعه‌ت، ده‌بینی ژنان و پیاوان مایۆ له پێ ده‌که‌ن، هه‌روه‌ها خانمانی پاڵه‌وان له ڕاکردن و جومبازو تێنس... هتد، هه‌تا ئێستا هه‌ر مایۆی ناشه‌رعی له پێده‌که‌ن، چونکه ئه‌وه‌ی لێره‌دا حیسابی بۆ ده‌کرێت، مه‌به‌ست بگه‌یێنێت و له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی که ده‌یکه‌ن گونجاو بێت. خانمانی مه‌له‌وان له‌سه‌ر شه‌قام مایۆ له پێ ناکه‌ن، به‌ڵکو له که‌نار و مه‌له‌وانگه‌دا له پێی ده‌که‌ن. ئه‌گه‌ر په‌چه سوودبه‌خش و کاریگه‌رتر بووایه بۆ به‌ده‌ستهێنانی سه‌رکه‌وتن، ئه‌وه خانمانی مه‌له‌وان و پاڵه‌وانانی گۆڕه‌پان و مه‌یدان سڵیان له پۆشینی نه‌ده‌کرده‌وه. به‌ڵام به‌داخه‌وه ته‌نیا بۆ خۆشاردنه‌وه له چاوی کارمه‌ندانی ئاسایش ده‌ستده‌دات نه‌ک بۆ وه‌رزش!

کاروانی هه‌ڵبژاردنی مایۆم بۆ ئه‌و براده‌ره‌م شیکرده‌وه، که ئه‌و په‌تای سێکس و جه‌سته له که‌لله‌ی داوه و، ئه‌و کاروانه‌ش پشتی به زانست و میتۆدی زانستی به‌ستووه، که هه‌موو شتێکی گرتووه‌ته‌وه به وه‌رزشیشه‌وه. جا ئه‌وه‌ی ڕێزی له زانست گرت سه‌رکه‌وت و قازانجی کرد، ئه‌وه‌ی پشتیشی تێکرد، هه‌ر ته‌نیا په‌شیمانیی بۆ مایه‌وه له‌گه‌ڵ میدالیای دار و گریان و ڕۆڕۆ، مه‌رگی زگ ڕه‌شانه‌ش ده‌نۆشێ کاتێک ده‌بینێ سه‌مفۆنیای جه‌سته به‌سه‌ر مه‌حاڵدا سه‌رده‌که‌وێت. ئیدی هه‌ر ئه‌مه‌شه په‌ندی زه‌مانه.

پاش ئه‌وه‌ی ژماره‌ی پێوانه‌یی چه‌قیان به‌ست و ڕاهێنه‌رانیش له تێپه‌ڕاندنی ئه‌و ژمارانه بێ ئومێد بوون، بیر له داهێنانی ئه‌م جۆره مایۆیه کرایه‌وه. هه‌ر بۆیه شاره‌زایانی به‌ریتانی دیزاینی ئه‌م جۆره مایۆیه‌یان خسته‌ڕوو که پێیده‌گوترێت "زه‌ت ئاڕ" یان "سپیدۆ". خه‌سڵه‌تی سپیدۆ وایه زۆربه‌ی جه‌سته‌ی مه‌له‌وان داده‌پۆشێ، جا چ ژن بێت یان پیاو. بۆ ئه‌وه‌ی مه‌له‌وان خێراتر بێت که ئاو به ڕێژه‌یه‌کی که‌متر به‌ر جه‌سته‌ی ده‌که‌وێت، چونکه ئاو ته‌کان و ته‌وژمی به‌ره‌و پێش چوون که‌مده‌کاته‌وه.

شاره‌زا و لێکۆڵه‌رانی به‌ریتانی په‌نایان بۆ پرۆگرامێکی کۆمپیوته‌ر برد بۆ ئه‌وه‌ی له به‌رهه‌م هێنانی (مایۆ)ی هه‌ره خێراتری مه‌له‌وانی یارمه‌تییان بدات، چه‌ند زانایه‌کی ئاژانسی گه‌ردوونناسیی ئه‌مریکا (ناسا) له دانانی دیزاینی مایۆکه‌دا به‌شدار بوون، هه‌روه‌ها چه‌ند زانایه‌کی زانکۆی ئۆتاجۆ له نیوزیله‌نداش.

وێڕای ئه‌و به‌رهه‌ڵستییه‌ی هه‌ندێ که‌س هه‌مبه‌ر ئه‌م مایۆیه نواندیان چونکه بنه‌مای یه‌کسانبوونی ده‌رفه‌ت پێشێلده‌کات. نرخه‌که‌ی گرانه (800دۆلار) و مه‌له‌وانانی وڵاتانی هه‌ژار ناتوانن په‌یدای بکه‌ن و به‌م جۆره له مه‌یدانی کێبڕکێ دووریان ده‌خاته‌وه.

که‌سانی خاوه‌ن بیرۆکه‌ی مایۆکه وه‌ڵامی حازر به‌ده‌ستیان پێبوو، به‌وه‌ی مایۆکه ته‌نیا هۆکارێکی لاوه‌کییه بۆ زیادکردنی خێرایی، نه‌ک ته‌نیا هۆکار بێت، هه‌روه‌ها جێی ئه‌و مه‌شقه‌ش ناگرێته‌وه که له‌سه‌ر بنه‌مای زانستی ده‌کرێت.

پاشان ئه‌و به‌رسڤه جاڕسکه‌ره هات که ده‌ڵێ "چی تێدایه ئه‌گه‌ر به زانست به سه‌ر ئه‌وانه‌دا سه‌رکه‌وین که تا ئێستا هه‌ر به عه‌قڵیه‌تی سه‌ده‌کانی ناوه‌ڕاست بیر ده‌که‌نه‌وه..ئایا ئه‌و مافه‌مان نییه؟!".

جه‌سته له لای ئێمه گرفته و له لای ئه‌وانیش چاره‌سه‌ره. جه‌سته له لای ئێمه گۆڕێکه و به دوو پێ ده‌ڕوات و کفنێکه له گۆشت و خوێن. جه‌سته له لای ئه‌وان گه‌نجینه‌یه‌که له ده‌رپه‌ڕین و ئازادی و شۆڕش و یاخیبوون. ئه‌گه‌ر پیاوێک به‌دیتنی کچه یاریزانێکی تێنس، یان سه‌ماکه‌رێکی بالێی سه‌ر ئاو، یان پاڵه‌وانێکی سه‌ت مه‌تر ڕاکردن، تووشی وورووژانی سێکس هات! ئه‌وه گرفتێکه و خۆی گیرۆده‌ی بووه و ده‌کرێ له لای پزیشکێکی ده‌روونی چاره‌سه‌ری بکات. ناکرێ گه‌ردوون و جیهان به گوێره‌ی وه‌سوه‌سه و گرێ و گۆڵ و ڤایرۆسگه‌لی کۆمه‌ڵایه‌تیی ئه‌و، سه‌ر له‌نوێ دابڕێژینه‌وه.

ئه‌و پرسیاره‌ی لێره‌دا دێته پێش ئه‌وه‌یه، چ واتایه‌ک له‌وه‌دایه که یاریزانێکی تۆپی سه‌به‌ته یان تۆپی پێ شۆرتی ئیسلامی له‌به‌ر بکات، نه‌بادا ئه‌ژنۆی شۆخ و شه‌نگیان به پێی شه‌ریعه‌ت ده‌رنه‌که‌وێت؟ ئایا ئێمه هێنده لاواز و خاو و خلیچکین که به ئه‌ژنۆی یاریزانێک تووشی ورووژانی سێکس ببین؟ ئه‌وه چ جۆره جه‌ماوه‌رێکی هیچ نه‌دیتکه‌یه که واز له ته‌ماشاکردنی یارییه‌که ده‌هێنێ و به ته‌ماشاکردنی سه‌ر و بسک و ڕانی یاریزانانه‌وه سه‌رقاڵ ده‌بێت؟

من ته‌نیا به‌راوردێک له نێوان شێوازی بیرکردنه‌وه‌ی ئه‌وان و شێوازی بیرکردنه‌وه‌ی خۆمان ده‌که‌م، هه‌روه‌ها هۆی نوشوستی و شکستمان و هۆی پاڵه‌وانێتی و میدالیاکانی ئه‌وان. خۆ ڕووتکردنه‌وه و خۆ داپۆشین هۆیه‌ک نین بۆ بردنه‌وه و دۆڕاندن، به‌ڵام ئه‌و کۆمه‌ڵگایه‌ی بۆ هه‌موو شتێک پلانی زانستی داده‌ڕێژێ، شته‌کان تێکه‌ڵ به یه‌کدی ناکات، هه‌روه‌ها چاکترین خانمانی مه‌له‌وانیشی واز ناهێنێ له‌به‌ر ئه‌وه‌ی له خه‌ودا ته‌له‌فۆنێکی بۆ هاتووه و گه‌فی لێکردووه که به‌ر له مردن پۆشته به!هه‌روه‌ها پاڵه‌وانانی جوودۆ و باله‌ی له‌به‌ر پێداگرتن له‌سه‌ر ده‌رزیله‌ی سه‌رپۆش، هۆڵی یاریگاکان جێ ناهێڵن، ڕه‌نگه ئه‌و ده‌رزیلانه بچن به چاوی به‌رامبه‌ردا!

ئا ئه‌وه‌تا ڕۆڵه‌کانی بوودا له گه‌مه‌دا سه‌رده‌که‌ون و ده‌چنه سه‌ر ته‌خت، نه‌ک له‌به‌ر ئه‌وه‌ی کافرن، هه‌روه‌ها نه‌ک له‌به‌ر ئه‌وه‌ی خاوه‌ن ئایینێکی ئاسمانی نین، به‌ڵکوو له‌به‌ر ئه‌وه‌یه که پێداویسته‌کانیان گرتووه‌ته ده‌ست. که‌چی ئێمه شیمانه‌ی ئیسلامییانه‌ی خۆمان ونکردووه، بنه‌مای دروستی خۆشمان له نێو ته‌پ و تۆزی خورافه و توێکڵ و ڕووخسارخوازیدا بزر کردووه.

## دوای نۆ ساڵ دابڕان

# نه‌متوانی حه‌وت ڕۆژ زیاتر له دهۆک بمێنمه‌وه



شه‌رمین به‌رواری -ئه‌ڵمانیا

به‌مه‌به‌ستی چوونه ئه‌ڵمانیا له ساڵی 1999دا شاری دهۆکم به‌جێهێشت، هه‌ر له‌و ڕۆژه‌ی گه‌یشتمه ئه‌ڵمانیا تاوه‌کو هاوینی ئه‌مساڵ 2008، که وه‌ڵاتینامه‌م له ئه‌ڵمانیا وه‌رگرت، دوای دوو ڕۆژ پلیتێکی فرۆکه‌م بڕی و بۆ تورکیا فڕیم و له‌وێشه‌وه به ڕێگایه‌کی زه‌حمه‌ت و بێ ڤیزه گه‌یشتمه باشووری کوردستان و شاری دهۆکی ڕه‌نگین. چه‌ند ساڵێک بوو ته‌نیا له‌سه‌ر شاشه‌ی ته‌له‌ڤزیۆنه کوردییه‌کان چاومان به شاره‌که‌مان ده‌که‌وت و غه‌ریبیمان ده‌کرد.

من به شێوه‌یه‌کی دروست نه‌مده‌زانی غه‌ریبی چۆنه، تاوه‌کو گه‌یشتمه کوردستان، ئه‌وکاته‌ی قاچه‌کانم دانانه سه‌ر خاکی کوردستان ئه‌وکات زانیم غه‌ریبی چییه. غه‌ریبی کوردستان بوو، چیاکانی بوون، مرۆڤه‌کانی بوون، سه‌یران و کوێستان و ڕووباره‌کانی بوون، گوێگرتن له زمانی دایک و گۆرانی کوردی بوو...

هه‌ر که چاومان به شار که‌وت، له به‌رامبه‌ر ئه‌و گۆڕانکاری و ئاوه‌دانییه‌ی هاتووه‌ته ئاراوه سه‌رسام بووین. باڵه‌خانه‌ی نوێ دروستکرابوون، شه‌قامه‌کان پاککرابوونه‌وه، له‌نێوان هه‌ر پێنج مه‌تردا سه‌به‌ته‌ی زبڵ هه‌ڵواسرابوون، له هه‌موو شوێنه به‌رزه‌کان ئاڵای کوردستان ده‌دره‌وشایه‌وه، سیمای ئازادی و ئارامی له هه‌موو شوێنێک دیاربوو. به‌ڕاستی نازانم له کوێوه ده‌ست پێبکه‌م، یان چۆن باسی ئه‌و دیمه‌نانه بکه‌م، له گه‌لێک بواردا پێشکه‌وتنی گه‌وره دروستبوونه. خۆشییه‌که‌ش زیاتر له‌وه‌دا بوو که هه‌موو کوردستان به‌گشتی و دهۆک به‌تایبه‌تی ئارام و سه‌قامگیر بوو، ژیان له ژێر ئاڵای کوردستاندا ساده‌ترو سه‌ره‌نجراکێشتر بوو. سوڕانه‌وه له‌ناو شاردا زۆر به زه‌وق بوو چونکه هه‌موو شتێک به کوردی بوو، دوکانداره‌کان به کوردی بانگه‌وازیان ده‌کرد، زۆر له پیاوه‌کان جلی کوردییان له‌به‌ردا بوو، ده‌نگی گۆرانی کوردیمان له ناو بازاڕ به‌ر گوێ ده‌که‌وت و هه‌موو بازاڕیش کراوه بوو. سه‌یرانگه‌و ئه‌و شوێنانه‌ی مرۆڤ کاتیان لێ به‌سه‌رده‌بات ڕازاوه‌تر ببوون.

به‌ڵام سه‌ره‌ڕای ئه‌و هه‌موو پێشکه‌وتنانه ناخۆشی و دڵته‌نگیش هه‌بوون. هه‌ندێک دیمه‌ن و دیارده‌ی نه‌شیاو له نوێوه سه‌رهه‌ڵده‌ده‌ن، له‌وانه په‌یدابوونی جلوبه‌رگی وڵاتانی خه‌لیجی که ئافره‌تان ده‌یپۆشن، جگه له‌و عه‌بایه ڕه‌شانه‌ی پێشوو. دیسان خه‌ڵکی عه‌ره‌بمان له‌هه‌موو شوێنێک ده‌دیت و ترسی ئه‌وه‌مان لێده‌نیشت نه‌وه‌کو خراپه‌کاری بکه‌ن. هه‌روه‌ها په‌یوه‌ندییه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان لاواز بوون و وه‌ک ڕابردوو نه‌ماون، زۆربه‌ی خه‌ڵک چاوی له بازرگانی و په‌یداکردنی پاره‌بوو، ئاگایان له هه‌واڵ و که‌سوکاریان نه‌مابوو. ئه‌و باڵه‌خانه بڵندانه‌ی شاریان جوانتر کردبوو، موڵکی ده‌وڵه‌مه‌ندو به‌رپرسه‌کان بوون، خه‌ڵکێکی زۆر به ده‌ست هه‌ژارییه‌وه ده‌ناڵێنن، متمانه‌ی خه‌ڵک به‌یه‌کتر لاواز بووه، بۆنموونه ئه‌گه‌ر ته‌له‌فۆنێکمان بۆ که‌سێک بکردایه‌و ته‌له‌فۆنی ئێمه لای ئه‌و که‌سه نه‌ناسراو با، ئه‌وا زوو وه‌ڵامیان نه‌ده‌دایه‌وه، له‌وه ده‌ترسان نه‌وه‌کو یه‌کێک ده‌نگیان تۆمار بکات و بڵاویکاته‌وه، ئه‌مه‌ش له‌به‌ر خراپ به‌کارهێنانی ئامێره‌کانی په‌یوه‌ندی و گه‌یاندنه.

له هه‌مووی سه‌رنجڕاکێشتر ناڕازیبوون و بێئومێدی خه‌ڵک بوو له‌و ڕه‌وشه‌ی له ئارادایه، هه‌موویان گازانده‌و گله‌یی ده‌که‌ن، ئه‌گه‌ر مرۆڤ بۆ خواش بڵێت مرۆڤ ده‌ڵێت ئه‌و گازاندانه له شوێنی خۆیاندا بوون، چونکه تاوه‌کو ئێستا ئه‌و خه‌ڵکه له ساده‌ترین پێداویستییه‌کانی ژیانیان که ئاو و کاره‌بایه بێبه‌شن، به‌ڕاستی ئه‌و که‌سانه هیچی دیکه توانای خۆڕاگرتنیان نه‌ماوه. له‌و باوه‌ڕه‌دام که 18 ساڵ به‌سه بۆ چاره‌سه‌رکردنی ئه‌و کێشانه، ئایا چاره‌سه‌رکردنی کێشه‌ی ئاو و کاره‌با هێنده ئه‌سته‌مه، به‌ڵام دیاره وه‌کو به ته‌مه‌نه‌کان ده‌ڵێن "زگی تێر ئاگای له زگی برسی نییه". له‌به‌ر شادبوونه‌وه‌م به که‌سوکارم، حه‌وت ڕۆژی یه‌که‌مین ئاگام له‌و شتانه نه‌بوو، دوای ئه‌وه هه‌ستم به بێزاری کرد، به‌تایبه‌تی پله‌ی گه‌رما له نێوان 45-49 پله‌دا بوو، نه‌متوانی یه‌ک ڕۆژی دیکه له‌و شاره بمێنمه‌وه‌و گه‌ڕامه‌وه.. خوا سێبوری ئه‌وان بدات.



گۆران محه‌ممه‌د
goransalih@hotmail.com

# گۆڵی کوردی گۆڵی عاره‌بی

نه‌ک کووله‌که‌ی ته‌ڕ، گومانم هه‌س ده‌سه‌ڵاتداری عاره‌بی عێراق، له کووله‌که‌ی وشکیشدا حیسابێک بۆ کورد بکات. کورد و عاره‌ب له عێراقدا، وه‌ک ئه‌و منداڵ و باوکه وان که پێکه‌وه ده‌چنه بازاڕ، منداڵه‌که هه‌ر ده‌کرووزێته‌وه و ده‌ڵێ بابه ئه‌مه‌م بۆ بکڕه و ئه‌وه‌م بۆ بکڕه، باوکه هه‌ر ده‌ڵێ ئێ و دواجار هه‌ر ئه‌وه‌ی بۆ ده‌کڕێت که خۆی پێشتر بڕیاری لێدابوو.

وێڵبوونی ناوێ، که عاره‌ب هیچ شتێک به خواستی کورد ناکات، دیاره هیچ حسابێکی بۆ نه‌کردووه، له کن وان هه‌ر ئه‌وه‌ندیه سه‌نگی کورد: گوێی لێ بگره، سه‌ری بۆ بله‌قێنه، به قسه‌ی مه‌که.

ئه‌وه کورد نییه له دڵپاکییه‌وه باوه‌ڕی به فشه‌به‌ڵێنه‌کانی ده‌سه‌ڵاتداری عاره‌بی عێراق کردووه و هیچی ده‌ست نه‌که‌وتووه. ئه‌وه عاره‌به، میسقاله زه‌ڕه‌یه‌ک، حیساب بۆ کورد ناکات و له هاوکێشه سیاسییه‌کانی عێراقیشدا، وه‌ک سفری پاش فاریزه لێی ده‌ڕوانێ، ئاخر ده‌رکه‌وت کورد له عێراقدا هه‌ر ژماره نییه. ئه‌وه نییه دوای پێنج ساڵ ئازادیی عێراق، کاتێ کورد به شه‌رمه‌وه و به سه‌ری زار، داوای که‌رکووکی کرد، که‌چی نه‌ک هه‌ر وه‌ڵامیان نه‌دایه‌وه، به‌ڵکوو بۆ ته‌مێکردن، خانه‌قینیشی لێ بقه ده‌که‌ن. به هه‌موو کورد نه‌یانتوانیوه و پێناچێ بتوانن ڕێگه له پێنج پۆلیسی هاتووچۆ بگرن که بۆ خانه‌قین نێردراون، ئیدی به کام لۆجیک، کورد چنگی له ئاڵتوون کۆپری، نه‌ک له که‌رکووک گیر ده‌بێ؟

(أذا ترید أرنب، أخذ أرنب، أذا ترید غزال، أخذ أرنب) ساڵانێک، کورد بۆ گاڵته ئه‌م نوکته‌یه‌ی ده‌گێڕایه‌وه، لێ ئێستا عاره‌ب به‌ڕاستی ئه‌م نوکته‌یه‌ی به‌سه‌ر کوردا جێبه‌جێکرد. پێنج ساڵه سه‌رکردایه‌تی کورد پێمان ده‌ڵێن ئێمه ژماره‌یه‌کی کاریگه‌رو چاره‌نووسسازین له‌هاوکێشه‌کانی عێراقدا، ڕاستییه‌که‌ی، ئێمه ژماره‌یه‌کی چاره‌نووسسزین، نه‌ک چاره‌نووسساز، ئه‌وه نییه دوای پێنج ساڵ له جوینه‌وه‌ی ئه‌م قه‌وانه، که‌چی لای وان: هێشتا پێشمه‌رگه هه‌ر میلیشیایه، بودجه‌ی نییه، تا دۆلارێکمان ده‌ده‌نێ بیستمان لێده‌خۆن، نه‌وتیش هه‌ر به ته‌واوی بقه‌یه. به‌ڕاست، ئه‌وه‌ی تا ئێستا عاره‌بی عێراق پێیان ڕه‌وا بینیوین، چه‌ندی له‌وه زیاتره که سه‌ددام له حوکمی زاتییا به‌خشیبووی، جیاوازییه‌که ئه‌وه‌یه سه‌ددام به پیاوه‌تی خۆی و له پێگه‌ی هێزه‌وه حوکمی زاتی به‌خشیبوو، به‌ڵام ئه‌مان به هه‌زار پارانه‌وه و هاوپه‌یمانی و به‌رتیل و ده‌مچه‌وڕکردن، حوکمی زاتی ده‌ده‌ن.

عاره‌ب به هه‌وای شان، کورد له جه‌له‌ولا و مه‌نه‌لی ده‌رده‌که‌ن، که‌چی کورد به هه‌موو گوڕ و تینی خۆیه‌وه، تازه به تازه، قله قله، ئۆتۆمبیلی فه‌حس ده‌رده‌که‌ن. خوا به‌وه ڕه‌حمی کردووه یانه‌ی هه‌ولێر، له گۆڕه‌پانی تۆپانێدا، هه‌ندێ گۆڵیان له عاره‌ب کرد، ده‌نا له هه‌موو گۆڕه‌پانه‌کانی دیکه‌دا، ته‌نێ عاره‌به، گۆڵ له کورد ده‌که‌ن.

## پەیامی رووداو

# ئیدی بەسە

رۆژ بەرۆژ سیاسەتی سەرنەکەوتووی پارتی و یەکێتی لە پەیوەند لەگەڵ بەغدا دەردەکەوێ. لە دوای رووخانی حکومەتی بەعس چەندین جار بەرپرسانی کوردستان ئاگادار و وریاکرانەوە لەوەی بەغدا هەر بەغدایەکەی جارانەو هەر کە تۆزێک دەستی خۆی دیت و کەمێک بەهێز بوو ئیدی لەجاران خراپتر بەکورد دەکاو سیاسەتی کەڵەگاییانەی خۆی درێژە پێدەدا.

کەچی مخابن بەرپرسانی پارتی و یەکێتی نەک هەرگوێیان بەو داواکارییانە نەدا، بەڵکو زۆر بە جۆش و خرۆش کەوتنە دەهۆڵ و زورنا لێدان بۆ (عێراقی هیواو ئاشتی) و لەسەر عێراقچێتی کردن پێشبڕکێیان بوو، زۆر خۆشباوەڕانەش باوەڕیان بە بەڵێن و پەیمانی عەرەبەکان کرد و بە براو هاوپەیمان ناویان بردن و بەڕاستی باوەڕیان بەوە کرد کە ئەوانیش هاوبەشی دەسەڵاتن لە بەغدا، ئەنجامەکەشی ئەوەیە کە ئێستا بەچاوی خۆمان دەیبینین.

سەرکردایەتی پارتی ویەکێتی تا ئێستاش نایانەوێ لەوە تێبگەن کە بۆ کورد عێراق هەر عێراقەکەی جارانەو نە ئەمڕۆ ونەسبەی و نە پەنجا ساڵی دیکەش ناگۆڕێ و ئەو عێراقە ئایدیالیەی کە گوایا فیدراڵییەو بە داوا و پاڕانەوە مافی کورد دەسەلمێنێ، تەنها لە خەیاڵی بەرپرسانی دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی کوردستاندا هەیە، عەرەبی عێراق بە شیعە و سوننەیانەوە، بە ئیسلامی و کۆمۆنیستیانەوە هاودەنگ و هاوڕان لەسەر دژایەتیکردنی هەموو خواستێکی کورد، ئێستا بەچاوی خۆمان دەبینین هەر لەگەڵ کەمبوونەوەی تەقینەوە لە بەغدا و ئەو نیمچە ئارامیەی لە عێراق پەیدابووە ئیدی سوپا فشۆڵەکەی عێراق کەوتووەتە دانجیڕکردنەوە لە کورد.

کورد لای عەرەب بە کەللەڕەق و یاخی ناوی رۆیشتووە، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کورد تا ئێستا نەک هیچ کەللەرەقی و یاخیبوونێکی بەرامبەر بەغدا نیشان نەداوە، بەڵکو یەکجار نەرمونیان و بەخشندەشە، ئەوە نەبووهەر بە برووسکەیەک پێشمەرگەی لە قەرەتەپە کشاندەوە و خەریکە لە ناوچە کوردستانییە بەعەرەبکراوەکانی دیکەیش مل بۆ سوپای داگیرکەری عێراق کەچ بکا.

کاتی ئەوەیە دەسەڵاتدارانی کوردستان بەچاوپۆشین لە بەرژەوەندییەکانیان، واز لە ملکەچکردن بۆ بەغدا بێنن و سنوورێک بۆ کەڵەگایی حکومەتی مالیکی دابنێن و کورت وکورمانجی پێی بڵێن ئیدی بەسە.

**نوورەدین وەیسی**




# تەقینەوەکانی تورکیا عەلاگەی کێشەکانی AKP



**مستەفا شەفیق- ئەڵمانیا**
gare2005@hotmail.de

لەسەرەتای ساڵی 2008 ەوە تا ئێستا چەندین تەقینەوە و ئۆتۆمبێلی مینرێژکراو لە چەندین شاری گەورەی تورکیا تەقێندراونەتەوە .دواترینیشیان ئەوەبوو رۆژی 2008/8/21 لە شاری ئیزمیر لەسەر رێگەی هاتووچۆی هێزە ئەمنیەکانی تورکیا تەقینەوەیەک نزیکەی 18 قوربانی لێکەوتەوە. پێشتریش لە شارە گەورەکانی ئیستەنبوول،دیاربەکر،ئەنقەرە رووداوی هاوشێوە روویاندا و تا ئێستا بە سەدان مرۆڤی سیڤیل بوونەتە قوربانی ئەم تەقینەوانە.

هەرچەندە تائێستا هیچ لایەنێک بەرپرسیارێتی خۆی لەم تەقینەوانە رانەگەیاندووە، بەڵام حکومەت و میدیای تورکیاPKK بەبەرپرسیاری ئەم کردەوانە دادەنێن. PKK ەش بەر پرسیارێتی ئەم کردەوانە دەداتە پاڵ "هێزە تاریکە نهێنییەکانی ناوخودی دەزگاکانی سەربازی و ئەمنی تورکیا". هەر کێیەک بێت بەرپرسی ئەم کردەوانە ئەوەی لێرەدا گرنگ و جێی سەرنجە ئەوەیە ئەم تەقینەوانە لە شێوەی ئەنجامدان و ئامانجی کردەوەکاندا لە تورکیادا شتێکی نوێن و رووداوی بەوشێوەیە لەرابردووی تورکیادا کەم بەرچاو دەکەون، ئەگەر رووشیاندابێ زۆر سنووردارو کەمبوونە و ئەوەندە بەرفراوان نەبوونە لە ماوەی ساڵێکدا لە چەند شاری گەورەی تورکیا هێندە تەقینەوەی بەمجۆرە ئەنجامبدرێن. ئەگەر ئەنجامدەری ئەم کارانە PKK یان گرووپە چەپەکانی دیکەی تورکیا وەکو: DEV-SOLیاخودDHKPC یاخودTIKO بن کە گرووپی مارکسیستی دژی رژێمی تورکیان و چالاکی سەربازییان هەیە، ئەوا هەر شتێکی تازەیە، چونکە ئەمانیش تاوەکو ئێستا بەمجۆرە چالاکیان دژی خەڵکی سیڤیل زۆر کەم ئەنجامداوەو بەزۆری شەڕیان دژی هێزە چەکدارەکانی تورکیا بووە. هەر کێیەک بێت ئەنجامدەری ئەم کارانە تا رادەیەکی زۆر لە شێوەی تەقینەوەکانی ئێراق و ئەفغانستان دەچن.

دوای ئەوەی گرتنی گرووپی تیرۆرو مافیای ئەرگەنەکۆن کەوتە رۆژەڤی تورکیاوە، زۆر لایەن لە کۆمەڵگەی تورکیا سەرنجیان بۆ ئەم جۆرە گرووپانە دەچێت و تەنانەت هەندێک لە کاربەدەستانی دەوڵەتیش وای بۆ دەچن کە ئەگەر "گرووپە تیرۆریستییەکانیش ئەم کارە ئەنجامبدەن ئەگەری زۆر هەیە کە لە ناو خودی دەوڵەت پاڵپشت و هاندەرانی ئەم کارە هەبن و ئەمان رێکخەرو مێشکی ئەم کارەبن". ئەم رەوشە بۆ تورکیا بێگومان رەوشێکی خۆش نییەو بە تایبەتی بۆ خەڵکی بێگوناح کە هەر ئەوانن دەبنە قوربانی. بەڵام ئەو تورکیایەی کە وەکو زۆر لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست زیاتر لە سی ساڵە بەردەوام گۆڕەپانی شەڕو ململانێیە، هیچ گومانی تێدانییە دەوڵەتی تورکیا بە ئەندازەی ئەنجامدەرانی ئەم کارانە لەو تەقینەوانە بەرپرسە، بگرە بەرپرسی یەکەمیشە .چونکە ناسەقامگیری و ململانێی نێوخۆیی بە پلەی یەکەم لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەسەڵاتێکی دیموکراسیانە لەم وڵاتانەدا. نەبوونی دادپەوەری هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی ئەم کێشانەیە و دەسەڵات نابێتە چارەسەر بۆ هیچ گرفتێکی خەڵک، تورکیاش نموونەیەکی هەرە بەرچاوی ئەم راستییەیە.

بێگومان هێشتان خەڵکێکی زۆر وا تێدەگەن تەنیا کورد لە تورکیا، دژی دەوڵەت و دەسەڵاتی تورکیان، لەکاتێکدا بەدرێژایی ساڵانی شەست و حەفتاکان و تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردووش چەپەکانی تورکیا زۆر بە توندی دژی دەوڵەت شەڕیان دەکرد، بەشێکی زۆری خەڵکی کوردیش لەناو ئەم بزاڤەدابوو. دوای گۆڕانی هاکێشە و بەرەکانی جیهان لە ساڵانی نەوەتەکاندا و گەشەکردنی سەربەخۆیی بزاڤی کورد لەلایەکی دیکە ناوەندی شەڕ گوێزرایەوە کوردستان، بەبیانووی ئەم شەڕەشەوە بەشێکی زۆری باکووری کوردستان خاپوور کراو، بزاڤە کۆمۆنیستییە تورکییەکانیش سەرکوتکران.

بەوشێوەیە هەرلە ساڵانی شەستەکانەوە تا ئەمڕۆ "شەڕی تیرۆر" بووەتە بەهانە و عەلاگە (شەماعە)یەکی زۆر باش کە هەموو دەسەڵاتدارانی تورکیا شکستە سیاسییەکانی خۆیانی پێ پەردەپۆش بکەن و پێوە هەڵواسن، هەرچی شکستە بەم بەهانەیە بیشارنەوە. پارتی دادو گەشە پێدانیش AKP دوا نموونەیە. AKP پێش هاتنی بۆ سەر دەسەڵات،بەڵێنێکی زۆری بە دەرەوەو ناوخۆی تورکیا دا، خەڵکێکی زۆر لە کوردستانیش ئومێدیان پێ پەیداکرد، بەڵام ئەم پارتەش وەکو ئەوانیتر دوای هاتنە سەرکار، خۆی لەچارەسەری کێشەکان شاردەوە، بە تایبەتی نەیتوانی هیچ هەنگاوێکی جیدی لەواری دیموکراسیدا بهاوێژێت، ئیتر تیرۆری کردە قەڵغان بۆ خۆ پاراستن. لە کاتێکدا کە سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان بەس نەبوو بۆ تێکشکاندنی رکابەرەکانی خۆی لە ناوخودی تورکیاش ئەرگەنەکۆن کراوە بە چەکێکی باش بۆ لێدان و تێکشکاندنی لا یەنە دژەکان.

ئەزموونی مرۆڤایەتی سەلماندوویەتی کە کاری نامرۆڤانە بە فرت و فێڵ و کاری هاوشێوە چارەسەر ناکرێن. چارەسەری تیرۆر گەشەپێدانی دیموکراسی و بەرجەستەکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتییە. ئەگەر سی ساڵ "شەڕی تیرۆر" چارەی هیچ کێشەیەکی نەکردووەو هێشتان تازە بە تازە تورکیا رووبەڕووی شەڕێکی تازەی تیرۆر دەبێتەوە، دەبێ دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە بزانن کە سیاسەتی ئەوان هیچ کێشەیەک چارەسەر ناکات و ئەگەر خەڵکانێک بە رێگای تیرۆر دەخوازن هەندێک بەرژەوەندی بەدەست بێنن، AKP ەو هاوشێوەکانی بە هەمان شێوە لەسەر حیسابی شەڕی تیرۆریزم خۆیان دەژیێنن. هەردووکیان تیرۆرو دەسەڵاتی نادیموکراسی دوو دیوی یەک دراون و بۆ مانەوەی یەکتری پێویستن.

# تراکتۆرێن کوردستانێ ل شامێ



**جانکورد- ئەڵمانیا**

ژ بەر کو ئیران دۆستێ سووریێ یە، جیێ وێ د پێشانگا شامێ یا ئیسال دە، وەکی سالێن بەرێ، پر گرنگ و مەزن و بەربچاڤە. لێ تشتێ تەڤ بالکێش د ناڤ پێشانگا شامێ دە، نە مەزناهی و فرەهکرنا وێ یە، نە ژی پڕبوونا مێڤان و سەرلێدەرێن وێ یە، بەلکو یەک نڤیسەکە، پەڤەکەک ژ سێ شۆرانە، نە کێم، نە بێتر. د وێ پەڤەکێ دە ژی یەک پەیڤ بالا خەلکێ دکشینە، دلێ نەیارێن گەلێ کورد دهەڕفینە و دلێ سەرلێدەر و دیدارێن کورد شادکە. ئەو ژی پەیڤا: "کوردستان"ە.

ل سەر بەشەکێ ژ بەشێن ئیرانێ د پێشانگێ دە ب خێزەک مەزن و دیارکری هاتییە نڤیساندن: کوردستان تراکتۆر مانیفاکتۆرینگ کۆ. ب واتەیا کارگەها تراکتۆرێن کوردستانێ. ل پاش تراکتۆرەک چەلەنگ، ل سەر ساندقەکێ ب فارسی هاتیە نڤیسین: شیرکەتی تراکتۆرسازی کوردستان. هەما ب عەرەبی سەختەکاریەک د وێ پەڤەکێ دە هاتیە کرن، ل جیێ ناڤێ "کوردستان" ناڤێ باژێرێ ورمێ هاتیە نڤیساندن، و ولۆ ناڤێ هەڤپاردارێ "شیرکەتێ" ولۆ بوویە: ئۆرومیە بۆ چێکرنا تراکتۆرا. ئەڤە ژی ولۆ ب فێلبازی هاتیە، دا سەرلێدەرێن عەرەب ناڤێ "کوردستان" نەبینن. گەلۆ ما پڕانیا جوانێن عەرەب ب ئینگلیزی ئان فرەنسی نزانن؟

نە دوورە، کو هنەک تورک ژی دەرباس دبن ناڤ وێ خانێ، دا ژ خوە رە ل تشت و بەرهەم و پەرتالێن ئیرانی بنێڕن، ئەوانا ژی تەڤ ب تیپێن لاتینی دخوینن، و هەیواخ! د ئۆرتا شامێ دە، پاش کو دۆستانیا تورکیە و سووریە گها قۆناغەک باش و بلند، ناڤێ "کوردستان"ێ ل سەر دەرگاهێ پێشانگەکێ؟ ئەڤ چ رەوشە؟ دیارە رۆژا جڤانێ "مەحشەرێ" نێزە، ژ بەر کو تورک دزانن، کۆ گاڤا دەولەتا کوردی چێببە، ئەو رۆژ داویا جیهانێ ژی تێ، و تورکەک هینگێ ل سەر روویێ زەڤینا خوەدێ نامینە، لەو رە ئەوانا دژی ناڤێ کوردستانێ نە، ما نە وان ب خوە د دەما دەولەتا ئۆسمانی دە ناڤێ کوردستانێ ب کار دهانین؟

دڤێ کورد هنەک خۆرتێن خوە بشینن، هەر رۆژ ل بەر دەرگەهێ وێ پێشانگا تراکتۆران راوەستن، و هەر جار تورکەک ژ وێ ڤە هات، بۆ وی بلا ببێژن:"خالۆ، مامۆ، ژ جامێریا خوە بۆ من ڤێ نڤیسێ بخوینە، ئەز ب لاتینی نزانم".

# کەرکوک بە تەوافوقێکی دیکە دەدۆڕێ



**هێمن میرانی***
merany82@gmail.com

پرەنسیپی تەوافوق لە عێراقدا خەریکە بە سەر هەموو شتێکدا دەچەسپێندرێ، لە هەندێ باردا دەربارەی پرسێک تەوافوق دەهێنرێتە پێش کە بە هیچ جۆرێک تەوافوق هەڵناگرێ. وەکو ئەوەی ئێستا سەرکردە عێراقییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک باسی لێوە دەکەن و بە داخەوە سەرکردەکانی کوردیش، بۆنموونە لەم رۆژانەدا د.بەرهەم ساڵح لە لێدوانێکدا باسی لەوە کرد کە کەرکوک بە دەستور و تەوافوق چارەسەر دەکرێ، پێشنیاری چارەسەری تەوافوقیانەی کەرکووک بە بێ روونکردنەوە و شیکردنەوەی جۆری ئەو تەوافوقە دەخەنەڕوو.

هەر پرسێک دەستوور رێوشوێنی چارەسەرکردنی بۆ دانابێ و نەخشەی رێگای بۆ روونکردبێتەوە نابێ تەوافوقی لەسەر بکرێ، مەگەر تەنیا لەسەر رێوشوێنە تەکنیکییەکانی، چونکە قسە کردن لەسەر هەر جۆرە چارەسەرێکی تەوافوقی لە دەرەوەی ئەو نەخشەیەی دەستوور دەست نیشانی کردووە پێچەوانەی دەستوورە کە باڵاترین قانونی وڵاتە. گەڕان بە دوای چارەسەر لە دەرەوەی دەستوور مانای باوەڕ نەبوون و پەشیمان بوونەوەیە لە دەستوور. ئەمە تایبەتمەندییەکی سیستمە تۆتالیتارەکانە کە دەستوورێکی بریقەداریان هەیە و لە واقیع و پراکتیکدا بە جۆرێکی پێچەوانە هەڵسوکەوت دەکەن.

پەنا بردنە بەر تەوافوق لەهەر پرسێک مانای دەست هەڵگرتنی هەردوو لایەن یان زیاتری تەوافوقکارە لە بەشێک لە داخوازییەکانیان، لە پرسی کەرکوکدا روون نییە تەوافوقەکە لەسەر چییە؟ چونکە بەر لە دانانی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق، کورد لە گەڵ هێزە عێراقییەکان بە تەوافوق گەیشتە دانانی بەندی 58 لە نێو یاساکە و لە دەستووری هەمیشەییش دیسان بە تەوافوق ناوەڕۆک و ئەرکی جێبەجێکردنی مادەی 58 گواسترایەوە بۆ ناو دەستوور و مادەی 140ی لێ دروستکرا. لە کۆی ئەم پرۆسانە کورد تەوافوقی کرد و دەستی لە بەشێک لە داواکانی هەڵگرت، بۆ نموونە پرسی ئەو ناوچانەی سەدان هەزار دەکۆمێنتیان لەسەرە کە تەعریبکراون و خەڵکە رەسەنەکەی راگوێزراون و هاوردەی بە مەبەستی شێواندنی دیموگرافیا تێدا نیشتەجێکراون، سەرکردایەتی کورد رازیبوو بەوەی ئەم ناوچانە بە رێگەی یاسایی راست بکرێنەوە و چارەسەری قانونیان بۆ بدۆزرێتەوە، پەنای نەبردە بەر چارەسەری یەکلایەنە، گوێی لە عێراقییەکانی دیکەش گرت. لە دوای ئەوەی حکومەتی عێراقی کەمتەرخەمی نواند لە جێبەجێکردنی مادەکە لە وادەی خۆی، دیسان کورد بە تەوافوق ماوەکەی درێژکردەوە و هەر بە هەمان رێگەچارەش رازیبوو کە ستیڤان دیمستۆرای نوێنەری ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەی تەکنیکی بێتە ناو پرۆسەکە. ئەمانە هەمووی نەرمی نواندنی کورد و ملکەچکردنی بوون بۆ پرەنسیپی تەوافوق.

لێ ئێستا کە دیسان باس لەوە دەکرێ کەرکوک بە تەوافوق چارەسەر دەکرێ ( لێدوانی تاریق هاشمی، نوری مالیکی، عەمار حەکیم، ساڵح موتڵەگ و چەندین بەرپرسی دیکە)، بە دیدی بەندە ئەم چارەسەرە مانای ئەوەیە با لە دەرەوەی مادەی 140 کە بە لێکدانەوەی شۆڤینی و کۆنە بەعسییەکان مادەیەکی مردووە، بە دوای چارەسەرێکی دیکەی تەوافوقی بگەڕێین. چارەسەرەکەشیان هەر مادەی 24ە کە لە قانونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە 22ی تەمموز هەرای نایەوە. چونکە بە گوێرەی ئەو مادەیە دەسەڵاتەکان لە کەرکووک لە نێوان کورد و عەرەب و تورکمان بە رێژەی 32% و رێژەی 4% یش بۆ کلد و ئاشوور دابەشدەکرێن و هێزی نیشتیمانی عێراقی دێتە ناوچەکە.

ئەمڕۆ بەبێ ئەوەی کێشەی قانونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان تەواو بوو بێ و یەکلا کرابێتەوە، حکومەتی عێراقی بە ئۆتۆماتیکی دەیەوێ مادەی 24 بچەسپێنێ و کورد ناچار بکات بە تەوافوقێکی دیکە رازیبێ، تەنگ هەڵچنین بە هێزە کوردییەکان لە پارێزگای دیالە رووداوێکە ئەگەری پەرەسەندنی هەیە بۆ کەرکووک و موسڵ و مەخمور و گوێڕ و گێڕانەوەی کورد بۆ هێڵی 36 و ناوچەکانی بەر لە 9/4/2003. سەرکردایەتی کورد نابێ لەم حاڵەتەدا چیدی شەرمنانە رەفتار بکات، چونکە هەر جۆرە تەوافوقێکی دیکە مانای دەرچوون لە دەستوور و دۆڕاندنی کەرکوک و ناوچەکانی دیکەیە لەسەر مێزی تەوافوق.

* ماستەر لە زانستی سیاسەت

# شازی چاو له چەمچەماڵە

**ڕووداو-چەمچەماڵ**



له شارۆچکەی چەمچەماڵ بەهۆی پیاوێکی چاوپیس هەندێ کەس ناتوانن خانووەکانیان بفرۆشن.

لەیەکێک لەناحیەکانی سەر بەقەزای چەمچەماڵ، پیاوێک هەیە، چاوپیسییەکەی بە نێوبانگە، بەجۆرێک ئەگەر ناوی بێنین هەموو خەڵکی سنوری ئەو ناحیەیە دەزانن کێیە، چونکە وەکو دەگێڕنەوە جارێک بەمانگایەکی گوتووە "بەخوا جوان و قەڵەوە"، مانگاکە یەکسەر ورگی تەقیوە. زۆر نمونەی دیکەشی لێدەگێڕنەوە.

ئێستا زۆربەی دراوسێکانی ئەو پیاوە لەتاو چاووزار دەیانەوێت خانووەکانیان بفرۆشن، بەڵام بەهۆی ئەو کابرایەوە کەس لێیان ناکڕێت. یەکێک لەدراوسێکانی ئەو پیاوە دەڵێ "من خانووەکەم بایی دوو دەفتەر دۆلارە، بەڵام بەهۆی چاوپیسی ئەو دراوسێیەمانەوە کەس لێم ناکڕێت یان کە کڕیار دێتەسەری 50 وەرەقە کەمتری پێدەدەن".

# ئەژدەر بەپارە قسە دەکات

**تایبەت بەڕووداو**

هونەرمەند ئەژدەر وەهبی لەلێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کەکاری هونەری تازەی بریتییە لە 15 گۆرانی، بەڵام وەک خۆی دەڵێت هەموو گۆرانیەکانی لە ئەلبوومە نوێیەکەیدا بڵاو ناکاتەوە.



ئەژدەرلەدرێژەی لێدوانەکەیداڕاشیگەیاند "لەبەر ئەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن پارە لە دیداری هونەرمەندان قازانج دەکەن، بڕیارێکی تازەم داوە بەنیازم لە داهاتوودا چاوپێکەوتنەکان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەپارە بکەم، هیوادارم هونەرمەندانی دیکەش چاو لەمن بکەن".

# تراکتۆری کوردستان بەنهێنی لە دیمەشقە

**ڕووداو – ئەڵمانیا**



ئێران لەچوارچێوەی بەشداریکردنی لە پێشانگەی نێودەوڵەتی دیمەشق، شوێنێکی لەبەشەکەی خۆی تەرخانکردووە بۆ کارگەی تراکتۆری کوردستان، بە فارسی لەسەری نووسراوە "شرکت تراکتورسازی کردستان"،بەڵام بۆشاردنەوەی ناوی کوردستان بەعەرەبی ناوی (ورمێ) لەجیاتی کوردستان دانراوە.

بەڵام بەزمانی فارسی و فەرەنسی و ئینگلیزی ناوی کوردستان نووسراوە.


Rûdaw

Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز** : کۆمپانیای ڕووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن** : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@yahoo.com

**سەرنووسەر** : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

**نوێنەری ئەورووپا** : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**نووسینگەی سلێمانی** : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07701536483

www.rudaw.net rudaw@rudaw.net Tel: 00964 066 2558279 ناونیشان: هەولێر-بەرامبەر نیوستی هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای ڕووداو دەریدەکات


# ئۆتۆمبێلەکانی سلێمانی زراوی پەرلەمانیان بردووە

**ڕووداو-سلێمانی**

سەرۆکی لیژنەی تەندروستی پەرلەمانی کوردستان، پەسنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی لەسلێمانی کرد بەبەراورد لەگەڵ پێش ساڵانی1991،بەڵام لەهەمانکاتیشدا دەڵێ ئەمساڵ سکچوون و ڕشانەوە سێ ئەوەندەی ساڵی ڕابردوو زیادی کردووە. لەهەمانکاتدا ترسی خۆشیانی لە خراپی ڕێگەوبانەکانی سلێمانی ئاشکراکرد و گوتی :قوربانیانی هیچ نەخۆشییەک ناگەنە ژمارەی قوربانیانی خراپی ڕێگە و بان.

دکتۆر فوئاد بابان، سەرۆکی لیژنەی تەندروستیی پەرلەمانی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی بەهۆی ئەوەی ئەنجامدانی چارەسەری قەستەرەی دڵیش لە هەولێر و سلێمانی دەکرێ، بەهۆیەوە تەنیا لە سلێمانی 4000هاووڵاتی لەچوون بۆ ئەورووپا ڕزگاریان بوو و لە سلێمانی کردیان.

بەڵام لە هەمانکاتدا دەڵێ تووشبووانی سکچوون و ڕشانەوە لە سلێمانی ئەمساڵ بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو سێ بەرامبەر زیادبووەو گرانەتاش دوو ئەوەندە. هۆکارەکەشی گەڕاندەوە بۆ پیسی ئاو و خۆراک و نەبوونی هوشیاری تەندروستی لەلای هاووڵاتیان.



بەڵاملەهەمانکاتدا،سەرۆکی لیژنەیپەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بە مەترسیدارتربوونی خراپی ڕێگەو بانەکانی سلێمانی کرد و گوتی "ئەگەر تۆ تەماشای ئاماری قوربانییانی خراپی ڕێگەوبان بکەی دەبینی قوربانییەکانی هیچ نەخۆشییەک ناگەنە ئەو ڕادەیە".

پەرلەمانی کوردستان، لە ساڵی ڕابردوو یاسای قەدەخەکردنی جگەرەکێشانی دەرکرد و ئەمساڵ لە 2008/5/31 خرایە کار، کە جگەرە کێشان نەک هەر لە شوێنە حکومی و گشتییەکاندا قەدەخەکرد، بەڵکو لە نێو ئۆتۆمبێلی تایبەتیشدا قەدەخەکرا، بەڵام دەگوترێ هەندێ ئەندام پەرلەمان گوێی نادەنێ و هەر قومی لێدەدەن. سەرۆکی لیژنەی تەندروستی لەوبارەوە دەڵێ "ئەندامانی پەرلەمانیش بەشەرن و لەئاسمانەوە دانەبەزیون".

**هەڤپەیڤینەکە لەلاپەڕەی تەندروستی دا بخوێنەوە**

# قەچاخی ژن غایبدان

**ڕووداو-ئەڵمانیا**

ڕۆژا 2008/8/24 ل شارێ ڤوپەرتال ل ئەڵمانیا، قادر قەچاخ ئەندامێ کۆمیتا ناڤەندی و ڕێڤەبەرێ پەیمانگەها پێگەیاندنا کادیران یا پارتی، د سەمینارا خوەدا ژن غایبدان.

دڤێ سەمینارێدا کو قەچاخی بەحسێ ڕەوشا سیاسی کر و ڕەخنە ل هندەک نەریتێن کوردەواری و عەشیرەتگەریێ و ئیسلاما سیاسی گرتن، ل 100 ئامەدەبوویان ژبلی خێزانا وی هیچ ژنەک ئامادەنەبوو، ژبەرهندێ د سەمینارا خوەدا بکورتی ڕەخنە ل نە ئامادەبوونا ژنان گرت، پشتی تەمامبوونا سەمینارێ ژی، گۆتە برادەرێن خوە ژن ل کوردستانێ زۆر ئامادەی سەمینارا دبن، گۆتە بەرپرسێن ناوچا دویسلدۆرفا پارتی گەرەکە پێش هەموان هون ژنێن خۆ بینە سەمینارا و ئەڤ نەریتا ئامادەنەبوونا ژنان بشکێنن.

# ڕۆژوگرتن بەلەزگەوە خۆشە

**ڕووداو– العربیەنت**

دەستەی کاروباری ئایینی تورکیا بەکارهێنانی لەزگەیەکی حەلال کرد، کە لەجەستەی مرۆڤ دەدرێت و دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێگربێت لەوەی برسی وتینوو ببێت، ئەزهەریش لێیدەکۆڵێتەوە.

دوای ئەو فتوایەی دەزگای کاروباری ئایینی تورکیا، زۆر ڕۆژووگر بڕیاریاندا ئەو لەزگەیە بەکاربێنن، چونکە بەهۆیەوە ڕۆژوو گر هیچ دڵی ناچێتە خواردن و خواردنەوە. محەممەد باریس، موفتی ئەدەنەو ئەندامی دەستەکە دەڵێت" ڕۆژوو لەشولار دەپارێزێ بەهۆی ڕێکخستنی سیستەمی خواردنەوە، ئەم لەزگەیەش هەمان کاردەکات، چونکە مرۆڤی بەرۆژوو بەهۆیەوە هەست بەبرسێتی ناکات، بۆیەش نە حەرامە و نە مەکروهیشە". تورکەکان ئەو فتوایەیان بۆ زانکۆی ئەزهەری ئیسلامی میسر ناردووە. سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای فیقهی ئەزهەر لەقاهیرە بەکارهێنانی ئەو لەزگەیەی حەرامکرد"چونکە ئەو لەزگەیە گەورەترین تایبەتمەندی ڕۆژوو کە هەستکردنە بە برسێتی هەژاران لە دەستدەدات".بەڵام محەممەد ڕئفەت، ئەندامی کۆڕی توێژینەوەی ئیسلامی میسری دەڵێ"نابێ یەکسەر ئەو فتوایە ڕەتبکرێتەوە، بەڵکو دەبێ لێیبکۆڵینەوەو ڕایەکی نێوکۆیی (جماعی) لەسەر بدەین".

## هەڵیبێنە، کوێ یە؟
# تەندەر لە هەولێر و پارە لە سلێمانی

**تایبەت بە ڕووداو**

بەهۆی یەکنەگرتنەوەی وەزارەتی دارایی تاوەکو ئێستا بودجەی پەرەپێدانی قەزای کۆیە لەسەر پارێزگای سلێمانییە، بەڵام ئەمساڵ تەندەرەکانی گواستووەتەوە پارێزگای هەولێر.

کوردە عومەر، قایمقامی کۆیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" لەڕووی داراییەوە ئێمە تاوەکو ئێستا سەربە سلێمانین، بەڵام کارە ئیدارییەکانمان سەربە هەولێرە".

قایمقامی کۆیە ئەوەشی خستەڕوو کە بۆ ئەمساڵ لەبودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان و لەبودجەی پارێزگای سلێمانی 16 ملیار دیناریان بۆ دیاریکراوە "ئەو پارەیەشمان لەسلێمانییەوە هێناوەتە هەولێر بۆئەوەی لەوێ بۆمان بکەنە تەندەر بۆ پڕۆژەکان، ئەوانیش خێرا پڕۆژەکانیان بۆ کردینە تەندەر".

# ژنەکەی بە وەفاترە



**ڕووداو-هەولێر**

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ژنی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، کە ماڵیان لە هەولێرە زۆر گلەیی لە مێردەکەی دەکات لەسەر بێ نمەکییەکەی بەرامبەر کورد.

ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند دوای ئەوەی مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بە تێپەڕاندنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە 2008/7/22 دژ بە خواستی کورد، دڵی هەموو کوردی لە خۆی ڕەنجاند، ژنەکەی گلەیی لە مێردەکەی کردووە کە زۆر بێ نمەکی کردووە بەرامبەر کورد،دوای ئەوەی بەهۆی جەڵتەی دڵەوە براوەتە ئوردن، گوتوویەتی دوعای چاکبوونەوەی بۆ ناکەم، چونکە هیچ وەفای نەنواند بەرامبەر ئەو سێ ساڵەی ژیانی ئێمە بەو پەڕی خۆشی لە هەولێر کە حکومەتی کورد و خەڵکی هەولێر ئەوپەڕی ڕێزی لێگرتووین.

# هەر بتبێ دەرت دەکەن

**زیاد ئیسماعیل**

**ڕووداو-هەولێر**

بەپێی پەیڕەوی نێوخۆی کۆمەڵەی ئاوات بۆ چاودێری و چارەسەری نەخۆشییەکانی منداڵ نەبوون، هەر ئەندامێکی کۆمەڵەکە منداڵی ببێت، مافی ئەندامێتی لەکۆمەڵەکە لێوەردەگیرێتەوە و ئێستاش داوا لەحکومەت دەکەن هاوکارییان بکات، بۆ ئەوەی ئەندامانی کۆمەڵەکە کەم ببنەوە.

بەپێی نووسراوی ژمارە 142 ی کۆمەڵەی ئاوات بۆ چاودێری و چارەسەری نەخۆشییەکانی منداڵ نەبوون، کە لە2008/5/27 دەرچووەو ئاراستەی نووسینگەی تەندروستی سەرۆکی حکومەتی کوردستان کراوە، کۆمەڵەی ناوبراو داوا دەکات حکومەت بەشێک لەخەرجی نەشتەرگەری بلورە منداڵ لەئەستۆ بگرێت، کە ڕێگایەکە بۆ چارەسەری منداڵ نەبوون. بۆیەش داوا لە سەرۆکی حکومەت دەکەن بڕیاربدات بەخەرجکردنی بەشێک لە خەرجی ئەو نەشتەرگەرییە بۆ نەزۆکەکان.

کۆمەڵەی ئاوات ماوەی 8 ساڵە دامەزراوەو نزیکەی 7 هەزار ئەندامی هەیە، تاوەکو ئێستا 55 کەس دوای ئەوەی بەئاواتی خۆیان گەیشتوون و منداڵیان بووە و لەکۆمەڵەکە نەماون، یەکەم کەسیش کە مافی ئەندامێتی لێوەرگیرایەوە، مقیداد عەلی سەرۆکی کۆمەڵەکە بوو.

# "کۆلای کوردی بێ ئەخلاقە"

**ڕووداو– ئاکشام**

پەیمانگەی تۆمارکردنی ناوە بازرگانییەکان لە تورکیا، ڕازی نەبوو مۆڵەت بداتە (کۆلا کوردا) بەپاساوی ئەوەی "ئەو ناوە پێچەوانەی سیستەم و ئەخلاقی گشتییە".




پەیمانگەی تۆمارکردنی ناوە بازرگانییەکان لەتورکیا TPE ڕازی نەبوو مۆڵەت بداتە کۆلا کوردی کە بەرهەمی کۆمپانیایەکی کوردی بنکە لە ئەڵمانیایە. هۆکاری ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە "ناوی کۆلاکە پێچەوانەی سیستەم و ئەخلاقی گشتییە". هەروەها لە بڕیاری قەدەخەکردنەکەدا هاتووە ئەو ڕەنگانەی لەسەر قوتووی ساردەمەنییەکە دانراون، هەمان ئەو ڕەنگانەن کە PKK بەکاریان دێنێ، واتە ڕەنگی زەردو سوورو سەوز.

دوای ساڵی 2003 و 2004 ئەوە سێیەمین جارە داوای مۆڵەتکردن بۆ کۆلا کوردا لە تورکیا دەکرێ، هەرسێ جاریش بەپاساوی سیاسی نەک بازرگانی تورکیا مۆڵەتپێدانی ڕەتکردووەتەوە.

# وەزارەت بەدوای قوتابییەک کەوتووە

**فەیسەڵ شێخانی**

**ڕووداو- هەولێر**

سەرچاوەیەکی نزیک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند مۆسیقاژەنێک کە لە بەشی مۆسیقایە لەکۆلیژی هونەرە جوانەکان لەلایەن پۆلیسەوە 9 ڕۆژ دەستگیرکرا، ئەو مۆسیقاژەنە کە چەند ڕۆژێکە ئازاد کراوە دەڵێ "بڕوانامەکەم ساختە نییە".

(م. ر) دوای ئەوەی لە بەشی مۆسیقای کۆلیژی هونەرە جوانەکان بەتۆمەتی ئەوەی بڕوانامەکەی ساختەیە دەستگیر کراو دوای 9 ڕۆژ مانەوە لە گرتووخانە ئازادکرا. (م. ر) دوای پشتڕاستکردنەوەی گیرانەکەی، نکوڵی لەوەکرد کە بڕوانامەکەی ساختە بێت و دەڵێ "من غەدرم لێکراوە، ئەو بڕوانامەیە لەبەغدا هەڵەی تێداکراوە و منیش بەدوای ڕاستکردنەوەی بڕوانامەکەمەوە دەبم، چونکە بڕوانامەکەم ساختە نییە".

سەرچاوەیەکیش لەلیژنەی بەدواداچوون کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتی"ئەوە دووەم جارە ئەو کەسە ڕەوانەی لای ئێمە بکرێ، جاری یەکەم ئاگادارمان کردووەتەوە کە بڕوانامەکەی ساختەیە، بەڵام جاری دووەم بڕوانامەیەکی دیکەی ساختەی بۆ هێناین". گوتیشی "بڕوانامەکەی ساختەیەو نکوڵیش دەکات، جەنابی وەزیری پەروەردەش پێی ڕاگەیاندین کە دەبێ ڕەوانەی دادگا بکرێت لەوێ بڕیاری لەسەر بدرێت".


